کورد نەیتوانیوە پرسی ئەنفال بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بناسێنێت 12

سیاسەت

نەبوونی هۆشیاری سێکسی (هۆکاری جیابوونەوەی ٨٠٪ی هاوسەرانە) 22

کۆمەڵایەتی

ژنانی هەرێم دەخەینە کارەوە 30

کار

(جۆستن هینان) مانگاوایی لە پاڵەوانیەتی ئیندیانا ویڵز کرد 35

وەرزش



نەشتەرگەری جوانکاری لووت و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی 44

تەندروستی

شکسپیر لە خۆشەویستیدا 62

کەلتوور

ناونیشان: هەولێر - شاری خەونەکان

warvin.press@yahoo.com

خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر: لەنجە عەبدوڵڵا Lanjaebdulla@yahoo.com

سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی: عەبدولڕەحمان عەلی ebdulrehmaneli@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر: تەنیا کوردی tanya_kurdy@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین: بەهرە حەمەڕەش behre2009@yahoo.com

ڕاوێژکاری یاسایی: فەوزیە فەقێ ڕەشید

ڕاوێژکاری دەروونی: د. توانا عەبدولڕەحمان

ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی: م. هەتاو کەریم

فایلەکان

تەندروستی: شیلان یاسین shelan_yasen@yahoo.com

کۆمەڵایەتی: ئاڤان فارس جاف avanfarsjaf@yahoo.com

وەرزش: ئەرسەلان عەبدوڵڵا arsalansport@gmail.com

نووسینگەکان

کەرکووک: سەماح سەمەد

دهۆک: هەڵز عەلی

ئامەد: دیلار سەولەدار

قامیشلۆ: لاڤە خالید

بەڕێوەبەری کارگێڕی

ڕێباز عەبدوڵڵا

07504624506

بۆ ریکلام پەیوەندی بەم ژمارە بکەن:

mob:07504624506

Normal: 0662647813

Designed by - Wshyar Muhammad mustafa

Mob: 0750 -794-38-38 Email: m.wshyar@yahoo.com

فوتو: رمفيق شوكرى

www.netewe.com

لەماوەی ٢ ساڵی داهاتوودا گەورەترین گوشار دەخرێتەسەر بەغدا

ئاڵا تاڵەبانی:
هەڵبژاردنی ئەمجارەی کەرکووك ریفراندۆمە

ئاڵا تاڵەبانی

وارشین – کەرکووک: ئەندامێکی پەرلەمانی بەغدا، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ وارشین ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە لەلایەن لیستی عێراقییەوە سەبارەت بە چارەنووسی کورسییەکانی کەرکووک راگەیاندراون. هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە لەکۆی دەنگەکانی پارێزگای کەرکووک لیستی هاوپەیمانی کوردستان، زۆرترین دەنگی هێناوە. پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ پەرلەمانی عێراق ئاڵا تاڵەبانی، لەلێدوانێکدا بۆ وارشین سەرسوڕمانی خۆی لەبارەی ئەو دەنگۆ و هەواڵانە دەخاتەڕوو و دەڵێت ((نازانم ئەوان لەسەر چ بنەمایەک ئەو قسانە دەکەن چونکە هێشتا نزیکەی ٥٠٪ی دەنگەکان ماوە کە جیابکرێتەوە)). بەپێی پێشبینی ئاڵا، پێدەچێت کورد لەدەنگە ژمێردراوەکاندا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێنابێت. پارێزگای کەرکووک، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغدا ١٢ کورسی بۆ تەرخانکراوەو بەو پێیەش ژمارەی دانیشتووانی بەملێۆنێک و ٢٠٠ هەزار کەس خەملێندراوە. دوای ئەوەی وەک پارێزگاکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنی گشتی لەو پارێزگایەدا ئەنجامدرا، بەپێی هەندێ زانیاری میدیا بیانی و عەرەبییەکان لیستی ئەلعێراقییە زۆرینەی دەنگەکانی کەرکووکی بەدەستهێناوە. بەپێی زانیاری میدیاکان، لەکۆی ٦١٪ی ئەودەنگانەی کە تائێستا جیاکراونەتەوە، لیستی ئەلعێراقییە توانیویەتی نزیکەی ١٣٢ هەزار دەنگ بەدەستبهێنێت و لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش نزیکەی ١٢٠ هەزار دەنگی بەدەستهێناوە.

ئاڵا تاڵەبانی، زانیاری ئەوەدەدات کە رێژەی بەدەستهێنانی کورسی لەو پارێزگایەدا ٤٤ هەزار دەنگەو بەو پێیە ٥ کاندیدی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەو رێژەیەزیاتر دەنگیان هێناوە کە ئاڵا تاڵەبانی، خالید شوانی، د.نەجمەددین کەریم و مەلا سیروان و کاندیدێکی ترن. وەک ئاماژەیدا کە لیستی عێراقییە لەناوچەکانی حەویجەو عەباسیەو ناوچە عەرەبنشینەکان ساختەکاری زۆریان کردووە، لەکاتێکدا بنکەی دەنگدانێک ئەگەر پێویستی بە ٤٠٠ دەنگ بووبێت، ئەوا ٧٠٠ کاغەزی دەنگدانی تێخراوە. ئاڵا، ئەوەش ئاشکرا کرد کە لەو ناوچانەدا چاودێرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەرکراون. ئاڵا، لەبارەی ئەوەی کە لیستی هاوپەیمانی کوردستان چۆن کار بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەکات، گوتی: ((ئێمە بەجیدی کار بۆ ئەو پرسە دەکەین و ئەم هەڵبژاردنەش پێوەرێکی گرنگە بۆ گەڕانەوەی کەرکووک بۆسەر هەرێمی کوردستان، چونکە وەک ریفراندۆم و سەرژمێری وایە)). هەروەها ئاشکرایشی کرد لیستەکەیان تا دوو ساڵی داهاتوو، گەورەترین گوشار دەخاتە سەر بەغدا تا چارەنووسی ئەو پارێزگایە یەکلابکرێتەوە.

دەنگی ژنێکی کورد فریای جینۆسایدی ئەرمەنییەکان کەوت

وارڤین – تایبەت: پەرلەمانی سوید پێشنیازنامەی قڕکردنی ئەرمەنی، ئاسووری، کەلدانی و پۆنتۆسە یۆنانییەکانی کە لەساڵی ١٩١٥ لەلایەن ئیمپراتۆری عوسمانییەوە ئەنجامدرابوو، بەفەرمی ناسی. پەرلەمانی سوید بە ١٣٠ دەنگی نەرێ لە بەرامبەر ١٣١ دەنگی ئەرێ و هاوکات لەگەڵ ناڕازیبوونی حکوومەتدا کوشتوبڕی ئەرمەنەکانی بە فەرمی ناسی. لەناساندنی قڕکردنەکەدا دەنگی پەرلەمانتاری کورد گۆلان ئاڤچی لە پارتی گەلی لیبەرال ئاشکرا بوو. پەرلەمانتار گۆلان ئاڤچی سەر بە (پارتی گەل) ە کە پارتێکی لیبەرالّەو لە حکوومەتدا بەشداراە. پێشنیازنامەی بەفەرمی ناسینی قڕکردنی ١٩١٥ی ئەرمەنەکان لەلایەن پارتە سۆشیال دیموکرات، چەپ و سەوزەکانەوە ئامادەکرابوو، بەڵام کۆمیسیۆنی کاری دەرەوەی پەرلەمانی سوید لە ٢ی ئادار، پێشنیاری ڕەتکردنەوەی ئەو پرسەی بە پەرلەمان کردبوو.

دوای ١٤ ڕۆژ لە دەزگیرانی خۆی کوشت



وارڤین – دهۆک:

بەڕێوەبەری نووسینگەی نەهێشتنی تووندوتیژی دژ بە ژنان لە دهۆک لەلێدوانێکی تایبەتەدا بە وارڤینی ڕاگەیاند کە لەشەوی ٩-٣-٢٠٠٩ کچێکی ٢١ ساڵان بەناوی (خەیاڵ عیسا ئەسعەد) لەکاتژمێر ١١ شەو لەژوورەکەیدا بە پەتێک خۆی بەئاسنی سەربانی ژوورەکەیدا هەڵواسیوەو لەو ڕێگایەوە کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە. ڕائید عیسمەت، گوتی:))ڕۆژی ٢٥-٢-٢٠١٠ خەیاڵ نیشانکرابوو و بڕیار بوو لەمانگی داهاتوودا زەماوەند بکات، بەڵام بە گۆڤەندەکەی نەگەیشت و کۆتایی بە ژیانی هێنا. ڕائید عیسمەت، هەروەها ڕوونیکردەوە کە دۆسیەکەی خەیاڵ هێشتا لەژێر لێکۆڵینەوەدایەو بەدروستی ئاشکرا نەبووە کە لەبەر ئەوەی بەزۆر بەشوویان داوە خۆی کوشتووە یان هۆکارێکی دیکەی خێزانی هەبووە.

هێڤا شێخ مەمی

ڕۆژی جیهانی ژنان خۆی سووتاند

وارڤین – شێخان: ژنێکی ٢٥ ساڵان بەناوی (ب.ن) بەهۆی ناکۆکی خێزانییەوە لەڕۆژی جیهانی ژناندا ئاگری لەجەستەی بەرداو بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی نەخۆشخانەی دهۆک نزیکەی ٧٥٪ی جەستەی سووتاوە. هاوسەری (ب.ن) بەناوی (ش.م.ا) بە وارڤینی ڕاگەیاند کە ژنەکەی خۆی نەسووتاندووە، بەڵکو لەکاتێکدا نەوتی کردووەتەوە ناو سۆپا سووتاوە. سەرچاوەیەکی نزیک لەبنەماڵەی (ش.م.ا) پێیڕاگەیاندین کە لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا ئەو دوو کەسە هاوسەرگیرییان کردووە بەردەوام لەگەڵ یەکتر ناکۆکییان هەبووە، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە مێردەکەی سووتاندبێتی، چونکە لەوکاتەدا بەتەنیا لەگەڵ مێردەکەی لەماڵەوە بووە. سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی سووتان و جوانکاری دهۆک بەوارڤینی ڕاگەیاند کە (ب.ن) دەست و پێ و پشتی سووتاوەو ئێستا لەژێر چاودێری وردی پزیشکاندایەو باری تەندروستی بەرەوباشی دەچێت.

سەرۆکایەتی پۆلیسی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ژنێک سپێردرا

وارڤین – واشنتۆن پۆست: بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنان، سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بان کی مۆن، ژنێکی وەک سەرۆکی پۆلیسی نەتەوەیەکگرتووەکان دەستنیشان کرد. ماری ئۆرلەر، ئافرەتێکی پۆلیسی بەئەزموونی سویدییەو لە ڕێوڕەسمی ناساندنی وەکو سەرۆکی نوێی پۆلیسی نەتەوەیەکگرتووەکان گوتی:)) هەوڵدەدەین لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پۆلیسی UNدا سوودی زیاتر لە ژن وەربگرین. ماری ئۆرلەر ساڵی ٢٠٠٨ بۆ یەکەمجار وەکو ڕاوێژکاری کاروباری پۆلیسی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەرکی پێ سپێردرا، پێشتریش چەندان ئەرکی فەرمی هەبووەو لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیشدا کاری کردووە. ژمارەی هێزەکانی پۆلیسی نەتەوەیەکگرتووەکان ئێستا ١٣ هەزار پۆلیسەو ژنانیش ڕێژەی لە سەدا ٦٠ی پێکدێنن.

رۆژهەڵاتی کوردستان: خۆکوشتنی ژنان پەرەی سەندووە

وارڤین – سنە: لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا دوو ژن و کچێک لە ناوچە جیاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆیان کوشتووە. بەپێی زانیارییەکانی وارڤین (مێهرانە شەریفی) کە ساڵێک لەمەوبەر لە شاری مەریوان هاوسەرگیری کردووە بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە خۆی هەڵواسیوەو کۆتایی بە ژیانی هێناوە. لەلایەکی دیکەوە لەشاری سنە کچێک بەناوی (ویدا عەزیزیانی) کە ماوەیەک لەمەوپێش بەهۆی کێشەی خێزانییەوە ئاگری لەجەستەی بەردابوو، بەهۆی قوولّی برینەکانیەوە لەنەخۆشخانەی گشتی ئەو شارە گیانی سپاردووە. هەروەها ژنێکی دیکە بەناوی (ڕەعنا) لەدەوروبەری تازاوای جوانڕۆ کە خاوەنی ٧ منداڵە خۆی سووتاندووەو دەستبەجێ گیانی لەدەست داوە.

یەکەمین باڵیۆزی ژن دەچێتە عەرەبستان

وارڤین – ئەلحەیات: بۆ یەکەمینجار لەمێژووی عەرەبستاندا بڕیارە ژنێک نوێنەرایەتی وڵاتەکەی لە ریاز لەئەستۆ بگرێت و ئەو ژمارە پێوانەییەش بەناوی ژنێکی جورجیاییەوە تۆمار دەکرێت. خاتوو یەکاترینا میکادزە، لەئێستادا باڵیۆزی جورجیایە لە وڵاتانی کوێت، قەتەر، بەحرێن و ئیمارات، هاوکات دەوڵەتی جورجیا بڕیاریداوە مەیدانی کاری دیپلۆماتیکی ئەو ژنە پەرە پێبدات و باڵیۆزخانەی ئەو وڵاتەی لە ریاز پێ بسپێرێت. خانکی میکادزە کارنامەی خۆی پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی عەرەبستان کردووەو چاوەڕوانە دیاریکردنی کاتی چاوپێکەوتنە لەگەڵ مەلیک عەبدوڵڵای پاشای سعودیا، تا کارنامەکەی ئەرێ بکرێت و بەشێوەیەکی فەرمی دەست بەکار بێت.

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

قەدەغەکردنی منارە



سیروان رەحیم

غەیری ئەوەی کە سوێندی درۆی پێ بخۆن و بەس قوربانی ناوی، ناوی لە ناوا، نەما خودا

مەحوی

رۆژی ٢٠٠٩ ,١١ ,٢٩ بۆ سویسرا رۆژێک بوو نائاسایی. گەلی سویسرا لەو رۆژەدا، سەبارەت بەدروستکردنی منارەی نوێ لەو وڵاتە، لەئەنجامی راپرسییەکدا، لەسەدا (٥٧, ٥) یان لەدژی بنیاتنانی منارە بوون. ئەمەیش واتەی ئەوەیە منارەی نوێ لەو وڵاتە بنیات نانرێت. سویسرا لەبواری فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبەرێتییەوە وڵاتێکی تایبەتە لەئەورووپا. لەوێ هەموو بڕیارە گرنگەکان دەخرێنە دەنگدانەوەو گەل (نەتەوەی سویسرا) دەبێت بڕیاریان لەسەر بدات. سویسرا وڵاتی گەلەکەیەتی و بڕیاری چارەنووسساز لەدەست خەڵکەکەی دایە.

دیارە بڕیاری لەدژ دەرکەوتنی سویسیگەل بەرانبەر بنیاتنانی منارە زۆر کەسی لەئەورووپا تاساند. بۆ؟

چونکە سویسرایی بەبەخشندەیی، لێبوردەیی و لێگەیشتن ناسراون. ئەوان، زۆربەیان هەرگیز دژی ڕەشپێست و کەمینە نەبوون. پاشخانێکی پرشنگداریان لەگەڵ کێشەی کەمینە، زمانی جودا دیموکراسیدا هەس. بۆیە ئەمجارە لەو سەرزەمینە، کاتێک ئەو ژمارە زۆرەی گەل لەدژی بنیاتنانی منارەن مایەی ئێست و ڕامانێکی قوولە.

هاوڕێ، دۆست و ناسیاوی سویسراییم هەن باری سەرنج و تێڕوانینی خۆمان سەبارەت بە بابەتەکە دەگۆڕینەوە، ئەوان کەسانی چەپ و دیموکراتن، بەئەنجامی ئەو راپرسییە فرە غەمگینن. ئەوان پێیانوایە ئەو ئەنجامە تۆلەرانس (بەخشندەیی و لێبوردەیی) لەوڵاتەکەیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

دیارە پارتی گەلی سویسرا، کە پارتێکی ڕاستڕەو و کۆنەپارێزە، ڕۆڵێکی کارای لەڕێگرتنی منارە بنیاتناندا هەبوو. ئەو پارتە سەرقاڵی گێچەڵکردنە، وەکو چەپ و دیموکراتەکانی وەڵاتەکە دەڵێن. بەڵام دەنگی ئەو پارتە تاکە دەنگێکە لەچەپکێ دەنگی لێک جوداو کۆمەڵێ ڕەنگی جیاواز کە پێکەوە کەشی سیاسی ساز دەکەن.

کاتێک پارتی گەلی سویسرای ڕاستڕەو، پۆستەر چاپ دەکات و منارە موشەک ئاسا وێنە دەکات، دەنگی دیکەیش هەن بەپۆستەری گەورە وەڵامی دەدەنەوە. ئەو دەنگەی تر دێت و ئەویش هەر بەپۆستەری گەورە وەڵامی دەداتەوەو دەنووسێت:

((ئاسمانی سویسرا ئەوەندە گەورەیە بەشی هەمووان بکات. نە بۆ نەبوونی لێبوردەیی. نە بۆ قەدەغەکردنی منارە))، لێرەدا جوانی جیاوازی دەبیندرێت. جوانییەک دەبێت بە وزە بۆ بەرەو پێشچوون و بەردەوام گۆڕانی گونجاو. بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆ دەنگی جیاوازی وەها لەناو ئیسلامدا بوونی نییە؟

مۆسڵمانانی سویس و ئەورووپا زۆر تووڕەن بەو بڕیارەی گەلی سویسرا، بەڵام هەر ئەو موسڵمانانە بەرانبەر بە کۆمەڵێ کێشەو نادادپەروەری گەورە لەوڵاتانی موسڵماندا بێدەنگن. ئەو موسڵمانە تورکانەی لەئەڵمانیا و سویسرا شەڕی بنیاتنانی مزگەوت و منارە دەکەن، بەرانبەر بەبێدادییەکانی وڵاتی خۆیان بۆ کەڕ و لاڵن؟

پاشان ئایا منارە چی بە مرۆڤەکان دەبەخشێت؟

لەوڵاتێکی فراوانی وەکو تورکیادا، لەم سەری تا ئەو سەری بەهەزاران یان بەدەیان هەزار منارە هەن، بەڵام ژمارەی ئەو موسڵمانانە چەندن لەوڵاتەدا کە دەپرسن، ئەڕێ بۆ زمان، کەلتوور و زۆر شتی تر لەگەلانی وەک کورد، ئەرمەن، لاز، چەرکەز، عەرەب و ڕۆمی ئەو وڵاتە زەوت کراوە؟

موسڵمانانی عەرەب و تورک باس لەنادیموکراسی سویسرایی دەکەن، بەڵام خۆیان ناپرسن، ئەڕێ شیعەو سوننە بۆ وا یەکیان شیرزە و پەرێشان کرد؟

کەس ناپرسێ بۆ لەناوچەی شیعەنشین مزگەتی سوننییان نییەو بەپێچەوانەیشەوە هەر وەسایە؟ ئەگەر هەیشبێت دەتەقێندرێتەوەو وێران دەکرێت.

ئەو دەنگە جیاوازانەی سویسرا و ئەورووپا کاتێک لەدژی قەدەغەکردنی منارە دەوەستنەوە ئەمە بۆ خۆیان، بۆ دیموکراسی خۆیان و بۆ ئێستاو داهاتووی خۆیان دەکەن. ئەوان نایانەوێ منارەکانی دیموکراسی و لێگگەیشتن بلەقێ. ئەوان دەزانن ئێستاو داهاتوو بەو ستوونانەی دیموکراسی ڕەنگین و گەش دەبێت، بۆیە شەڕی بۆ دەکەن و خۆیانی پێوە سەرقاڵ دەکەن. لەوما کردویانە بە خەمی پیرۆزی خۆیان. بەڵام پیاوانی ئیسلام چیان کردووە بۆ بەخشندەیی و لێکحاڵی بوون؟ ئەو پیاوانەی ئیسلام، نەک هەر ئایینەکە، بەڵکو مەحوی گوتەنی، (ناوی خودایش) بۆ مەرامی خراپی خۆیان بەکاردەهێنن. ئەوان چیان کردووەو چی دەکەن بۆ نزیککردنەوەی دەنگە جیاوازەکان و ڕەنگە جیاوازەکان؟

پرسیارێکە دەبێ بە بەڵگە وەڵام بدرێتەوە نەک بە ریوایەت و شتگەلی ١٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. ئایا ئەوان هەوڵدەدەن بۆ نزیککردنەوەی جیاوازییەکان یان بەردەوام خەمی ئەوەیانە جیاوازییەکان لەناوبەرن و لەژێر تارمایی (هەموو بەندەی خوداین) دەنگ و ڕەنگی جیاواز نەهێڵن؟

لە سویسرا نزیکەی چوار سەد هەزار موسڵمان هەن، ئەمانە بەزۆری یۆگسلافی و تورکن. لەوێ ١٣٠ مەڵبەند و مزگەوتیان هەس. لەوڵاتەکەدا چوار منارەیش هەن. دەنگێک لە وڵاتەکەدا هەیە دەڵێ:

((بۆچ نا، مافی خۆیانە، با مزگەوت و هەموو شتێکی پێویستیان هەبێت کە خۆیان مەبەستیانە)) دەنگێکی چەند جوانە!

دەنگێکی دیکەیش هەس دەڵێ:

((نا جڤاکی هاوتەریب. با هەموو ئەوانەیان هەبێت، بەڵام دەبێ هەموان گوێڕایەڵی یاساکانی وڵاتەکە بن.))

لە سویسرا کاتێک دەنگی تووڕەیی موسڵمانی پەرگیر بەرز دەبێتەوە، خەڵک دەپرسێ:

باشە ئیسلام بۆ ئەوەندە بنیاتنانی منارەیان بەلاوە گرنگە؟

ئەی بۆ چارەسەر بۆ ئەو کێشانەی نێو جڤاتی خۆیان نادۆزنەوە؟

کێشەگەلی وەکو:

بە زۆر بە شووداں؟

کوشتنی لەسەر ناموس؟

نادادپەروەری؟

تۆقاندن و هەڕەشە؟

ئەو هەموو پێشێلکردنانەی مافی مرۆڤ؟

www.netewe.com

هاوسەرۆکی BDP بۆ وارڤین:

BDP گوتەبێژی هێزی چەکداری کورد نییە

ئامەد

هاوسەرۆکی پارتی ئاشتی و دیموکراسی، گولتان کیشاناک لەڕێگای گۆڤاری وارڤینەوە داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی و سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵ جەلال تاڵەبانی دەکات کە ئەمساڵ لە ئامەد نەورۆز بکەن. کیشاناک گوتی:))ئێمە بەهاتنی بەڕێز مەسعود بارزانی و بەڕێز جەلال تاڵەبانی، سەربەرز و سەرفەراز دەبین)).

وارڤین: چ چاوەڕوانییەکتان لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟

گولتان کیشاناک: پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا پەیوەندی لەگەڵ کوردی باکووردا هەبێت و پشتیان بگرێت. نەتەنیا لەسەر بنەمای سیاسی، بەڵکو لەسەر بنەمای نەتەوەیی پەیوەندییان لەگەڵ کوردی باکوور بەهێز بکەن. دەتوانن لەگەڵ کوردی باکووردا کاری هاوبەش بکەن و هەردوولا لەئەزموونی یەکتر سوود وەربگرین. بۆ یەکگرتنی کوردیش پێویستە هەست و تێڕوانینەکانی خۆیان لەگەڵ کوردی باکووردا بکەنە یەک. لەبواری شارەوانی، دامەزراوە کەلتوورییەکان، ڕێکخراوەکانی ژن و وەرزش دا دەتوانین پێکەوە کار بکەن.

وارڤین: چۆن دەڕوانینە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا؟

گولتان کیشاناک: ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە حکوومەتی هەرێم و کۆماری تورکیا لەبواری سیاسی و بازرگانیدا پەیوەندییەکانیان بەهێز بکەن. بۆ دروستبوونی ئەو پەیوەندییە ئێمە هانی هەردوولا دەدەین. بەڕای من بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بتوانێت لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا پەیوەندی دروست بکات، ئەو پەیوەندییانە زۆر گرنگن. سیاسەتی گشتی ئێمەش وەک (ب.د.پ) لەسەر ئەو هێڵە بەرەوپێش دەچێت. بەڵام لەوەش ئاگادارین کە تورکیا لەپەیوەندی لەگەڵ کوردی باشووردا بیر لەهەندێک بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە. لەلایەکەوە پەیوەندی دروست دەکات و لەلایەکی دیکەوە چاوەڕوانە لەبواری نەتەوەییدا ڕێ لەپێشڤەچوونەکان بگرێت. بۆیە لێرەدا بەرپرسیاری هەم دەکەوێتە سەر شانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەمیش پارتە سیاسییەکانی باشوور. ئێمە داوایان لێ دەکەین کە لەتێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی و بەدەستخستنی مافی کوردی باکوور پشتگیریمان بکەن.

وارڤین: پەیوەندییەکی وەها لەنێوان ئێوەو کوردی باشووردا نییە؟

گولتان کیشاناک: ئێستا لەدژی گۆڕەپانی سیاسی و دیموکراسی کوردی باکووردا هێرش و ئۆپەراسیۆنگەلی گەورە لەئارادان. لەمانگی نیسانی پارەکەوە تائێستا زیاتر لە ١٥٠٠ سیاسەتمەداری کورد دەستگیر کراون. لەناو ئەوانەدا شارەوان، سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی و ئەندامانی ئەنجومەنی شارەکانیش هەیە. هەروەها لەناویاندا بەڕێوەبەرانی کۆمیتە ناوەندی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیش هەیە. دەمەوێت لێرەدا هەندێک لەگەلیی پارتە سیاسییەکان و بەڕێوەبەرانی هەرێمی کوردستان بکەم، چونکە ئەوان هیچ پشتگیرییەکیان نەکردین. لەو بوارەدا هەرگیز هیچ پەیوەندییەکیان پێوە نەکردین. ئێمە دەمانەوێت بەو شێوەیە داواکارییەکان و چاوەڕوانییەکانی خۆمانیان پێ رابگەیەنین.

وارڤین: نزیکبوونەوەی حکوومەتی تورکیا لە باشوور چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

گولتان کیشاناک: راستییەکەی ئەوەیە کە تورکیا لەنەوەدەکانەوە دەیەوێت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ باشووری کوردستان لەسەر بنەمای لەناوبردنی پارتی کرێکارانی کوردستان دابمەزرێنێت. ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی دۆستانە نییە، بەڵکو زۆرەملانەیە. بەڕای من ماوەیەکی زۆرە کە سیاسەتی کوردی باشووری کوردستان بەرژەوەندییەکانی کۆماری تورکیا لەو بوارەدا جێبەجێ ناکات. باشووریش لەوە گەیشتووە، چاوەڕوانییەکانی تورکیا لەدژی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کوردە. من دەزانم کە حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدان دەیەوێت پەیوەندییە سیاسی و ئابووریییەکانی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمدا لەسەر بنەمای لەناوبردنی پەکەکە دابمەزرێنێت. ئێمە لەنزیکەوە بەدوای ئەو پرسەدا دەچین. بەڵام من لەوبڕوایەدام کە تورکیا لەو سیاسەتەیدا سەرناکەوێت. سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا هەوڵدەدات کە یەکێتی کوردان بپارێزێت. هیوادارم ئەو هەڵوێستانەی کە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کورد دەپارێزێت لەبەرچاو بگیرێت. کێشە تەنیا کێشەی پەکەکە نییە. کێشە تەنیا کێشەی ئەمنیەت نییە. ئەو کێشەیە کێشەی ماف و ئازادییەکانە. من پێشبینی ناکەم کە هەرگیز حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لەناوبردنی پەکەکە هاریکاری تورکیا بکات. ئەڵبەت، حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش پێویستی بە پەیوەندی بازرگانی، سیاسی و دیپلۆماتیک هەیە. پێویستی بەپەیوەندی جۆربەجۆر هەیە.

www.netewe.com

من نامەوێت بیر لەوە بکەمەوە کە پەیوەندییەکان لەدژی بەرژوەندی کورد بەکار بێنێت. ئێمەش وەک پارت خوازیارین کە تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا پەیوەندییەکانی بەهێز بکات. بەڕای من تورکیا لەو بوارەدا درەنگ دەستی پێ کرد. بەڵام دەبێت تورکیا کوردی باشوور قبووڵ بکات و دەست لەدوژمنایەتی کورد هەڵبگرێت. تورکیا ناچارە لەبواری دیپلۆماتیک، بارزگانی و ئابووریدا لەگەڵ باشووری کوردستان پەیوەندی دروست بکات. تورکیا پێویستی بەهەرێمی کوردستان هەیە.

وارڤین: رای ئێوە لەبارەی کۆنفرانسی نەتەوەیی کوردەوە چییە؟

گولتان کیشاناک: خەبات بۆ کۆنفرانس بەردەوامە. بەرای من ئەوە پێویستییەتی بنچینەییە. بۆ پەیوەندی نێوان کوردان قۆناغێکی زۆر گرنگە. بۆیە دەبێ لەداهاتوودا ئەو هەوڵانە ئەنجامیان هەبێت. هەموولایەک چاوەڕوانی کۆنفرانسن. ئەو لایەنە کوردانەش کە جیاواز بیر دەکەنەوە خوازیاری پێکهاتنی ئەو کۆنفرانسەن و دەیانەوێت پابەندی ئەو پڕەنسیپانە بن کە کۆنفرانس دیاری دەکات. پێشتر بۆ ئەوەی کۆنفرانس بەڕێوەبچێت شاندی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتیک ٢ جار چوونەتە باشوور و لەگەڵ بەرپرسانی باشوور چاوپێکەوتنیان ئەنجامدا و لەو چاوپێکەوتنانەشدا بۆ ئەوەی د.ت.پ لەقۆناغی ئامادەکاری کۆنفرانسدا جێ بگرێت، هەڵوێستی ئەرێنی پیشان درا. بەڵام دواتر لەبەر هەندێک هۆکار قۆناغەکە تۆزێک خاو بووەوە. بەڵام لەو بڕوایەدام کە لەڕۆژانی داهاتوودا ئەو پرسە جارێکی تر دەکەوێتەوە ڕۆژەڤ.

وارڤین: (د. ت. پ) ئاشکرای کردبوو کە ئەگەر پەکەکەو پژاک لەو کۆنفرانسەدا بەشداری نەکەن، ئەوانیش بەشدار نابن. ئێوەش وە (د.ت.پ) بیر دەکەنەوە؟

گولتان کیشاناک: بەڕای من دەبێ هەموو لایەنە کورددییەکان لەکۆنفرانسدا بەشداری بکەن. ئەگەر وابێت کۆنفرانس دەتوانێت بگاتە ئامانجی خۆی. چونکە ئێمەو چەند پارتێکی دیکەی کوردی هەمیشە پەیوەندیمان پێکەوەهەبووەو جارجاریش کۆدەبینەوەو پەیوەندی هەر دەبێت. بەڵام بەڕاستی ئەگەر کورد دەیانەوێت نزیکبوونەوەیەکی هاوبەش دابمەزرێنن و هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێ، پێویستە هەموو لایەنەکان لە کۆنفرانسدا بەشدار بن. دەبێ کورد لەکۆنفرانسێکی نەتەوەییدا کۆببنەوەو لەسەر داهاتووی نەتەوەیی خۆیان بڕیاری گرنگ بدەن. ئەوە پێویستییەکی زۆر خێرایە.

وارڤین: هاوسەرۆکی پێشووی (د.ت.پ) ئەمینە ئاینا بەپێکەنینەوە گوتی ((کرانەوەی کورد تەواو بوو)). بەوهۆیەشەوە زۆر ڕەخنەی لێ گیرا. ئێستا (ب.د.پ) شوێنی (د.ت.پ)ی گرتووەتەوە. ئێوەش وەک ئاینا بیر دەکەنەوە، ئایا کرانەوەی کورد کۆتایی هاتووە؟

گولتان کیشاناک: بەڕای من قسەکەی بەڕێز ئەمینە ئایناو هەڵوێستەکەی زۆر چەواشە کرا. پێکەنینەکەی پێکەنێکی خۆشحاڵانە نەبوو، پێکەنێنێکی دراماتیک بوو. مەبەستیشی لە ((کرانەوە تەواو بوو)) ئەوە بوو: پارتی دادوگەشەپێدان لەڕێرناوی کرانەوەدا لەماوەی ئەم حەوت – هەشت مانگەی دواییدا هێرشگەلێکی گەورەی کردەسەر سیاسەتی دیموکراتیکی گەلی کورد. لەکاتی ڕەوشی نائاسایی و شەڕیشدا ئەوەندە هێرشی گەورە نەکرابووە سەر پارتێکی سیاسی. بەڕای من کێشەی کورد ئیدی گەیشتووەتە قۆناغی چارەسەر و کەسیش ناتوانێت ئەم قۆناغە بەڕەو پاش بباتەوە. ئەو ڕەوشە لەدەرەوەی حکوومەتی ئاکاپەیە. گەلی کورد بەتێکۆشانی خۆی ئەو قۆناغەی دامەزراند. کۆماری تورکیا چیتر ناتوانێت ئەو شەڕە بەردەوام بکات. سوپاسالاری گشتی سوپای تورکیاش خۆی دانی

www.netewe.com

پەیامنێری وارڤین لەگەڵ گوڵتاک

بـەوەدا نا و گوتی ئیتر بار کەوتووەتە سەر شانی سیاسەت. بەڵام زمانی ئێمە رێگەمان پێ نادات بەو کردارانەی حکوومەتی ئاکاپە بڵێین کرانەوە. چونکە لەدەستپێکی قۆناغی کرانەوەوە تائێستا زیاتر لە ١٥٠٠ سیاسی کورد دەستگیر کراون. شارەوانی کورد دەستگیر کراوە، کەلەبچە لەدەستیان دراوە. ئەو پارتەی کە کورد سیاسەتی تێدا دەکات داخراوە. دوو هاوسەرۆک سیاسەتیان لێ قەدەخە کـراوە. پۆلیس کەوتوونەتە دوای پەرلەمانتاران و دەیانەوێت بەزۆر بیاندەنە دادگا. گەلەک چالاکی کۆمەڵایەتی بەدەستوەردانی پۆلیس کۆتایی هات و ٥ هاوڵاتی کوردیش کوژرا. بۆیە ئەگەر ئەوە کرانەوەیە با کرانەوە نەبێت.

وارڤین: TRT6 کرایەوەو رادیۆ ٢٤ کاتژمێر دەتوانێت بە کوردی وەشان بکات. ئەوە لای ئێوە چ واتایەکی هەیە؟

گولتان کیشاناک: ئێمە ئـەو پێشڤەچوونانە ناخەینە پاکێتی کـرانـەوەوە. ئەو دامـەزراوەو پێشڤەچوونانە بەقوربانی گەورەو بەتێکۆشانی گەلی کورد پێکهاتووە. ئەوە خەڵاتی ئاکاپە نییە بۆ کورد، بەڵکو بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی بێ وچانی کوردە. من بەباشی لەقۆناغی کرانەوەی تەرەتە شەش ئاگادارم. من لەپەرلەماندا هەوڵم بۆ ئەوە داوە کە تەرەتە شەش بکرێتەوە. بەدەیانجار لەپەرلەمان لەسەر کرانەوەی تەرەتە شەش قسەم کردووە. ئێمە بەردەوام بەحکوومەتمان دەگوت)) ئێوە ناچارن بیکەنەوە. ئەگەر کورد لەم وڵاتەدا هاوڵاتی بن و باجی خۆیان بدەن، ئەوکات ئێوە ناچارن تەرەتەی کوردی بکەنەوە ((چونکە تەرەتە بەباجی هاوڵاتیان لەسەر پێ دەمێنێتەوە)). بەڵام ئێمە دەمانویست لەقانوونداوەها بنووسرێت:)) کەنالّی تەرەتە شـەش بەهەموو زاراوەکانی کوردی و ماوەی ٢٤ کاتژمێر وەشان بکات)). ئێمە دەمانویست ئەو خوێندنەوەیە زۆر شەفافانە بکرێت، بـەڵام حکوومەتی ئاکاپە نەیویست لەقانوونەکەدا ناوی کوردی جێگیر بکرێت. ئێستا راستکردنەوەیەکی قانوونیش نییە. چونکە ئەگەر سبەی تـووڕە ببن دەتوانن کەنالّەکە دابخەن یان وەشانی کوردی راوەستێنن. کاتێک بەڕێز سەرۆکوەزیر هاتە ئامەد، ئەگەر ئەو مندالّانەی کە بەردیان دەهاوێشت لەگەڵ خەڵکی ئامەد سەرکۆنەیان نەکردبایەت، تەرەتە شەش درەنگتر دەکرایەوە. بەڵام پاش ئەوە بۆی دەرکەوت کە ئیتر لای گەلی کورد نرخی نەماوەو دەنگەکانیان لەهەڵبژاردندا کەم دەبن، زوو بڕیاری کردنەوەی کەنالّەکەی دا. بۆیە دەگوترێت تەرەتە شەش بەرهەمی رەنجی ئەو مندالّانی بەردەاوێژانەیە کە ئێستا لەگرتووخانەکاندان.

وارڤین: لە تورکیا (ب.د.پ) وەها نیشان دەدرێت و رەخـنـەی لێ دەگیرێت کە بەبێ فەرمانی پەکەکەو عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ناتوانێت سیاسەت بکات. لەراستیدا وایە؟ رۆڵی پەکەکە و ئۆجەلان چییە؟

گولتان کیشاناک: وەک (ب.د.پ) هێشتا پارتێکی نوێین، تازە کۆنگرەی خۆمان بەستووە. بەڵام ئێمە میراتی ئەو پارتە کوردییانەمان وەرگرتووە کە داخراون. رابردوویەکی سیاسیمان هەیە. لەم وڵاتەدا بۆ ئەوەی کورد بتوانن لەگۆڕەپانی سیاسیدا بمێننەوە، بەتایبەت لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا قوربانی گەورەیان داوە. دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێت. لەناو ئەو قۆناغەدا ٦ پارتمان داخراوە. لەهیچ شوێنێکی جیهاندا شتی لەو جۆرە نییە. پەرلەمانتارێکمان کوژراوە، پەرلەمانتارەکانیان خستبووینە زیندان. بەدەیانساڵ لەگرتووخانەدا ماونەتەوە. بەدەیان هەڵسووراوی پارتەکانمان کـوژران. بـەهـەزاران کـادێـری پارتەکەمان دەستگیرکران و سزا دران. ئەگەر پارتێکی

دیکە بوایە لەمێژ بوو تێکچوو بوو. بەڵام ئێمە هێشتا لەسەر پێین. لەهیچ شوێنێکی جیهاندا هیچ پارتێک ئەوەندەی ئێمە ناتوانێت بەرگەی ئەو هێرشانە بگرێت. بناغەی ئەم تێکۆشانە بەهێزە. من دەڵێم ئەگەر ئەو هێرشانەی لەسەر (د.ت.پ) هەبوون لەدژی پارتی دادوگەشەپێدان بوایە، لەمێژبوو ئەو پارتە تێکچوو بوو. ئەگەر ١٥٠٠ کادێری ئاکاپەیان گرتبا، شارەدارەکانیان خستبایە زیندان، لەمێژبوو داخرابوو و کاری نەدەکرد. ئێمە رەخنەی ناحەق بەهەند وەرناگرین. ئێمە وەک (ب.د.پ) بۆ کێشەی کورد موخاتەبین و بۆ پاراستنی داواکارییە دیموکراتیکەکانی گەلی کورد لەهەموو شوێنێک و بۆ هەموو شتێکیش ئامادەین. لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی کورد، ئامادەین لەگەڵ هەموو کەس و لایەنێکدا چاوپێکەوتن پێک بێنین، قسەو دیالۆگ بکەین. هێزی و ئیرادەی سیاسی خۆشمان هەیە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شتەی کە من دەیڵێم، هێشتا کێشەکە بێچارەسەر ماوەتەوە.

وارڤین: بۆ؟

گولتان کیشاناک: چونکە دەوڵەت نکۆڵی لە کورد کردووەو سیاسەتی قڕکردنی لەدژی بەڕێوەبردووە، قۆناغێکی وەها دروست بووە. من باس لە شەڕ و باس لە ڕێکخستنێک دەکەم. پەکەکە ڕێکخستنێکی وەهایە. لەم وڵاتە، لەگۆڕەپانی قانوونیدا ٦ پارتی سیاسییان داخست، بەڵام ناتوانن پەکەکە دابخەن. پەکەکە تەنیا پارتێکە کە دەوڵەت نەیتوانیوە دایبخات. تا مرۆڤ ئەو ڕاستییە نەبینێت، ناتوانێت کێشەکە چارەسەر بکات. ئێمە ئامادەین لەئاستی قانوونی و سیاسیدا کێشەکە چارەسەر بکەین، بەڵام ئەوەش دەزانین کە بە ڕەتکردنەوەی پەکەکە ئەو کێشەیە چارەسەر نابێت.

وارڤین: ئۆجەلان، لەلای ئێوە چ واتایەکی هەیە؟

گولتان کیشاناک: بەڕێز ئۆجەلان، لای ئێمە تەنیا سەرۆکی پەکەکە نییە. ئەو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر کۆمەڵگەی کورد هەیە. لەسایەی ئەودا ئەمڕۆ گەلەک شت باسیان لێوە دەکرێت. گەلەک شت لەناو کورد دا نۆژەن کراوەتەوە. لەکتێبەکانی ئۆجەلاندا کە لەماوەی ئەم ١٠ ساڵەی دواییدا دەرچوون، لەپارێزنامەکانیدا زۆر تێڕوانین هەن. ئێمە لەو تێڕوانینەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پرسیار لەدیموکراتیکبوون دەکات و لەدەوڵەت دەپرسێت و دەڵێت کە ئامێری دەوڵەت زۆرداری لەسەر کۆمەڵگا دەکات و دەبێت بچووک بکرێتەوەو کۆمەڵگاش بەرفرە بکرێت. هەروەها باس لەتێکدانی سروشتی کۆمەڵگەو ژینگە دەکات. باس لەگرنگی ئازادی ژن دەکات و نیشاندەدات کە ئازادی ژن بۆ مرۆڤایەتی چەندە گرنگە. ئۆجەلان، دەڵێت کە ئەم سەد ساڵە دەبێتە سەدساڵەی ژنان. هەروەها باس لەهیرارکیەتی دەسەڵاتداری دەکات. ئەو نە تەنیا پەکەکە بەرەو ئەو ڕێگەیە دەبات، بەڵکو کۆمەڵگاش بۆ ئەو داهاتووە ئامادە دەکات. بۆیە دەبێ ئێمەی کورد خاوەنداری لێ بکەین. بەڕای من ئیتر گەلەک لایەن لەتورکیا لەو تایبەتمەندییەی ئۆجەلان گەیشتوون. بۆ ئەوەی ئۆجەلان بتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، دەبێ هەلومەرجی باش بکرێت.

وارڤین: بۆ ئەوەی ئۆجەلان لە ماڵێکدا زیندانی بکرێت، ئێوە لایەنی پەیوەندیدار بەسەر دەکەنەوە؟

گولتان کیشاناک: زیندانیکردن لەماڵێکدا یەکێک لەچارەسەرەکانە. پێویست ناکات ئێمە بەتایبەت بۆ چارەسەری ئەو پرسە سەردانی حکوومەت بکەین. ئێمە داواکاری خۆمان بۆ باشترکردنی ڕەوشی ئۆجەلان، بەردەوام دەکەین و هیوادارین حکوومەتیش گوێی لێ بێت.

وارڤین: هەندێک لایەن ئێوە بە (شینفەین) دەچوێنن و هەندێکی دیکەش بە (هەرا باتاسۆنا). بەراستی ئێوە لەوان دەچن؟

گولتان کیشاناک: (ب.د.پ) لە هیچکامیان ناچێت. شینفەین بەئاشکرا وەک باڵێکی (ئای.ئار.ئەی) دامەزراو ڕێبەرەکەشی شەڕڤانێکی (ئای.ئار.ئەی) بوو. حکوومەتی بەریتانیش بەو زانیارییەوە پەیوەندی لەگەڵ شینفەین دروست کرد. کاتێک لەگەڵ ئەو پارتە کەوتە پەیوەندی دەیزانی کە لەگەڵ میلیتانێکی (ئای.ئار.ئەی) دا پەیوەندی دادەنێت و ئەو پارتەش لەژێرناوی (ئای.ئار.ئەی) دا مامەڵە دەکات. (ب.د.پ) لەم قۆناغەدا نییە. (ب.د.پ) خۆی بەگوتەبێژی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری کورد نازانێت. پەیوەندییەکی لەوجۆرەی نییە. بەرپرسیاری و بابەتێکی وەهایشی نییە. (ب.د.پ) لەسیاسەتی قانوونی کورد دا کۆبوونەوەی نرخەکانە، بۆیە لەچارەسەری کێشەی کورد دا لە شینفەین واتادار ترەو ئەگەر حکوومەتی ئاکاپە دەیەوێت کێشەکە چارەسەر بکرێت، دەبێ لەگەڵ (ب.د.پ) دیالۆگ بکات.

وارڤین: چ پەیامێکت بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە؟

گولتان کیشاناک: داوا لە سەرۆکی هەرێمی

کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی و سەرۆککۆماری عێراقی فیدراڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی دەکەم کە ئەمساڵ لە ئامەد نەورۆز بکەن. ئێمە چاوەڕێی ئەوەین کە بێن و لێرە نەورۆز بکەن. ئێمە بەهاتنی ئەوان سەبەرز و سەرفەراز دەبین.

دیلار سەولەدار

کورد نەیتوانیوە پ
نێودەوڵ

سیگریت بروک

سیگریت بـرۆک، یەکێک لەو سێ پارێزەرەیە کە لەسەر بانگهێشتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ زیاتر ئاگاداربوونەوە لە کەیسی هەڵەبجە هـاتـووەتـە کـوردسـتـان. سیگریت سـەبـارەت بە پرسی بەجێنۆسایدناساندنی ئەنفال لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بە وارڤینی راگەیاند کە ئەو پرسە پێویستی بە کات و کار بۆ کردن هەیە. ئەو هەروەها پێیوایە کوردستان نابێت بە تەنیا بـەدوای ئەو پرسەدا بچێت، بەڵکو دەبێ هەوڵی زیاتر بدات تا وڵاتانی دیکە لەکێشەکەی بگەیەنێت و لە یارمەتی ئەوانیش سوود وەربگرێت.

وارڤین: چۆن لەگەڵ دۆزی کورد ئاشنا بووی؟

سیگریت بروک: من و ئەو دوو پارێزەرەی کە هاتووین بۆ ئێرە هەرسێکمان لەبواری مافەکانی مرۆڤدا کار دەکەین. بەرلەوەی بێینە کوردستان دۆسیەی زۆرێک لەو کوردانەمان وەرگرتووە کە هاتوونە نەرویج و داوای مافی پەنابەرییان کردووە. ئێمە هەندێ زانیارییمان دەربـارەی هەڵەبجە و کێشەی کورد هەبوو، بەڵام ئەوە یەکەمجارە بێمە کوردستان.

وارڤین: وەک دەزانن لەجیهاندا چەندین کارەساتی هاوشێوەی ئەنفال و هەڵەبجە هەبووە کە بەجینۆساید ناسراوە، بەڵام تائێستا ئەو تاوانانەی کە لەدژی کورد ئەنجامدراون بەجینۆساید نەناسراون؟

سیگریت بـروک: گەورەترین هۆکار ئـەوەیـە کە تاوانگەلێکی وەک هۆلۆکۆست لەوڵاتێکدا رووبداوە کە لە ئەورووپا نزیک بووەو هەروەها ئەو وڵاتانە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان و رێـکـخـراوەکـانـی مافەکانی مـرۆڤـدا هەبووە. بەڵام کورد، تائێستا نەیتوانیووە پرسی ئەنفال، بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بناسێنێت و پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا هەبێت. حکوومەتی کوردستان، حکوومەتێکی نوێیەو ئێستا خەریکە ئەو دۆسیە بەرەو پەرلەمانی ئەورووپا و وڵاتانی دیکە دەبـات. ئێستا کوردستان حکوومەتێکی تایبەت بەخۆیی هەیە، بەڵام پێشتر توانای ئەوەی نەبووە کار لەسەر ئەو دۆسیانە بکات. ئێستا دەتوانرێت خاڵی دەستپێکی کارکردن بۆ ناساندنی ئەو دۆسیانە بەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت.

وارڤین: بەڕای پسپۆڕانی بواری جینۆساید تاوانی هەڵەبجە هەموو رەگەزەکانی جینۆسایدی تێدایە. کورد چی بکات تا لەوبارەیەوە پشتگیری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدەست بێنێت؟

سیگریت بروک: حکوومەتی هەرێم ئێمەی بانگهێشت کردووە تا لەنزیکەوە بارودۆخی هەڵەبجە ببینین. لەو ماوەیەدا بەپێی ئەو بەڵگانەی کە ئێمە بینیومانە ئەو

www.netewe.com

ـــــرسی ئەنفال بە کۆمەڵگای ـــــەتی بناسێنێت

ئـــەوەی من لـە کوردستان تـێـبـیـنـیـم کـــــردووە پێشکەوتنێکی باش هەیە. گرنگیش بەردەوامبوونی ئەو پێشڤەچوونەوەیە

بتوانێ مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی پەیڕەو بکات، ئەوەندەش دەتوانێت سەرنجی ئەورووپا بەلای خۆیدا رابکێشێت. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەورووپا گوێی لێ بگرن و پەیوەندی لەگەڵی دروست بکەن.

وارڤین: وەک کەسێکی نزیک لـەدۆزی کورد رات بەرامبەر بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان چییە؟

سیگرید بروک: ئەوەی من لە کوردستان تێبینیم کـردووە پێشکەوتنێکی باش هـەیـە. گرنگیش بەردەوامبوونی ئەو پێشڤەچوونەوەیە، چونکە ئەگەر ئەو رەوتـە بـەردەوام بێ، لەداهاتوودا کوردستان سەربەخۆیی وەردەگـرێـت. راستییەکی دیکەش ئەوەیە کە سیاسەتی کورد لە پرسی سەربەخۆییدا رۆڵێکی یەکجار گرنگ دەبینێت. ئامادەکردنی ژێرخانی ئابووری، پاراستنی ئاسایشی هاوواڵتیان و دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ واڵتانی دەرەوەو چەندین فاکتەری دیکە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان دەبێت. لە ئەورووپاش، نەتەوەی کورد هەیە کە داوای سەربەخۆیی بکات، بەڵام دەیڵێمەوە هەر نەتەوەیەک بە بەرنامەو پلانەوە کاری بۆ بکات و هەوڵی کانالیزەکراوی زیاتر بدات، ئەوا زووتر سەربەخۆیی بەدەست دێنێت.

وارڤین: لەم سەردانەتدا رەوشی ژنانی ئەنفالت بینی؟

سیگرید بروک: بەڵێ، وەک ئاگادارببووم ژمارەیەکی زۆریان بوونەتە قوربانی و ژنانی پاشماوەی ئەنفالیش ئەرکێکی سەختیان کەوتووەتە سەرشان چونکە پاش تێکچوونی ماڵ و حاڵ و کوشتنی مێردەکانیان ناچار بوون بۆ بەخێوکردنی کەسووکارو منداڵەکانیان لەگەڵ ژیانێکی دژواردا ململانێ بکەن.

وارڤین: کە گەڕایتەوە نەرویج، چۆن باسی کورد دەکەی؟

سیگرید بروک: بەسەر هاتێکی زۆرم بینی. ئەنفال کەیسێکی قورسە. هەندێ کەس تەنیا بەسادەیی بیستوویانە من دەتوانم زانیاری زیاتریان بدەمێ. سەردانی هەڵەبجەمان کردوو، بینیمان ژن، منداڵ، گەنج و پیر چییان بەسەرهاتووە. ئەوە گاریگەری لەسەر دەروونی ئێمە دانا. ئەورۆژەی چووینە ناو مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجە، بیستمان کە عەلی کیمیایی لەسێدارەدرا. شتێکی سەیر بوو، چونکە ئەو رۆژە هەم خۆش و هەم ناخۆش بوو.

بەهرە حەمەڕەش

ژنانی پاشماوەی ئەنفال:

ململانێ لەگەڵ ژیانێکی بێبەزەیی

دهۆک

ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەناوچەی بادینان داوا لەپەرلەمانتارە هاو رەگەزەکانیان دەکەن، لەخولی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا کار بۆ قەرەبووکردنەوەیان بکەن چونکە ((حکومەتی هەرێم هیچمان بۆ ناکات)).

((ئیمە ١٩٨٨ ناچار بووین لەبەر زوڵمی رژیمی سەدام و دەستپێکردنی ئەنفال ماڵ و حاڵی خۆمان بەجێبێڵین و بۆ پاراستنی گیانی منداڵەکانمان روو لە تورکیا بکەین و لە ١٩٩١ گەڕاوینەتەوە تائێستاش هیچمان بۆ نەکراوە)) نادیا وایگوت.

نادیا حەسەن، دایکی ٨ منداڵە کە یەکێکیان لەباری عەقڵییەوە ناتەواوە. نادیا، لەگەڵ ١٨ خێزانی (هەر یەکیان زیاتر لە ٥ منداڵیان هەیە) کە ئەوانیش لە ١٩٨٨ بەر شەپوڵی ئەنفال کەوتبوون، ئێستا لەبینایەکی کۆنی حکوومیدا لە زاخۆ ژیان بەسەر دەبەن ((بەپاستی ژیان لەم بینایدا زۆر سەختەو وەک زیندانەکانی بەعسە)).

زۆرێک لەخێزانە ئەنفالکراوەکان و بەتایبەت ئەوانەی کە ئاوارەی تورکیا و ئێران بوون و دوای ١٩٩١ گەڕاونەتەوە ئێستا لە رەوشێکی ((نالەبار)) دا ژیان بە سەر دەبەن. لەپارێزگای دهۆک دەیان خێزان لەو خێزانە گەڕاوانە لەبینا حکوومییەکاندا دەژین کە لەهەموو پێداویستییەکی ((مرۆڤایەتی)) تەندروستی، پەروەردەیی و دەروونی دوورە.

خواردن، چێشتخانە، نووستن، نشینگەو پێشوازی میوان و هەموو شتیکی ئەو بینایانە بەس یەک ژوورەو هەندێ ماڵ چەند مەتریک کارتۆنیان کردووە بەدیواری ژوورێک. ئەمە ژیانی بەشێکی هەرەزۆری خێزانە ئەنفالکراوەکانی دەڤەری بادینانە.

نادیا و ئەمینا کە هەر دووکیان دوو ژنی بە تەمەنن دەیانگوت بە حەماستەوە لەم خولەی هەڵبژاردندا بەشداربیان کردووەو دەنگیان بە هاوڕەگەزەکانیان داوە: ((حکوومەتی هەرێم هیچمان بۆ ناکات، بۆیە داوا لەپەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا بەتایبەت پەرلەمانتارانی ژن دەکەین کە داوا لەحکوومەتی بەغدا بکەن تا قەرەبووی ماددی و مەعنەوی بۆ بکاتەوە)).

منداڵانی پاشماوەی ئەنفال

رەمزیا عەلی، تەمەن ٥٠ ژنێکی دیکەی پاشماوەی ئەنفالە کە مێردەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، ئەو هیوای خواست کە نەتەنیا پەرلەمانتاران بەڵکۆ هەرکەس بێت بۆ ئەوان فەرق ناکات، گرنگ ئەوەیە داوای مافەکانیان بکات و گوندەکانیان بۆ ئاوەدان بکاتەوەو قەرەبوو بکرێنەوە.

سەرۆکی سەنتەری ئەنفال لە دهۆک عەلی بەندی، لەوبارەیەوە بە وارڤینی راگەیاند کە حکوومەتی هەرێم موچەیەکی کەم (٣٠٠ هەزار دینار) دەداتە خێزانە ئەنفالکراوەکان: ((ئەمە غەدرێکەو لێیان دەکرێت)) ئەو هەروەها غەمگینی خۆیشی نیشاندا لەوەی کە حکوومەت پرسی ئەنفال تەنیا وەک کارتی فشار بەکار دێنێت ((پێویستە بەکردەوە ژیانی خێزانی پاشماوەی ئەنفال خۆش بکرێت نەک تەنیا بکرێتە کارتی فشار)).

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست وارڤین کەوتووە لەپارێزگای دهۆک زیاتر لە ١٧٦٠ خێزانی پاشماوەی ئەنفال هەیە کە تائێستا نە لەلایەن حکوومەتی بەغداو نە لەلایەن حکوومەتی هەولێرەوە بەشێوەیەکی جیدی قەرەبوونەکراونەتەوە، جگە لەو موچە٣٠٠ هەزار دینارییە (هەندێ خێزانیش وەک کەمدەرامەت ٣٠ تا ٧٠ هەزار دینار لەوەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی وەردەگرن).

عەلی بەندی، گوتی: ((داوا لەپەرلەمانتارانی نوێی کورد دەکەین لەبەغدا خاوەندارێتی لەمافە نەتەوەییەکانی کورد بکەن و لەگەڵ ئەوەشدا چاویان لەمافی خێزانە پاشماوەکانی ئەنفال بێت، چونکە لەرەوشێکی نالەباردا دەژین)).

هەروەها دەستنیشانی کرد کە حکوومەتی عێراق بڕی ٨ ملیار دۆلاری بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئەنفالی کوردستان تەرخان کردووە، بەڵام تائیستا جێبەجێ نەکراوە.

ژنانی پاشماوەی ئەنفال لەو خانوانەدا دەژین

((پێویستە نوێنەرانی کورد لەسەر ئەوەش کار بکەن)).

پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەدهۆک پەریزاد شەعبان لەوبارەیەوە دەڵێ، ئەم بابەتە ((زۆر گرنگە))چونکە تائێستا ژنانی پاشماوەی ئەنفال ئەوانەی مێرد، باب، برا و منداڵیان لەدەستداوە لەرەوشێکی ئابووری و دەروونی دژواردا ژیان بەسەر دەبن.

پەریزاد، کاتێ باوکی لەلایەن رژیمی بەعسەوە لە سیدارە دراوە، تەمەنی ٧ ساڵان بووە. ئەو دەڵێ، ((قوربانیانی ئەنفال دەبنە دوو بەش. یەکیان ژنەو ئەوی دیکەش منداڵە کە ئەویش لەگەڵ خەمەکانی دایکیدا گەورە بووە. بۆیە ئێمە هەوڵ بۆ ئەوە دەدەین کە ئەو خێزانانە قەرەبووبکرێنەوە، بەڵام لەسەر بودجەی یەکگرتوو نەک لەسەر ١٧٪ی کوردستان)).

لەهەڵبژاردنی٣/٧ دا(١٧٩٨) پاڵێوراوی ژن لە عێراق کە زیاتر لە (١٦٥)یان لە کوردستان بوون، لەسەر بەدەستهێنانی(٨١) کورسی لەکۆی ٣٢٥ کورسی رکابەرییان کرد.

لە پارێزگای دهۆک کە ١٠ کورسی لەپەرلەمان بۆ دیاریکراوە زیاتر لە ٥٥ کاندیدی لیست و لایەنەکان کێبڕکێیان دەکرد. بەپێی ئەنجامە بەراییەکان تا ئێستا ٣ پاڵێوراوی ژنی لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەنگی پێویستیان بۆ چوونە پەرلەمان بەدەستهێناوە کە پەریزاد شەعبانیش یەکیکە لەو سێ ژنەیە.

حەلیما سندی پاڵێوراوی لیستی گۆڕان (کە هیچ کورسییەکی لە دهۆک بەدەستنەهێناوە) مخابنی خۆی لەوە نیشاندا کە تائێستا کەس وەک پێویست خۆی لە ژنە ئەنفالکراوەکان نەکردووەتە خاوەن.

حەلیما سەندی، کە مامۆستای کۆلیژی ئەندازیاریە لە زانکوی دهوک دەڵێت: ((پێویستە پەرلەمانتارەکان کار بۆ لەچارەسەرییەکی گونجاو بۆ ئەو پرسە بکەن و بەهانای ژنانی پاشماوەی ئەنفالەوە بچن)).

مامۆستایەکی کۆلیژی یاسا لەزانکۆی دهۆک لەوبارەیەوە بە وارقینی راگەیاند کە بەپێی یاسا پێویستە قوربانیان قەرەبوو بکرێنەوە، چونکە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا سزای بەسەر ((تاوانباران)) دا سەپاندووە.

فەرهاد ئەتروشی گوتی: ((پێویستە پارێزەرانی کورد ئەوانەی یاساناس و یاسازانن بەباشی لەسەر ئەم پرسە کار کەن، چونکە ئەم تاوانە سەلمێندراو بەو هۆیەوە چەند سەرکردەیەکی بەعس لەسێدارە دران، بێگومان کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات و لەڕووی مادیشەوە زیانلێکەوتووان قەرەبوو بکاتەوە)).

ئەتروشی کە پاڵێوراوی لیستی هاوپەیمانی کوردستانەو بەپێی ئەنجامە بەراییەکان دەرچووە هێمای بۆ ئەوە کرد: ((ئەگەر پێشتر فراکسیۆنی هاوپەیمانی شتێکی لەوبارەیەوە کردبێت، ئێمە درێژەی پێدەدەین و ئەگەریش نەیکردبێت ئێمە بەپلانێکی جیدییەوە کاری لەسەر دەکەین)).

ئەنفال، سورەتێکی قورئانە کە لەساڵی ١٩٨٨ رژیمی عێراق بەسەرۆکایەتی سەدام حوسێن بۆ پاکتاوکردنی رەگەزی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان بەکارهێنرا، کە بەپێی ئامارەکان ١٨٢٠٠٠ هاوواڵاتی کورد لەچوارچێوەی هەڵمەتەکانی ئەنفالدا بێسەروشوێن کران کە لەپاش ٢٠٠٣ ژمارەیەکیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دۆزرانەوە. هەروەها لەمیانەی ئەو هەڵمەتانەدا زیاتر لە ٥ هەزار گوند وێران کران.

ئەنفالی ناوچەی بادینان کە لە ١٩٩٨/٨/٢٥ دەست پیکرد، بەبۆچوونی عەلی بەندی، لە هەڵمەتەکانی پێشتر زۆر بە هێزتر بوو ((چونکە ئەوکات شەڕی ٨ ساڵەی عێراق- ئێران وەستا بوو، بۆیە رژێم بەهەموو توانای خۆیەوە هێرشی کردە سەر بادینان)).

کوردستان بە ٨ قۆناغ ئەنفال کرا کە قۆناغی ٧و ٨ی دەڤەری بادینانی گرتەوە.

بەرەڤان ئەحمەد

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

www.neteye.com

براکەی بە دوو گوللە بریندار ی کرد

دایک و خوشکەکەشی خنکاندیان

هەولێر

((لەگەڵ دایکم بەبریندار ی رامانکێشایە ژوورەوەو دەستم لەسەر دەمی دانا، دواتر دایکم کراسەکەی بەری داکەندو خستیەملی و خنکاندی و پەشیمانیش نین)). ئەمە قسەی خوشکی جوانە، دوای ئەوەی کە جوان بەبریندار ی لاشەکەی جێدەهێڵدرێت، بەو شێوەیە دەیخنکێنن.

وارڤین – تایبەت: ((لەگەڵ ئەوەی لەهەرێمی کوردستان، ژن کوشتن بەچەک درێژەی هەیە، کوشتنی ٣ژنیتر لەو هەفتەیەدا دەرخەری ئەو نەریتە هەڵەیەیە کە تائێستا چەندین ژن، بوونەتە قوربانی چەکی نێو ماڵەکانەوە. لەژمارەی ٤ـی گۆڤاری وارڤیندا لەدۆسیەی چەک، ئاماژە بەوە کراوە کە لەهەرێمی کوردستان، لەسەرەوەی ١ ملیۆن کەس چەکی هەیەو زیاتر لەنیوەی ئەو ژنانەش کە لەهەرێمی کوردستانیش کوژراون، بەدەستدرێژی چەکەکدارانی پارتەکان بووە. رووداوی کوشتنی جوانیش، هاوشێوەی کوشتنێکی تـرە کـە بـەهـۆی بەربڵاوی چـەک و بەدەستکەوتنی ئاسانی لەنێو ماڵەکاندا رووبداوە. ئەم چەند قوربانیانەو قوربانییەکانییەکانی داهاتوویش درێژکراوەی زنجیرە تاوانی کوشتن بەچەکن.

کاتژمێر ١٠ی شـەو، خوشک و براکەی، سەردانی ماڵەکەی دەکەن بۆ ئاشتکردنەوەی جوان لەگەڵ دایکی، بەڵام دوای ئەوەی پیاوێک لەماڵەکەیدا دەبینن، دوای شەڕو دەمەقاڵێ لەلایەن براکەیەوە جوان بەگوللە بریندار دەکرێت و دواتریش لەلایەن دایک و خوشکەکەیەوە دەخنکێندرێت.

ئەوە بەسەرهاتی جوان قادری تەمەن ٣٢ ساڵە، جـوان خەڵکی قـەزای رەوانـدزەو دانیشتووی گـەرەکـی١ی شوباتی سەر بەشارەدێی کەسنەزانی هەولێرە. جوان خـاوەنـی ئـارایـشـگـای مـیـدیـا بـووە لە کەسنەزان. بەپێی قسەی دایکی، جوان دوو شووی کردووەو شووی یەکەمی کۆڕی خوشکی دایکی بووە. هاوکات برای جوان،

جوانی کوژراو

www.anvein.com

چەک میوانی هەمیشەیی ماڵی کورد

که بکوژیەتی، ژن بەژنەی بە جوان کردووە، بـەڵام ئـەو هاوسەرگیرییە تـەنیا ماوەی دووسـاڵ خایاندوویەتی و هـەردوولا تەڵاق بە تەڵاقیان کردووە. دواتر جوان، شووی بەپیاوێک کردووەتەوە کە ((زۆر لەخۆی گەورەتر بووە)) مانگێک بەر لەئێستا شووی دووهەمیشی مـردووەو بەوەڵیەوە جوان، بەبێ هاوسەر ماوەتەوە. جوان، لەخێزانێکی ٧کەسی بـووە، بەڵام باوکی لەبەرئەوەی ژنێکیتری هێناوە، ئەوانی بەجێهێشتووە.

(م) کە دەکـاتـە دایکی جـوان، تەمەن ٤٧ ساڵ، ژنێکی بااڵبەرزی ڕەشتاڵە بوو و عەبایەکی خەلیجی و لەچکێکی ڕەشی پۆشیبوو. وەک گوتی مـاوەی ٧ ساڵە وەک بەردەست لەنەخۆشخانەی منداڵان و لەدایکبوونی هەولێر کاردەکات.

ئـەو بـەدەم گریان و لەخۆدانەوە باسی نەهامەتییەکانی ژیانی بۆ وارڤین دەگێڕایەوە)) من چەند ساڵە بەردەستییان بۆ دەکەم و پیسایی نەخۆشخانە پاک دەکەمەوە، تەنیا بۆ ئەوەی ئەو منداڵانە بەخێو بکەم ئەوەش پاداشتەکەمە کچەکەم، دوای ئەو هەموو ساڵە ئابرووی بردم و کەوتمە زیندانەوە)).

(م) دایکی ئەو کچە، سەبارەت بەشەوی ڕووداوەکە باس لەوە دەکات کە ئەو ٣ ڕۆژ بەرلە ڕووداوەکە لەگەڵ جوانی کچی شەریان کردووە، لەبەر ئەوەی کچەکەی نەیهێشتووە دایکی شەو لەلای بمێنێتەوە.

مانگێک بەرلەڕووداوی کوشتنەکەی جوان، مێردەکەی بەهۆی نەخۆشییەکی کتوپر گیانی لـەدەسـتـدەدات و دوای ماوەیەک لەسەر بڕیاری ماڵەوەیان لەنزیک ماڵی دایکی خانوویەکی بۆ بەکرێ دەگرن.

وەک دایکی باسیدەکات شـەوانـە لەلای کچەکەی ماوەتەوە، دایکی بەدەم گریانەوە گوتی:))من چەند ساڵێکە خەڵک پێمدەڵێن کچەکەت کاری خراپ دەکات، منیش لەترسی قسەی خەڵکی شـەوان لەلای دەمامەوە، بەڵام ئەو ٣ ڕۆژ بەر لەمردنی شەڕی لەگەڵم کردو گوتی نابێت بمێنیتەوە)).

دایـکـی لـەدرێـژەی گـێـڕانـەوەی چیرۆکی کوشتنی کچەکەی، بە وارڤینی ڕاگەیاند کە (ش)ی برای جوان و (ر)ی خوشکی، دوای نانخواردنی ئێوارە دەچنە ماڵی جوان بۆ ئەوەی لەگەڵ من ئاشتی بکەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی (ش).ی برای هەست بەبوونی کەسێک دەکات لەماڵەکەو پاش پشکنین کەسێک بەناوی (د) کە پێشتر شەریکی

(ش)ی برای جوان بووە لەپشت کانتۆرەکە خۆی حەشاردابوو دەردەپەڕێت.

«من دانیشتبووم کە (ش).ی کوڕم تەلەفونی کرد و گوتی دایکە خێرا وەرە مالّی جوان، کە چووم بینیم کابرایەک لەوێیەو جوانیش جلی خەوی لەبەرە یەکڕاست شێت بووم و کەوتینە لێدانیان)).

بەپێی ئەو زانیاریانەی لە پۆلیس دەست وارقین کەوتوون، (ش)ی برای جوان، داوا دەکات کە خوشکەکەیان و (د) بدرێنە پۆلیس، بەڵام دایکی جوان نایشارێتەوە کە ئەو هانی کوڕەکەی داوە کە جوان بکوژێت.

خوشکی جوان، بەناوی (ر) تەمەن ٢٣ ساڵ، لەچکێکی پۆشیبوو، بەوپەڕی هێمنییەوە رووداوی کوشتنی خوشکەکەی دەگێڕایەوەو لەسەرەتای قسەکانیدا باسی لەوەکرد کە ئەو))پەشیمان نییە لەبەشداریکردن لەکوشتنی خوشکەکەیدا)).

(ر)، نایشارێتەوە کە یارمەتی دایک و براکەی داوە))لەگەڵ براکەم چووینە مالّی جوان، چونکە دایکم بەبراکەمی گوت، جوان جنێوی پێداوم. لەدەرگاماندا جوان دەرگای نەکردەوەو بۆ کلیل دەگەڕا، کە کردیەوە جلی خەوی لەبەربوو، ئێمە گومانمان لێ کردوو دوایی زانیمان، پیاوێکی لەناو کانتۆرەکەی حەشار داوە)). بەپێی قسەی (ر).ی خوشکی جوان، دوای ئەوەی کە دایکی کەوتۆتە لێدانی هەردووکیان داوای لە (ر) کردووە کە بچێت چەک بهێنێت لەماڵەوە بۆ ئەوەی براکەی بیانکوژێت.

دوای ئەوەی (ر) کلاشینکۆفی براکەی دەهێنێت چەکەکە سوارنابێت و دایکی داوا لە (ش) دەکات بچێت چەکێکیتر بهێنێت لەو کاتەدا هەردووکیان دەکەونە لێدانی ئەو کوڕەو ئەویش بەدەم لێدانەوە رادەکات و جوانیش بەدووی دەکەوێت.

(ر) دەڵێت: ((ئەوکاتە کارەبا کوژایەوە کە هەردووکیان رایانکرد (ش)ی برام لەسەیارەکە دابەزی و بەدەمانچە دوو گوللەی لەسەر زەوییەکە تەقاند بەر قاچی جوان کەوت ئێمەش دەمیمان گرت و هێنامانە ژوورەوە چونکە هاواری دەکرد و (د)یش رایکرد)).

وەک (م) دایکی جوان باسی دەکات ئەوان نەیانزانیوە جوان بریندارە، بەڵام کە دەیهێننە ژوورەوە دایکی کراسەکەی بەری دادەکەنێت و دەیخاتە ملی و دەیخنکێنێت.

ئامارێکی ساڵانەی تایبەت بەرووداوەکانی کوشتن لەناو شاری هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٠٩ کە لەلایەن نووسینگەی لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی کوشتنەوە ئامادەکراوە، تێیدا هاتووە کە لەماوەی ٣ ساڵی رابردوو لە ٥٩ گەڕەکی شاری هەولێر، تاوانی کوشتن ئەنجامدراوە کە بەشێکی رووداوەکانی کوشتن خنکاندنیشی لەگەڵ بووە. بریندارکردنی جوان بەگوللەو دواتریش خنکاندنی، دەچێتە چوارچێوەی جۆرێکی تر لەو تاوانانەوە کە هێشتا لە هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

(ر) سەبارەت بەخنکاندنی جوان دەڵێت: ((دوای ئەوەی زانیمان نەمردووە لەگەڵ دایکم رامانکێشایە ژوورەوە دایکم کراسەکەی بەری داکەندو خستیە ملی، منیش دەستم خستە سەر دەمی، بەڵام دایکم گوتی برۆ تەلەفون بۆ باوکت بکە تا هاتمەوە جوان، خنکابوو)).

(ر) وەک دەڵێت ئەو کچێکی ئیماندارەو باوەری بەخودا هەیە، سەبارەت بەو تاوانەی کە کردوویەتی گوتی: ((ئێمە پرسی مەلاشمان کردووە، ئیسلام ئەو کارانەی جوان قبوولّ ناکات و مەلا دەڵێت خودا بە قتل حسابی ناکات)).

سەبارەت بەپەیوەندی جوان لەگەڵ (د)دا، وەک (ر).ی خوشکی باسی دەکات (د) لە بازاڕی هەولێر مۆڵ لەگەڵ (ش) و چەند کەسێکیتر دوکانی جلووبەرگی پیاوانەیان هەبووەو سالێک بەر لەئێستا (ش).ی برایان پارەی بەقەرز داوەتێ، بەڵام ئەو نەیداوەتەوە. بۆیە (ش) چووە لەجیاتی پارەکە جلی هێناوەتەوە. ((هیچ کات نەمزانیوە، پەیوەندی لەگەڵ جوان هەبووبێت)). وەک (ر) باسدەکات، ئەوان حەزیان بەچارەی جوان، نەبووە، چونکە ((بەقسەی نەکردوون و بڕوای بەئەوان نەبووە)).

بەپێی قسەی نزیکێکی جوان))رۆژێک بەر لەکوژرانی (ش).ی برای، دەچێتە مالّی جوان و داوای پارەی قەرزی لێ دەکات، بەڵام دوای ئەوەی جوان، نایداتێ براکەی و دایکی لێی دەدەن. بۆ رۆژی دواتر بەو تۆمەتە دەچنە مالّی و دەیکوژن)). هەر ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: ((جوان خاوەن خانوو سەیارەیەو ناومالّی باشی هەیە، چونکە هاوسەرەکەی هەژار نەبووەو خۆشی کاری دەکرد)).

بەڵام دایکی جوان، ئەو قسانەی رەت کردەوەو گوتی کە (ش)ی کوڕی باری ئابووری زۆر باشەو تەنانەت بە پارەی ئەو سەیارە بۆ جوانی کچی کڕدراوە.

هەر لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری پۆلیسی دەشتی هەولێر عەمید خەیرەددین شەهاب، بە وارقینی راگەیاند کە رۆژی ٩-٣-٢٠١٠ کاتژمێر ٩ی ئێوارە لە کوشتنی ژنێک ئاگادار کراینەوەو مەفرەزەی پۆلیس، گەیشتە شوێنی رووداو. دوای پشکنین و شیکردنەوەی رووداوەکە دەرکەوت کە ژنەکە لەلایەن دایک، خوشک و برایەکەیەوە کوژراوە. ئێستا دایک و خوشکەکەی دەستگیرکراون، بەڵام براکەی رای کردووە. عەمید خەیرەددین ئەوەشی روونکردەوە ((دوای ئەوەی براکەی دوو گوللەی لێدەدات، دایک و خوشکەکەی دەیخنکێنن)). گوتیشی، پشکنینی دەلالەمان کردووەو لێکۆڵینەوەش بەردەوامە. ئەو کەسەی کە گوایە، لەماڵّی جوان بووە برادەری (ش)ی برای جوانەو بەماددەی ٢٤٠، فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەرچووە. براکەی بەماددەی ٤٠٥.ی یاسای سزادانی عێراقی و دایک و خوشکەکەشی بەهەمان ماددە سزا دەدرێن.

دایکی جوان سەبارەت بەو تاوانەی ئەنجامیداوە گوتی:))پەشیمان نیم، لەو شتەی کە کردم، چونکە ئەو کچەم گوێڕایەڵمان نەبوو. ئەویش بووە هۆی ئەوەی ژنم بەسەردا بێت)). دایکی جوان بەدەنگێکی بەرز و بەدەم گریانەوە هاواری دەکرد ((گەردەنی ئازا نەبێت)).

سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس لەو رووداوە، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر، عەمید عەبدولخالق تەلعەت، لەلێدوانێکی تایبەتدا بە وارقینی راگەیاند کە لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لەبارەی ئەو رووداوە کراوە. ((دایک و خوشکەکەی جوان، دەستگیرکراون. فەرمانی دەستگیرکردنی (د) و (ش) هەیەو بەدوای رووداوەکەدا دەچین، تا ئەو دوانەش دەستگیر دەکەین)).

بەشێک لە جەستەی سەگ خواردبووی

دوای ٤ رۆژ
لەرفاندنی بەسووتاوی دۆزایەوە

هەولێر

دوای ٤رۆژ لە بزربوونی کچێک، تەرمەکەی بەسووتێندراوی لەسەر رێگەی هەولێر – بنەسلاوە، دۆزرایەوە. بەڵام بەپێی سەرچاوە پەیوەندیدارەکان تائێستا هۆکاری سووتانەکەی بەتەواوەتی نەزانراوە. لەلایەکی دیکەوە دایکی کچەکە، گومانی لەو کوڕەیە کە ماوەیەک لەمەوپێش هاتووتە داخوازی کچەکەی، بەڵام ڕەتی کردووەتەوە.

بۆکان کاکە شین محەمەد، تەمەن١٩ساڵ. قوتابی قۆناغی شەشەمی ئامادەیی، لە قوتابخانەی باخانی کچان. ڕێکەوتی ٨-٣-٢٠١٠ کاتژمێر ٦ و نیوی ئێوارە لەبەردەم ماڵی خۆیاندا، دەڕفێندرێت، دوای چوار ڕۆژ واتە لە ڕێکەوتی ٥-٣-٢٠١٠ لەسەر ڕێگەی هەولێر- بنەسلاوە، تەرمەکەی بەسووتێنراوی دەدۆزرێتەوە، بەپێی زانیارییەکانی پۆلیس دوای کوشتنی تەرمەکەشی سووتێنراوە. بۆکان، باوکی مردووە. لە گەڵ دوو براو خوشکێکی و دایکی لەکۆمەڵگەی بنەسلاوە دەژین.

لەوبارەیەوە، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر، عەمید عەبدوالخالق تەلعەت لەلێدوانێکی تایبەتدا بە وارڤینی ڕاگەیاند: ((شەوی ٢٠١٠/٣/٥ لە ڕووداوێکی کوشتن لەسەر ڕێگەی هەولێر-بنەسلاوە، ئاگادار کراوەنەتەوە. پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە کچەکە کۆڕاوەکە قوتابی پۆلی شەشەمی زانستییە، دوای کوشتنی تەرمەکەی سووتێندراوە)).

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری پۆلیس، گومان لە)) پیاوێکە بەناوی (ئەحمەد.م) کە فەرماندەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور بووە. ئەو پیاوە داوای لە بۆکان کردووە کە شووی پێبکات، بۆیە گومان دەکرێت ئەو کوشتبێتی)). عەمید عەبدولخالق، ئاشکراشیکرد، کە تەرمەکەی بۆکان شێوێندراوە.

حەنیفە حەمید، دایکی بۆکان، لەدایکبووی ١٩٥٦. دانیشتووی بنەسلاوەیە. وەک دەیگێڕێتەوە، ڕۆژی ١ی٣ی٢٠١٠ کاتژمێر ٦و نیوی ئێوارە دوای نانخواردن، بۆکان چووە پاشماوەی خواردنەکە، فڕێبدات، بەڵام لەوکاتەوە نەگەڕاوەتەوەو ئەوانیش گومانی ڕفاندنیان لێ کردووە. لە٥ی٣ی٢٠١٠ لەسەر ڕێگەی هەولێر - بنەسلاوە، بەسووتاوی دۆزراوەتەوە. حەنیفە، گومانی لە پیاوێکە کە کچەکەیانی کوشتبێت)) گومانم لەکوڕێک بەناوی هەورازە، چونکە کاتی خۆی هاتە داوای بۆکان، بەڵام ڕەتی کردەوەو شووی پێ نەکرد)). حەنیفە، بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی گوتی: ((هەوراز، چەند جارێک هەڕەشەی لە ئاراسی، برای بۆکانیش کردووە، لەبەرئەوەی کچەکەمان نەداوەتێ)). ئاراس زڕبرای بۆکانەو، لەدایکبووی ١٩٨٣ پیشەی کاسبە. ئاشکرای کرد کە ((٧مانگ لەمەوبەر، کەسێک بە چەند ژمارەیەکی جیاواز، تەلەفۆنی بۆ دەکردم و هەڕەشەی لێدەکردم، گوایە خوشکەکەم پێی رابواردووە. ٢٠ ڕۆژ بەر لە ڕفاندنی خوشکەکەم، تەلەفۆنی بۆکردمەوەو هەڕەشەی کوشتنی من و بۆکانی کرد)). ئاراس، هەمانڕای دایکی هەبوو، کە گومانیان لە هەورازە))لەبەرئەوەی خوشکەکەم، شووی پێنەکرد، کوشتی)). ئاراس، کە زڕبرای بۆکانە، گوتی کە ئەو پیاوە، هەڕەشەی لەبۆکانیش کردووە، بەڵام بۆکان، ماڵەوەیانی لەهەڕەشەکانی ئاگادار نەکردووەتەوە ((خوشکەکەم هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەودا نەبوو. خۆی ڕازی نەبوو شووی پێ بکات)).

دواتر ئاراس ئاماژەی بەوەکرد کە ماوەیەک بەر لەئێستا کەسێک بەناوی (ئەحمەد) هاتۆتە خوازبێنی بۆکانی خوشکی بەڵام لەبەر ئەوەی ژن و منداڵی هەبووە ڕازی نەبووە شووی پێبکات.

((بۆکان ڕازینەبوو شوو بەو کوڕە بکات چونکە ژن و منداڵی هەبوو هاوکات ئێمەش ڕازینەبووین بەڵام دوای کوشتنی بۆکان پۆلیس پێیگوتین کە (ئەحمەد) خوشکەکەمی ڕفاندوە)).

سەبارەت بەشێواندنی تەرمەکەی بۆکان، ئاراس ڕوونیکردەوە کە ((بەهۆی کراسەکەی و دەست و پەنجەکانیەوە ناسیویانەتەوە. لەبەر ئەوەی تەرمەکەی دوای کوشتنی شێوێندرابوو)).

ئاراس، لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ وارڤین، ئاماژەی بەوەکرد لەبەر ئەوەی تەرمی خوشکەکەی ماوەی ٤ ڕۆژ لەشوێنێکی چۆڵدا فرێدرابوو بەشێکی زۆری جەستەی ببوو بەپاشماوەی خواردنی سەگ و بەتەواوی شێوێندرابوو.

جێی ئاماژەیە لەماوەی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە، بەپێی ئەو کەیسانەی لای وارڤینن، تاکو ئێستا٦ ژن لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان کوژراون. بۆ پابەند بوون بەئیتیکی ڕۆژنامەوانی، ڕۆژی ١٤-٣ وارڤین، پەیوەندی بە بەڕێوەبەری گشتی بەدواداچوونی تۆندوتیژی دژ بەئافرەتان، کوردە عومەر، کرد، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ لێدوانێک لەوبارەیەوە بدات لەبەرئەوەی))نیوەڕۆیەو ڕۆژی پشووەو زانیاری لەسەر کێشەکان نییە)).

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی

داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمان، سەمیرە عەبدوڵڵا، ئاماژە بەڕێژەی بەرزی سووتان لەکوردستاندا کرد و بەدیاردەیەکی مەترسیداری وەسفکرد))ڕێژەی سووتان لەجیهاندا ٢٪ وە بەڵام لەکوردستاندا ٤٪. واتە دوو ئەوەندەی ڕێژەی جیهانە)). بەپای سەمیرە، هۆکار زۆرەو پێویستە هەڵوەستەی لەسەربکرێت. سەبارەت بە ڕێژەیەکی زۆری سووتان و کوشتنی ژنان، لەماوەی هەڵبژاردن و هەڵمەتی هەڵبژاردندا هۆکاری ئەوەبێت، کە دەزگا ئەمنییەکان سەرقاڵی هەڵبژاردن بوون و ئاگایان لەپرسی ژن، نەماوە. هەروەها ئاشکراشی کرد کە ئەوان، وەکو لیژنە ((ئاگایان لەو ڕێژەیە نییە، بەڵام بەدواداچوون و هەڵوێستیان دەبێت)).

چالاکوانی بواری ژنان، ڕاز ڕەسوڵ لەوبارەیەوە پێیوابوو، ڕێژەی ژن کوشتن بەرزەو پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی تووندوتیژی، بەزووترین کات کاری جیدی لەسەر بکات. ((ئەو کێشانە پێویستییان بە کارکردن و ئامادەیی بەردەوام هەیەو دەبێت شەفافیەت لەکارەکاندا هەبێت. هاوکات ڕای وابوو کە پێویستە ئەو بەڕێوەبەرایەتییە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا هەبێت)). تۆێژەری کۆمەڵایەتی ساکار عەبدولموتەلیب، پێیوابوو، کرانەوەی کوردستان بەڕووی دنیای دەرەوەداو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، یەکێک لە هۆکارەکانی خۆکوشتنی ژنانە، چونکە ئەو ژنانەی کە دەچەوسێندرێنەوەو ئازادییەکانیان لێ زەوت دەکرێت، ژنانی تری ئازاد دەبینن و هاوکات خۆیان ئەو دەرفەتەیان پێنادرێت، بۆیە دەگەنە ئەو ئاستە لەبێزاری و بێهیوایی کە خۆیان بکوژن. ساکار، هۆکارێکیتری خۆکوشتنی بە نەبوونی کەسێکە کە جێی متمانەی ئەو ژنانە بێت، کە کێشەیان هەیەو پێویستیان بە کەسێکە یارمەتییان بدات و گوێیان لێ بگرێت. زۆرجاریش لەئەنجامی گوشارە کۆمەڵایەتییەکان، ژن تووشی نەخۆشی دەروونی بوون و کەسیش نەیزانیوە. تا ئەو ئاستەی بڕیاری خۆکوشتن دەدەن. بەپای ئەو توێژەرە قبوونەکردنی ڕەت لەلای پیاوان، بۆ هۆکاری ژینگەو پەروەردەیی خێزان دەگەڕێتەوە کە کوڕەکانیان وا پەروەردە دەکەن، کە لەژیاندا هەموو شتێک بەپێی خواستەکانی ئەوان بێت و ڕەتکردنەوە لەکەس قبووڵ نەکەن، بەتایبەت ئەگەر لایەنی بەرامبەر ژن بێت.

بۆکانی کوژراو

نەبوونی هۆشیاری سێکسی

((هۆکاری جیابوونەوەی ٨٠٪ی هاوسەرانە))

هەولێر

ئایا کێشەی سێکسی دەبێتە هۆکاری جیابوونەوەی هاوسەران. کێشە لە ژنە، یان پیاو؟ ئایا سێسکردن کردارێکی هەڕەمەکییە، یان دەبێ هۆشیاری و زانینی لەگەڵدا بێت؟

جیابوونەوە

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە وارڤین لەدادوەرێک کە وەریگرتووە، لەتێکڕای ئەو کەیسانەی کە لەساڵانی رابردوو تائێستا بینوویەتی و پەیوەست بەجیابوونەوەی هاوسەران لەهەرێمی کوردستان بووە، نزیکەی ٨٠٪ی هۆکاری جیابوونەوەکان، بۆ نەبوونی هۆشیاری سێکسی و گرفتی سێکسی دەگەڕێنەوە. هاوکات گوتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، دادوەر عەبدولباست فەرهادی، ئاماژە بەتۆمارکردنی رێژەیەکی زۆری سکاڵا لەدادگا دەکات، کە بەهۆی ناتێگەیشتن و نەگونجانی هاوسەران، لەسەر پرۆسەی سێکسی تۆمارکراون. ئەوەشی خستەڕوو کە زۆربەی پیاوان، بەهۆی نەبوونی هوشیاری سێکسی لەگەڵ گەیشتنی خۆیان بەچێژی سێکسی، گرنگی بەئارەزووی هاوسەرەکانیان نادەن. یاخود هەندێ شت لەهاوسەرەکانیان دەخوازن، بێئەوەی گوێ بەحەزی ئەوانەوە بدەن. یاخود بەشێکی زۆر لەگەنجان، هەموو بوارەکانی خێزان، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بوارەکانی تری ژیان، بەسێکس دەزانن. بەڵام کاتێک دەچنە واقیعی پرۆسەکە دەبینن کە وانییە. ئەوەش هۆکارێکی تری دروستبوونی کێشەی نێوان هاوسەرانە.

کێشەی سێکسی

هەرچەندە لەیاسای باری کەسێتی، ماددەی ١٢، ئاماژە بەوەکراوە))هیچ ملکەچکردنێک لەلایەن مێردەوە ناسەپێندرێتەسەر ژن و ژنەکەش نایسەپێنێتەسەر مێردەکەی بۆ هەر کارێک کە پێچەوانەی حوکمەکانی شەریعەو یاسابێت))، بەڵام نموونەی ئەو ژنانەی کە لەو ریپۆرتاژە بۆچوونەکانیان خستووەتەڕوو لەلایەن پیاوەکانیانەوە ملکەچ بەسێکسکردن، کراون. لەچاوەڕوانی بڕیاری دادگابوو، تا لەهاوسەرەکەی جیابێتەوە. ماوەی ٢ساڵە هاوسەرگیری کردووە، بەڵام بەهۆی کێشەی سێکسی، لەنێوان خۆی و هاوسەرەکەیدا بڕیاری جیابوونەوەی داوە. نەسرین حەمید ٢٤ساڵ، ژنی ماڵەوەیە. سەرەتای دروستبوونی گرفتەکانی، بۆنەبوونی رۆشنبیری سێکسی دەگەڕێنێتەوە، چونکە هاوسەرەکەی)) هەمیشە هەوڵیدەدا، لاسایی فیلمە سێکسییەکان، بکاتەوەو گوێی بەهیچ ئارەزوویەکی من نەدەدا، هەرجارەی سێکسی لەگەڵ دەکردم، واهەستم دەکرد کە ئەتکم دەکات. بۆیە گەیشتمە ئەو بڕیارە)). نەسرین، جەخت لەسەر جیابوونەوە دەکات، ئەگەر دادگاش بڕیارەکەیان دوابخات ((ئامادە نیم جارێکی تر لەگەڵ ئەو پیاوە بژیم)). سازان شوکر، فەرمانبەرە. لەگەڵ ئەوەی ٢منداڵیان هەیە، بەڵام ماوەی ٤ساڵە بەهۆی بوونی کێشەی سێکسی، لەهاوسەرەکەی جیابووەتەوە. وەک سازان، باسی لێوەدەکات کە هاوسەرەکەی نەخۆشی سێکسی هەبووەو توانای ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیەی زۆرکەمبووە، بۆیە لەناخیدا بووەتە گرێیەکی دەروونی و سێکسکردنی ئاسایی نەبووە))هەرکاتێک سێکسمان بکردایە، وەک ئەوەبوو کە تۆڵە لەکەسێک بکاتەوەو بەوهۆیەوە زۆر ئازاری دەدام. ئەمەش وایلێهات کە تووشی گرێی دەروونی بم. بۆیە بڕیارمدا جیابمەوە)). ئەمەل حوسێن، ٢٩ ساڵە. ماوەی ٣ ساڵە شووی کردووە، بەڵام مانگی رابردوو لەهاوسەرەکەی جیابووەتەوە. ئەو ژنە منداڵی نییەو هاوسەرەکەی پارێزەر بووە. ئەمەل، ئاشکرای دەکات کە بەردەوام لەسەر شێوازی سێکسکردن لەگەڵ هاوسەرەکەی کێشەیان هەبووە، ئەمەش وایکردووە دادگا، کێشەکەیان بەجیابوونەوە یەکلایی بکاتەوە. وەک خۆی دەڵێت، بەهۆی کێشەی بەردەوامەوە نەیهێشتووە منداڵی ببێت. بەڕای ئەمەل، نەبوونی هۆشیاری دەربارەی لەشی ژن و پرۆسەی سێکسی، پەیوەندی بەوەوە نییە کە پیاوەکە خاوەن بڕوانامەیە یان نا، چونکە هاوسەرەکەی ئەو پارێزەرە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر نادروست مامەڵەی لەگەڵ کردووەو هیچ شتێکی لەبارەی هۆشیاری سێکسی نەخوێندووەتەوە)) هەر گۆڤار و رۆژنامەیەکیش کە سەیری دەکرد، ئەگەر باسی رۆشنبیری سێکسی تێدا کرابا، ئەوا لاپەڕەکانی دەدڕانـــد)). ئـەو، وەهـا باسی بیرکردنەوەی هاوسەرەکەی دەکات))وایدەزانی چێژی سێکسی، تەنیا مافی پیاوەو بەوهۆیەشەوە، تەنیا من ئازارم دەچەشت)). لەبارەی دەستنیشانکردنی جۆری سزا بۆ ئەو پیاوانەی کە هاوسەرەکانیان رووبەڕووی تووندتیژی سێکسی دەکـەنـەوە، عەبدولباست فەرهادی، دەڵێ سزای ئەم حاڵەتانە لەدادگا تەنیا بەجیابوونەوە بڕیاری لەبارەوە دەدرێت. بەپێی زانیاری وارڤین، زۆرترین سزایەک کە لەو پیاوانەی بەگشتی لەهاوسەرەکانیان جیادەبنەوە، جا هۆکارەکە گرفتی سێکسی بێت یان کێشەیەکی تر و پیاوەکە داوای جیابوونەوە بکات، ئەوا بڕێک پارە وەک قەرەبوو بۆ ژنەکە، لەپیاوەکە وەردەگیردرێت. هەروەها ئەگەر حاڵەتەکە خولع بوو، واتە ژنەکە داوای جیابوونەوەی کرد، زۆرترین جار ژنەکە، مافی قەرەبووکردنەوەی پێنادرێت.

سێکسکردن

سێکس وەک غەریزە یەکێکە لەپێویستییەکانی مرۆڤ، بەڵام هەموو بنەماکانی ژیانی هاوسەرگیری پێکناهێنێت، بۆیە ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسی پێویستی بەهۆشیاری و چۆنیەتی مامەڵەکردنەوە هەیە. پسپۆڕی تەندروستی دەروونـی، ڕێزان ئیبراهیم، وێڕای تێربوونی لایەنە رۆحییەکە، سێکس بـەهـۆکـاری بـەردەوامـبـوونـی ژیـان و وەچەخستنەوە دەزانێت، لەبەرئەوە دەبێت پیاو، هەستیاری و ناسکی جەستەی ژن، لەبەرچاو بگرێت، چونکە جەستەی ژن بەهۆی بینینی سـووڕی مانگانەو منداڵبوون و شیردانەوە، لەجەستەی پیاو ناسکترە. هەرکاتێک ژن توانای ئەنجامدانی سێکسی نەبوو، ناکرێت زۆری لێ بکرێت، ئەگەر ژنەکە ناچار بەسێکسکردن کرا ئەوا

دەچێتە خانەی ئەتککردنەوە، کارێکی لەگەڵ دەکرێت کە بەخواستی خۆی نییە. بۆیە ئەو پسپۆڕەی دەروونی، دەرچوونی یاسایەک بۆ ڕێکخستنی ئەو جۆرە پەیوەندییانە بەگرنگ، دەزانێت. پسپۆڕی ژنان و لەدایکبوون فەزیلە کەمەرخان، ئاماژە بەگرنگی پرۆسەی سێکسی دەکات، بەمەرجێک بەشێوەیەکی دروست و زانستییانە ئەنجامبدرێت. هەروەها پێویستە خواستی هەردوولای لەسەربێت. بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفتی جەستەیی و دەروونی وەک، دروستبوونی ئازار و نەخۆشی لەکۆئەندامی زاوزێی ژن کە تاماوەیەکی زۆر کاریگەرییەکانی دەمێنێتەوە. هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ژنە سێکسی لەبەرچاو بکەوێت و هیچ لەزەتێکی لێ نەبینێت. کاتێکیش ئەنجامیدا، تەنیا بۆ رازیکردنی دڵی پیاوەکەی بێت. بەڕای د. فەزیلە، کاتێک پیاو، هەستی بەو ساردییە کرد، ژنەکە تاوانبار دەکات و پەنا بۆ ژنانی تر یاخود هێنانی ژنێکی تر دەبات. تۆڕەری کۆمەڵایەتی هێدی خدر، هەماهەنگی نێوان هاوسەران، بەنهێنی سەرکەوتنی ژیانی هاوسەرگیری دەزانێت، پرۆسەی سێکسیش یەکێک لەبنەماکانە. زانایانی بواری کۆمەڵناسی خێزانی، کە یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی گشتییە، چەند هۆکارێکی سەرەکی بۆ تەشەنەکردنی گرفتەکانی نێوان هاوسەران دیاری دەکات کە دەیانگەیەنێتە خاڵی جیابوونەوە. یەکێک لەو هۆکارانە بوونی کێشەی سێکسییە، لەنێوان هاوسەراندا. بەبڕوای هێدی، گرفتی سێکسی، یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی، خیانەتی هاوسەری و فرەژنییە. پارێزەر پەیمان سدیق، خێزانی کورد دەربارەی وروژاندنی کێشە سێکسییەکان بەداخراو دەزانێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ هەندێ کەیس دەکات کە بەهۆی ئەنجامدانی توندوتیژی سێکسی لەلایەن هاوسەرەکانییان لەدادگا تۆمارکراون. پەیمان، لەئەنجامی شیکاری ئەو کەیسانەی کە بینویەتی، دەگاتە بۆچوونێک کە دەڵێ، زۆر لەپیاوان تەنیا ئارەزووەکانی خۆیانیان لاگرنگەو وەکو، ئامراز مامەڵە لەگەڵ ژن دەکەن. یاخود ژن داوای سێکس بکات، پیاو بەچاوێکی ناشایستە لێی دەڕوانێت. ئەو پارێزەرە گوتیشی کە کێشەیان هەبووە، پیاوەکە داوای سێکسی بەشێوەیەکی نادروست لە هاوسەرەکەی کردووە، یاخود داوای سێکسی دواوەی لێکردووە. بۆیە ژنان، هاندەدات کە هەرکاتێک ڕووبەڕووی مامەڵەی توند بوونەوە، لەجیاتی خۆکوشتن، با پەنا بۆ دادگا بەرن و داوای مافەکانیان بکەن. لەبارەی چارەسەری ئەو حاڵەتە، هەموو پسپۆڕان، لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەنجامدانی سێکسی تەندروست پێویستی بەهۆشیاری سێکسی هەیە. د.ڕێزان پێیوایە، دەبێت زانیاری سێکسی بخرێتە ناو سیستەمی خوێندن، بۆ ئەوەی گەنجان شارەزایی پەیدابکەن و دووچاری ئەو جۆرە گرفتانە نەبن. هەرکاتێک منداڵێک، پرسیارێکی وای بەخەیاڵدا هات، بەدروستی وەڵامی بدرێتەوە. هێدی خدر، کردنەوەی خول، بەرلەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری، بەپێویست دەزانێت. بەمەرجێک تێیدا تەواوی زانیاری پێویست بەکچ و کوڕان بگەیەنرێت. د.فەزیلە، بوونی پڕۆگرامی پێویست لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆ دروستبوونی هۆشیاری سێکسی لای پیاوان بەگرنگ دەزانێت، تا بەوپەڕی هەستکردن بەربەرپرسیارێتییەوە، پرۆسەی سێکسی، ئەنجام بدات.

بۆکان هیوا

دڵپیسی، دیاردەیەکی وێرانکەر

پرۆفیسۆر کەریم قەرەچەتانی:

ژن زیاتر دڵپیسی لە هاوسەرەکەی دەکات

سلێمانی

دڵپیسی لەگەڵ ئەوەی دیاردەیەکە لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناویندا زۆرە و کۆمەڵگای کوردستانیش لەو دیاردەیە بێبەش نییە. پسپۆڕانی ئەو بواره، دەڵێن کە دڵپیسی ژنان لە پیاوان دڵپیسترن، چونکە کۆمەڵگا پیاوسالارییەو تێیدا ژن چەوسێنراوەتەوە. هاوکات پیاوێک دان بەوەدا دەنێت کە دڵپیسەو بڕوای بەخێزانەکەیشی هێناوە کە ئەو رێگەیە تەندروستە.

زۆرن ئەو ژنانو دەروونناسانەی کە پێناسەی دڵپیسیان کردووەو پێوەی سەرقاڵبوون، هەیانە گوتوویەتی: دڵپیسی دەشێ لەنێوان دوو کەس روو بدات، لەکاتی خێزانداری یان لەقۆناغی دڵداری و دەزگیراندایدا بێت. ئەگەر ئاسایی بوو، نەگەیشتە حاڵەتی گومانکردن، بێباوەڕی و بێمتمانەیی و ماوەی هەفتەیەک یان دوو هەفتەی خایاند، ئەوا دەکرێت بەحاڵەتێکی سۆزداری و پاسەوانێتی پەیوەندییەکی خۆشەویستی دابنرێت، رەنگە لەبەر جوانی و شۆخوشەنگی کەسی بەرامبەر بێت. رەنگە لەترسی فەوتاندن و مەیسەرنەبوونی پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان دوو دڵدادرا بێت. بەڵام هەیانە دەڵێ، دڵپیسی نەخۆشییە. چونکە گەیشتووەتە ئەو دۆخەی کە سنووورەکانی ئەو چەمکانەی سەرەوەی تێپەڕاند (کە باسمان کردن) بۆیە چووەتە قۆناغی نەخۆشی دەروونییەوەو پێویستە کەسی دڵپیس، سەردانی پزیشکی دەروونیی تایبەت بکات و چارەسەری بۆ بکرێت. لەو رێپۆرتاژەدا وەڵامی سێ پرسیار، دراوەتەوە کە ئایا دڵپیسی حاڵەتە، یان نەخۆشی؟ رێژەکەی لای ژن زۆرترە یان پیاو؟ هەروەها رێگەچارەی دڵپیسی چییە؟

لەوبارەیەوە مامۆستای زانکۆ، مەریوان عومەر، کە هەشت ساڵە خێزانی پێکهێناوەو سێ منداڵی هەیە، باسی لەوەکرد کەدڵپیسی دیاردەیەو لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا هەیە، تاکی کوردیش لەم دیاردە نەگریسە بێبەش نییە،))وا تێدەگەم کە ئەم دیاردەیە نەخۆشی بێت نەک دۆخ و حاڵەتێکی ئاسایی، چونکە کەسی دڵپیس، گومان لەهەموو کەسێک و شتێکی دەوروبەر دەکات. هەروەها رێژەی دڵپیسی لای پیاوی کورد زۆرترە، چونکە ئەم کۆمەڵگایە پیاوسالارییەو مێرد خۆی بەئاغای ژنەکەی و ماڵەکەی دەزانێت و دەیەوێت فەرمان دەربکات و لەهەموو رەفتارێکی ژنەکەی بپرسێتەوە)). بۆ وەڵامی چارەسەری ئەو دیاردەیە، ئەو مەریوان عومەر، بەپێویستی دەزانێت کەهەر لەسەرەتاوە هیچ لەو هاوسەرانە دڵپیسی لەیەکتر قبوڵ نەکەن، چونکە چارەسەری نییەو ژیان لەیەکتر دەکەن بەدۆزەخ. لەلای خۆیشەوە د. گەلاوێژ کە پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنانەو نزیکەی ٢٠ساڵە هاوسەرگیری لەگەڵ پزیشکێکدا کردووەو چوار منداڵیان هەیە. بەهێمنی قسەی لەوبارەیەوە کردو گووتی:))جاروبار دەکرێت هاوسەرێک پێکەنینی هاوسەرەکەی لەگەڵ بێگانەیەکدا یان چوونە دەرەوەی بەتەنیایی قبوڵ نەبێت و هەروەها خۆڕازاندنەوەو خۆجوانکردنی ژنەکەی نیگەرانی بکات، بەڵام ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام نەبوو، زوو هاتەوە دۆخی جاران و بەدیالۆگکردنی نێوانیان دووبارە نەبووەوە، ئەوا ئەم دڵپیسییە جۆرێکە لەئیرەیی سروشتی و گوزارشتە لەخۆشەویستی)). ئەو پزیشکە وایدەبینێت کە دڵپیسی نەخۆشییەو ماڵوێرانییە، چونکە متمانەو بڕوابوون بەیەکتر ناهێڵێت))ژنی کورد زۆرتر دڵی لەهاوسەرەکەی پیسە، چونکە حەز ناکات ژنی دووەمی بەسەربێت و حەزی لەخیانەت نییە)). خاتوو شیرین فەرەج، بەڕێوەبەری قوتابخانەیە، گوتی کە دڵپیسی نەخۆشییەکە کەسانی نارۆشنبیرو نەزان و نامەردنی دووچاری دەبنەوەو لەناو ئەواندا تەشەنەی کردووە)) چونکە کەللەڕەقن و گومان لەهەموو کەسێک دەکەن و خۆیان پیسن و داوێن پیسی دەکەن، بۆیە وادەزانن کە هاوسەرەکەشیان کە دەچێتە بازاڕ، یان بۆ دەوام، داوێن پیسی دەکات)). شیرین، باس لەوەدەکات کە زۆربەی پیاوی کورد، دڵیان لە ژنەکانیان پیسەو زۆربەی هاوڕێکانم بەدەست ئەو حاڵەتەوە دەناڵێنن و هیچ چارەسەرێکیشیان نییە. هەروەها بەبەردەوامی شەڕیانەو هەندێکیان بەزۆرەملێ داوای تەڵاقیان کردووە)). چارەسەر ئەوەیە کە کچەکان ئەوەیان بۆ روون ببێتەوە کە ئایا ئەو کوڕەی شووی پێدەکەن، ئەگەر دڵپیسە، ئەوا بەهیچ جۆرێک شوو نەکەن و پرچی سپی بهۆننەوە زۆر باشترە)). ئەوەی لەو رێپۆرتاژە دەخوێندرێتەوە دانپێدانانی پیاوێکە کە باس لەدڵپیسی خۆی دەکات و باوەڕی بەژنەکەیشی هێناوە کە ئەو رێگەیە تەندروستە. م. فەرهاد ع.س.(کە لەسەر خواستی خۆی ناوی سیانی ناهێنین)، دەزگیراندارەو نەچووەتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە. وەک ئاماژەیدا کە لەبەرئەوەی دایکی کەسێکی دڵپیس بووەو لەسەر هەق بووەو زۆرجوان و بێ هیچ گرفتێک بەخێوی کردوون، هەرگیز نەیهێشتووە))هیچ رەفتارێکی ئازادانە بکەم و قسە لەگەڵ کچە دراوسێ یان خزماندا بکەم، تاتووشی خراپەکاری نەبم، منیش دەمەوێت دەزگیرانەکەم قسە لەگەڵ کەس نەکات و بەدەم کەسەوە پێنەکەنێت)). م.فەرهاد، ئەوەی خستەڕوو کەهاوسەرەکەی داوای مۆبایلی لێکردووە، بەڵام ئامادەنییە بۆی بکرێت، چونکە یەکەم زۆر جوانە، دووەم زۆر ساویلکەو دڵپاکەو زوو لەخشتەی دەبەن))نامەوێت تووشی هیچ بەڵایەک ببم و بەبێخەم و کێشە بچینە پرۆسەکەوەو ماڵێکی خۆمان هەبێت. لەبارەی ئەو پرسیارەی کە ئەگەر دڵپیسی لە هاوسەرەکەت بکەیت، ئەو ماڵە بۆ خێزانەکەت ناکەیت بەزیندان، کەوا جوان و ساویلکەیە؟ لەوەڵامدا گووتی نە، مەرجەکانی خۆم پێگوتووەو ئەویش رازییەو بەڵایەوە زۆر باشە، چونکە هەست دەکات کە خۆشمدەوێت)). شەوبۆ حوسێنی فەرمانبەر، یەکەم گوتەی بەوە دەستپێکرد کە تاسەر ئێسقان دڵی لەپیاوەکەی

پیسە. پێناخۆشە قسەو تەلەفۆن لەگەڵ هیچ ژنێکی تردا بکات کە نایناسم، ئەمەش بەرامبەر بـەو، نیشانەی خۆشەویستییە، چونکە)) هاوسەرەکەم چاوباشقالّەو حەزی لە ژنی جوانەو خۆشی قـۆزە)). هۆکاری دڵپیسییەکەیشی بۆ ئـەوە گـەڕاندەوە کە ئـەوان منداڵیان نابێت و خەتاکەش لەهاوسەرەکەیەتی، کەچی باسی ژن هێنان دەکات))بۆیە دڵم لێی پیسە)). لەبارەی هـۆکـار و ناساندنی دڵپیسییەوە تۆژەری کـۆمـەڵایـەتـی، خـاتـوو گۆنا ئەحمەد کەریم، بـۆچـوونـی وابـوو کـە دڵپیسی، نەخۆشییەو لەو کەسانەدا دروست دەبێت کە پەروەردەی خێزانییان ئاڵۆزە، شەڕوشۆڕ لەنێوانیاندا هەبووەو متمانەو خۆشەویستی نێوان دایـک و باوک، لاوازە. هەروەها نزمی ئاستی رۆشنبیری و هزری خێزانەکی، هۆکارن لەوەی کە تاکی بێمتمانەو باوەڕ پەروەردە بکەن. هەروەها بێمتمانەیی بەرامبەر بەرەگەزی بەرامبەر، وا لەمرۆڤ دەکات کە بیر لەشتی وەهمی و خەیاڵێکی بێبنەما بکاتەوە. ئەو تۆژەرە دەڵێت مرۆڤی ئاستنزم و خێزانەکی راستی لێ ون بووەو بەچەواشەیی تەماشای دەوروبەری دەکات))ئافرەت چووە دەرەوەو ماکیاژی کرد، وا دەزانرێت کە ئەو ژنە خۆی بۆ کاری سێکسی و داوێنپیسی، دەڕازێنێتەوە)). هەروەها گوتی:)) پیاوان سەرچاوەی دروستبوونی دیاردەی دڵپیسین و ژنانیشیان فێرکردووە کە دڵی لەهاوسەرەکەی پیس بێت)). بۆ چارەسەریش گوتی: تاکی دڵپیس، پێویستە بچێتە لای پزیشک و ئەو نەخۆشییەی چارەسەر بکات، تا کۆمەڵگا بەتەواوی تووشی ئیفلیجی نەکات. هاوکات پرۆفیسۆری ناوداری دەروونزانی د.کەریم قەرەچەتانی، دڵپیسی دابەشی سەر دووجۆر دەکات: یەکێکیان ئەو حاڵەتەیە کە گومان لەکەسی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام بنەمای هەیەو هۆکارەکە ئاشکرایە، چونکە رەفتار یان قسە یـان شتێک بینراوەو لەسەر بناغەیەک دڵپیسی لەکەسی نزیک یان خۆشەویست دەکرێت و ئەمەش ناکرێت بە نەخۆشی ناو ببرێت. بەڵام جۆری دووەمی بەوە ناساند کە دەبێتە دیاردەیەکی ناوازە، یان کەسەکە نەخۆشی پارانۆیای لەگەڵدایە کە رۆڵێکی گەورە دەگێرێت و دڵپیس وا لێدەکات کە گومان لەهەموو شتێک بکات، بەبێ ئەوەی هیچ بنەمایەک لەئارادا بێت. هەروەها لەهەموو کەسێک یان رەفتارێک یان شتێکی نزیک بەئەو گومانی هەیە، وادەزانێ هەموو قسەو کردەوەیەک دژ بەو دەکرێت و ئاڕاستەی دەکرێت. ئەمەش خەسڵەتی کەسایەتی نەخۆشی پارانۆیایە. لەوەڵامی ئەوەدا کە ئایا کامیان دڵپیسترن، ژن یان پیاو، د. قەرەچەتانی، گوتی: ژنی کـورد لەبەرئەوەی زۆر چـەوسـاوەتـەوەو مەینەتی و دەردەسـەری چەشتووە، متمانەو بڕوای بەپیاو نەماوە، بۆیە ئەو هەمیشە دڵی لەهاوسەرەکەی پیسەو رێژەکە لەژناندا زیاترە. هەروەها گوتی: دڵپیسی گرێدراو بەنەخۆشی پارانۆیایە، چونکە رادەی گومانی زۆر بەرزەو بڕوای بەهاوسەرەکەی نییە. ئەوپسپۆڕەی دەروونزانی، بەپێویستی دەزانێت کە ئەوکەسەی دڵپیسی دەکـات، سەردانی پزیشکی دەروونی بکات، تا دانیشتن و جەلساتی لەگەڵدا بکرێت و دەرمانی تایبەت وەربگرێت.

سارا محەممەد / محەممەد ئەحمەد

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

www.rateye.com

پێگەی ژن لە ئابووریی ئیماراتدا

٦٦٪ی کارەکانی حکوومەت ژن بەڕێوەی دەبات

دووبەی

ئەندازیارێکی پڕۆژە پێشکەوتووەکان لە دووبەی بەوارغینی راگەیاند کە دەوڵەتی ئیمارات لەڕێگەی کردنەوەی بانکی تایبەت بۆ ژن و بەشدارکردنیان لەڕاپەڕاندنی کاروباری حکوومەتدا ڕێژەیەکی بەرچاوی ژنی هێناوەتە گۆڕەپانی ئابووری. ئەو ئەندازیارە هەروەها گوتی کە لەئیمارات ئەنجومەنێک بەناوی ئەنجومەنی ژنی ماڵ هەیە کە هاریکاری ژن دەکەن تا بەشداریان لەپڕۆژەکاندا بەرچاوتر و زیاتر بێت.

پێشکەوتنی ئابووری لە ئیمارات، ڕۆژانە سەردێڕی هەواڵ و ئاژانسەکانی جیهانەو هەروەها باس لەو ژمارە پێوانەییانە دەکرێت کە ساڵانە دووبەی لەبواری ئابووری، تەلارسازی، پێشڤەچوونی زانست و فەرهەنگ تۆماری دەکات. هاوکات لەگەڵ ئەوانەشدا لە ئیمارات ژمارەیەکی بەرچاوی دامەزراوەی خێرخوازی، کۆمەڵەی هاریکاری هەژاران و ڕێکخراوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتیش هەن. ئەم وڵاتەی کە ئێستا وەها باس لەپێشکەوتنی دەکرێت، چەند دەیە لەمەوپێش بیابانێک بوو کە مرۆڤ تەنیا ڕەشماڵ و حوشتری تێدا دەبینی، بەڵام بەهەوڵی بەرپرسان و گەلەکەی و بەوەگەڕخستنی پلانێکی پێشکەوتووی وەبەرهێنان، توانرا ئیماراتی ئەمڕۆی لێ بنیات بنرێت.

گەشەسەندنی ئابووری

نەخشەی سەرکەوتنی ئابووری لەئیمارات بەوە دەستپێکرد کە بەها ئیسلامییە ڕەسەنەکان لەگەڵ بەرنامە ئابوورییەکاندا گونجێندران. ئەو هەنگاوە ئابوورییە گەورەیەی کە لەو وڵاتەدا نرا لەگەڵ پێشخستنی هەردوو بواری بازرگانی و کۆمەڵایەتیدا هاوشان بوو. ئەمەش سەرنجی گەشتیارانی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. لەگەڵ ئەوەی، گەشەسەندنی تێکڕای بەرهەمی ناوخۆیی ئیمارات، بۆ بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبازارەکانی جیهاندا گەڕایەوە، سەرکەوتنی پلانە ستراتیژییەکەشی لەڕاکێشانی کۆمپانیاجیهانییەکان بۆ وەگەڕخستنی وەبەرهێنان، کاریگەری هەبوو. هۆکارێکی تریش کەمی باجدانان لەسەر وەبەرهێنانی کۆمپانیا و تاک بوو کە لەپڕۆسەی بنیاتنانەوەی ئابووریدا بەشداریان پێکرا. تێکڕای داهاتی تاک لەساڵی ٢٠٠٦، سی و هەشت هەزار دۆلار بوو. ئەم ژمارەیە داهاتی تاکی ئیماراتی خستە ڕێزبەندی ٢٥ وڵاتی یەکەمی جیهان کە خاوەنی بەرزترین داهاتی تاکن. هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنی ئەم وڵاتە بۆ فرەیی سەرچاوەکانی ئابووری نیشتمانی، دەگەڕێتەوە. ئەویش لەڕێگای دامەزراندنی ٢٥ ناوچەی بازرگانی ئازاد کە خزمەتی سەرجەم کەرتەکانی پیشەسازی، بەبواری دارایی و تەکەنۆلۆژییەوە دەکات. ئیمارات، پێگەهاتەیەکی میرنشینییە و ئەبوزەبی، دووبەی، عەجمان، شارقە، ئوم قیون، راس الخیمە ناوچە سەرەکییەکانی ئەم میرنشینییە پێکدێنن. لەم ناوچانەدا بەبەراورد لەگەڵ سعودیە کەمتر پشت بەداهاتی نەوت دەبەستڕێت.

ئیمارات و قەیرانی جیهانی

ئابووری ئیمارات لەساڵی٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٩ بەهۆی قەیرانی ئابووری جیهانەوە هەندێ گۆڕانی بەسەردا هات. لە ٢٠٠٦، ئیمارات کەوتە ژێر کاریگەری خراپی ئەو تەنگەژە ئابوورییەی کە جیهانی گرتەوە، بازاڕ، بانکەکان، هاوردەو هەناردەی زیانی بەرکەوت. پڕۆژە بیناسازییە زەبەلاحەکان بەهۆی ئەم قەیرانەوە دواخران و گەشەی ئیماراتیش بۆ ٧،٤٪، دابەزی. نرخی هەناردەی بەرمیلی نەوتیش دابەزی. نرخی بەرمیلێکی نەوت لەساڵی ٢٠٠٨، سەد و چواردە دۆلار بوو، بەڵام لە ٢٠٠٩، نرخەکەی بۆ $٥٩ دابەزی، ئەوەش لەگەڵ خۆیدا داشکانی بازاڕی نێوخۆیی ئیماراتی هێنا، بەشێوەیەک کە بازاڕی دووبەی بەڕێژەی ٧٠٪ داشکاو ئەبوزەبیش بە ٤٥٪. هەرچەندە ئەم قەیرانە کاریگەری لەسەر ئیمارات هەبوو، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی زیاتر ڕەهەندی ئابووری گرتەوە. لەم قەیرانەدا کەرتی خانوو و زەوی، گەورەترین گۆڕزی بەرکەوت. هەروەها ئەم قەیرانە کاریگەری لەسەر بانکەکان هەبوو و کۆمەڵێک کۆمپانیا کەوتنەژێر قەرزێکی گەورەوە. بەقسەی بەرپرسانی ئەو وڵاتە، قەیرانەکە کاریگەری زۆری هەبووە، بەڵام ئەو وڵاتەی نەگەیاندووەتە لێواری داروخان. ئێستا کاریگەری ئەم قەیرانە لەسەر ئەبوزەبی کەمتر بووەتەوە، بەڵام لەدووبەی هەر ماوە.

ئەبوزەبی و قەیرانی ئابووری

ئەبوزەبی، پایتەختی ئیماراتەو گەورەترین میرنشینە. لەبەرهەمهێنانی نەوتدا لەریزی پێشەوەیەو ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ١,٦ ملیۆن و لەبواری ژێرخانی ئابووریدا بەگەورەترین و پێشکەوتووترین شاری دنیا دەژمێردرێت. ئەبوزەبی، لەهەردوو بواری کار و گەشتیاریدا، ناوەندی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتەیە. بریکاری فەرمانگەی گەشەسەندنی ئابووری ئەبوزەبی، محەمەد عومەر عەبدوڵڵا، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی لەمیانەی کۆربەندی ئابووری ئەبوزەبیدا گوتی، لەگەڵ ئەوەیدا کە قەیرانی ساڵی دووهەزاروشەش، سیستەمی دارایی جیهانی هەژاندووە، بەڵام حکوومەت بەپلانێکی گونجاو و خێرا توانیویەتی لەو تەنگەژەیە رزگاری بکات. ئەو بەرپرسەی ئیمارات ئاشکرای دەکات کە بۆ ساڵی دووهەزار و سی، پڕۆسەی گۆڕانکارییەکی کاریگەر لەو شارەدێتە ئاراوە کە بەرژەوەندی هەموو لایەکی تێدایە و گۆڕان بەسەر هەیکەلی سیستەمی

www.netewe.com

شارەکەدا دەهێنرێت. بەرپرسانی فەرمانگەی گەشەسەندنی ئابووری دووپاتیدەکەنەوە کە ئەبوزەبی لەهەلومەرجی ئێستادا پەرەسەندنی ئابووری و وەبەرهێنانی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. ئەویش لەسایەی ئەو بەرنامە ئابووریيەیە کە جەخت لەسەر فرەیی سەرچاوەکانی تاک دەکاتەوە. پەرەسەندنی کەرتی بانک و ئابووری، بەگرنگترین بنەماکانی پێشکەوتنی ئەبوزەبی دادەنرێت، چونکە ئەو شارە گەورەترین توانای لەسەر ئاستی وڵاتانی کەنداو و رۆژهەڵاتی ناڤین هەیە. کەرتی دارایی ئەبوزەبی، بازاری نەختینە داراییەکان و سی بانکی نیشتمانی لەخۆدەگرێت کە لەنێوانیاندا شەش بانکی ئیسلامی و بیست و شەش بانکی بیانی تێدایەو بەرامبەر بەسوودێکی کەم قەرزی گەورە پێشکەش بەکەرتی ئابووری دەکەن و هەروەها چەندین کۆمپانیای گۆرینەوە پارەی تێدایە. تێچوونی وزە لەناوخۆ بەبەراورد لەگەڵ نرخە جیهانییەکانی وزە زۆر کەمە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کارئاسانی بۆ وەبەرهێنەرەکان بکرێت.

وەبەرهێنان بە ملیار دۆلار

وەزیری بازرگانی دەرەوەی ئیمارات خاتوو لبنا قاسمی کاتێ سەردانی هیندی کرد لە وەڵامی پرسیارێک کە بۆچی وەبەرهێنەرانی بیانی و عەرەبی رووەکەنە ئیمارات، گوتی کە پێگەی جیۆگرافی ئیمارات لەبازاڕەکانی ئاسیاو ئەروروپا نزیکەو چەندین ناوچەی بازرگانی ئازادی تێیدا کێبرکێی جیهانی و خزمەتگوزاری بە وەبەرهێنەران پێشکەش دەکەن و گۆڕانی قازانج و سەرمایەکان بۆیان بەرێژەی سەداسەدە. جگە لە نەوت کە سەدا شەست و سێیە. هەروەها بەئاسانی کەرەستەی خاویان بەدەست دەکەوێت و باج لەسەر داهاتی تاک نییەو مەرجیش بۆ دامەزراندنی کۆمپانیاکان زۆر قورس نییە.

تێکڕای وەبەرهێنان لەو وڵاتە دەگاتە نۆزدە ملیار$. بەپێی راپۆرتی نەتەوەییەکگرتووەکان بۆ ساڵی دووهەزار وهەشت و دووهەزارو دە، سێ وڵات لەریزبەندی سەرەکی پێشکەوتنی ئابووری جیهاندا ناویان هاتووە. ئەوانیش

سعودیه، ئیمارات و تورکیان. ئێستا داهاتی ئیمارات لەسەرووی تورکیایەو لەو راپۆرتەدا وەک باشترین پێگەی ئابووری بۆ وەبەرهێنان، ئاماژەی پێدراوە.

پێگەی ژن لە ئابووریدا

ئامارە فەرمییەکان دەریانخستووە کە لەسەدا شەست و شەشی کارە حکومییەکانی ئیمارات بەدەست ژنانەوەیەو ئەنجوومەنی وەزیرانیش چوار وەزیری ژنی تێدایە، ئەمەش لەهیچ وڵاتێکی عەرەبیدا بەدیناکرێت. وەزیری کاروباری ژنانی ئیمارات مریەم رووەمی، لە کۆڕبەندی ژنان لەئەبوزەبی ئاماژەی بەوەدا کە لەسەدا سی کارە سەرکردایەتی و پێشەنگە بااڵکانی حکوومەت لەالیەن ژنانەوە بەڕێوەدەبردرێت. هەروەها لەسەدا پانزەی مامۆستایانی زانکۆ ژنن. مریەم، ڕوونیکردەوە کە ژنان سەدا بیست و حەوت پۆینت پێنجی کارمەندانی بانکەکان پێکدەهێنن کە ئەم کەرتە گرنگترین کۆڵەکەی ئابووری نیشتمانییەو هەزاران نموونەی سەرکەوتنی هەیە کە بەهۆی لێهاتوویی ژنانەوە هاتووەتە ئاراوە. ئەو وەزیرە، گوتیشی کە ژنانی خاوەنکار لە ئیمارات زیاتر لەدوانزە ملیارد درهەمیان بەدەستەوەیەو کاری پێدەکەن.

ژن و پێشکەوتن

ئەندازیاری یەکێک لەپڕۆژەکانی ئەندازیاری ئەبوزەبی فاتیمە حوسنی، لەوبارەیەوە بە وارقینی ڕاگەیاند کە دەوڵەوت زۆر هانی ژنان دەدات و هەوڵی ڕزگاری و سەرفرازیان دەدات و دەیەوێت لە هەموو بوارەکاندا کار بکەن)) هەرچەند ئاستەنگ هەیە، بەاڵم ئەمە بۆ حکوومەت ناگەڕێتەوە، بەڵکو بە دابوونەریتە کۆنەکانەوە پەیوەستە. هێشتا ئەوە نامۆیە کە ژن بەرپرسی پیاو بێت)). فاتمە، گوتی لەبواری کارکردنەوە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ژنانی پێشوو و ئێستادا هەیە. لەڕابردوودا ژنان نەیاندەتوانی لەکەشێکی تێکەاڵودا کار بکەن و پێشتر کارەکانیان لەچوارچێوەی نووسینگەیەکدا بوو، بەاڵم ئێستا بەربەستەکان نەماون و دیوارەکان شکاون. ژنان لەهەموو بوارەکاندا سەربەستن لەوەی کە بەشێوەکی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پڕۆژەکان بکەن.

لەپرسیارێکی گۆڤاری وارقیندا لەبارەی ئایا دەوڵەت نەخشەی بۆ پتەوکردنی ڕۆڵی ژن لەهەموو بوارەکان و بەتایبەتیش بواری ئابووریی هەیە؟ ئەندازیار فاتیمە گوتی:))بەدڵنیاییەوە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە ڕێژەی ژنان لەزیادبوونداید وەزیری بازرگانی (لبنا قاسمی)، کاروباری کۆمەاڵیەتی (مریەم رومی) ژنن و هەروەها (د. قبا سالم شامی) و (ریم ئیبراهیم) دوو وەزیری ژنی دیکەن کە وەزیری دەوڵەتن.

هەروەها بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی و پێشەسازی ئەبوزەبی ئەنجومەنی ژنانی ماڵ، دامەزراوە کە دیدی ژنانی کار لەو پارێزگایەدا نیشاندەدات. ئەو ژنانە ئەرکیان پاراستنی ڕۆڵی پێشەنگی ژنانی کارە لە ئەبوزەبی. هەروەها کاری ئەو ئەنجوومەنە گوزارشت کردنە لەخواستەکانی ژنان و داواکارییەکانیان، بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری پێویست. یەکێک لە ئامانجەکانی دیکەی ئەو ئەنجومەنەپشتگیری ژنانی کارە تا بەشێوەیەکی گونجاو لەپێشەکەوتنی ئابووری ئیماراتدا بەشداربن و ناوی ئەبوزەبی وەک سەنتەرێکی ئابووری و دارایی جیهانی بەرز رابگرن.

فاتمە گوتی کە حکوومەت پۆستی باڵای داوەتە ژنان و دەرگای هەموو بوارەکانی بەڕوویاندا کردووەتەوە. لەهەمانکاتدا پارێزگاری تایبەتمەندی ژنانی لەڕێگەی کردنەوەی شوێنی خزمەتگوزاری تایبەت بۆیان کردووە. وەک (بانکی جەوهەرە بۆ خزمەتگوزاری ژنان) کە لقێکی ژنانی سەر بەبانکی ئیسلامی دوبەیە. ئەو ژنە ئەندازیارە دەڵێت:)) ئێمەی ژنانی ئیمارات، هەرگیز لەبیر ناکەین کە ئیماراتین و شانازی پێوەدەکەین، بۆیە ڕێز لەو تایبەتمەندییانە دەگرین و بوار لەبەردەممان ڕەخساوە، تا خواستەکانمان بەدی بێنین و شانبەشانی پیاوان کار بکەین. هەندێجار دەوڵەت پێویستی بەوەیە، ژنێک بکرێتە پۆلیس، تا ئەگەر تاوانبارێکی ژن هەبوو، ئەو مامەڵەی لەگەڵدا بکات)). فاتمە، هیوای ئەوەیە کە چۆن ئیمارات دەرگای وەبەرهێنانی بەسەر ژناندا کردووەتەوە، وڵاتانی تریش چاو لەو هەنگاوەی بکەن))ئیمارات ئەو دەسکەوتەی بۆ گەلەکەی وەدیهێناوە، تێیدا ڕوون دەبێتەوە کە خەونەکان دەبنە ڕاستی، ئەمەش موعجیزە نییە، بەڵکو ئەوە دەسەلمێنێت کە بە هەوڵ و تێکۆشان مرۆڤ دەتوانێت هەموو شتێک بەدەست بێنێت)).

سنا کوردی

بەڕێوەبەری سەنتەری هۆڵەندی گەشەپێدانی مرۆیی:

ژنانی هەرێم دەخەینە کارەوە

سلێمانی

د. روخۆش خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لەبواری دەروونناسی پیشەیی دا، ئەو ئێستا بەڕێوەبەری سەنتەری هۆڵەندییە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی لەسلێمانی. د. روخۆش، لەدیمانەیەکی وارڤیندا دەڵێت، پڕۆژەیەکی بۆ ژنانی هەرێمی کوردستان، ئامادەکردووە سەبارەت بەو ژنانەی بڕوانامەیان نییەو لە ماڵەوەن، دەیانخاتە سەر کار و ئەو ئەزموونەشی لە هۆڵەندا و رۆژهەڵاتی ناڤیندا تاقی کردووەتەوەو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

وارڤین: هێنانەوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ کوردستان چۆن بوو؟

د. روخۆش: پاش ئەوەی دووجار بۆ مەشق چوومە میسر، سعودیە، دوبەی، عەمان و بەحرەین، لەمانگی ١٢ی ٢٠٠٨ بەسەرپەرشتی سەرۆکوەزیرانی عێراق، نوری مالیکی، کۆنگرەیەک بۆ عێراقییەکان سازدرا. ئەو کۆنگرەیە بەمەبەستی لێهاتووی و شارەزایی (کفاوە والخبرات) بۆ ئەو کەسانەی کە لەدەرەوەی وڵات بوون بەسترا. دوو کورد، لەو کۆنگرەیە بەشداریمان کرد. لەکۆنگرەکە پێشنیاز خرایە بەردەم ئێمە کە لەبەغدا کار بکەین. ئەوەبوو دوو پڕۆژەی گەورەم بۆ بەغدا برد، چونکە خەڵک پێویستی بەگەشەکردن و گرنگیدان بەلایەنی مرۆیی هەبوو، تاخۆی لەشتەکاندا بدۆزێتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی لەوڵاتانی کەنداودا کە ئەو هەموو گەندەڵی و لادانە هەیە، ئەوە بوو لەپڕ گۆڕانکاریی لەو وڵاتانەدا رووبدا، ئەمەش بەهۆی کاریگەری وڵاتانی بیانییەوە بوو کە رووی لە کەنداو کرد. ئەمەش وایکرد کە عەقڵی تاکی ئەوان گۆڕانکارییەکان قبوولی نەکات. بەو هۆیەوە جۆرەها کارەساتی وەک گەندەڵی و لادان رووبدا. ئێستا کۆمەڵگای عێراقی وایلێهاتووە، بەتایبەت کوردستان، کە گۆڕانکارییەکی دەرەکی لەژۆر رووەوە رووی لەهەرێمی کوردستان کردووە. هەڵەو لادان ڕوودەدات و کێشەی گەورەیشی لێدەکەوێتەوە، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەم بۆ هەرێمی کوردستان داو پێموایە کاتی ئەوە هاتووە لەهەرێمی کوردستان ئەو مەشقانە بکەین.

وارڤین: لەناو پڕۆژەکەتان بایەخی زۆر بە رەگەزی مێینە دەدەن، هۆکاری ئەمە چییە؟

د.روخۆش: ئێستا یەک پڕۆژەمان راگەیاندووە کە لەهۆڵەندا و سعودیە کردوومانەو لەبەحرێنیش بەدەستمانەوەیە، ئەویش ئامادەکردنی ئەو ژنانەیە کە بڕوانامەیان نییەو ئاستی خوێندنیان بەو رادەیە نییە کە بتوانێت داهاتی خۆیان پێدابین بکەن و خۆیان دابمەزرێنن. لەعێراقدا ڕێژەی مێینە لەپیاو زیاترە، ژنو پیاو وەک یەک وزەی تێدایە، تا هیچ نەبێت بەلانیکەم خۆی بژێنێت، ژنێکی زۆر ئێستا بووەتە بارگرانی بەسەر پیاو و هەروەها لەئاستێکی نزمی بژێودا ژیان بەسەردەبەن. ڕێژەیەکی زۆریش لە ژنان هەن کە تووشی لادان بوون و هۆکاریش ئەوە بووە کە نەیانتوانیوە بژێوی خۆیان دابینبکەن. ئەمە هۆکاری ئەوەن کە لەپڕۆژەکەی ئێمەدا بایەخ بەرەگەزی مێ بدرێت. دووەم ژنێکی زۆرمان هەیە بەرپرسیارێتی خۆی و ماڵو منداڵی بەسەرداکەوتووە. یەکێک لەهۆکارەکان کە ئێستە باوەڕم پێیەتی، ئەوەیە موچەی کۆمەڵایەتی ببردرێتەوە. چونکە ئەوکاتەی من لەئەوروپابووم لەهەفتەیەکدا ئابووری ئەو وڵاتانە ڕووخاو بەوهۆیەوە موچەی سۆشیالی بڕدرا، لەو حاڵەتەدا حکوومەت بڕیاری بۆ هەموو شارەوانییەکان دەرکرد کە بکەونە پشکنین و لێکۆڵینەوە. یەکەم شوێنیش کە ئەو بڕیارەی گرتەوە ئەو شوێنە بوو کە موچەی سۆشیالی لێدەدرا، ئەوەی کە کەموکوڕتی جەستەییو عەقڵی نەبوو، بۆ کار نێردران، ئەوەیتریشیان

بەپێی بوونی کەموکورتی کاری گونجاویان بۆ دۆزینەوە. ئێمەش لەو گێژاوە دوور نین، ئەگەر رۆژێک پارە نەمێنێ یان ناوەند پارە نەدات، ئەوا خەڵک تووشی ئەو قەیرانە دەبێت.

وارڤین: تۆ لەگەڵ ئەو پڕۆژە پێشنیارەدانیت کە ئاراستەی پەرلەمان کراوەو تێیدا هاتووە مووچە بۆ ژنی ناوماڵ ببڕدرێتەوە؟

د. روخۆش: خۆی مەبەستەکە جوان، مرۆڤانەو ئەرێنییە، بەڵام لەبازاڕی ئەمڕۆ پشتی پێنابەسترێت. بازاڕی دەرەوە کاریگەری لەسەر تۆش هەیە، واتە پارە کەم دەبێتەوە، کەواتە تۆ زەمانەتی ئەوە ناکەیت، لەوڵاتی تۆ ژن زیاترە لەپیاو. واتە تۆ ناتوانی زەمانەتی ئەوە بکەیت، تا دەسااڵی تر مووچەی پێبدەیت. مانگ و دوومانگ هیچ نییە، بەاڵیەنی کەم زەمانەتی دەسااڵت نەکرد بۆ پێدانی ئەو پارەیە نەکردنی باشترە. دووەم: جارێکی تر ژن دەکەیت بە ئامادەکراو، واتە وای لێدەکەیت کە پشت بەخۆی نەبەستێت، چونکە ئەو خاوەنی وزەیە. وزەی هەیە کە تۆ لەدەرەوە کاری بۆ دابین بکەیت. بۆیە من بەگوناهی دەزانم کە تۆ بێت ٢٠٠ هەزار دینار بەو ژنە بدەیت و لەماڵەوە دابنیشێت، لێرە تۆ وزەی ئەو ژنە بۆ کارکردن ناهێڵێیت.

وارڤین: ئەم سەنتەرەی ئێوە چۆن دەتوانێت کار لەسەر ئەوە بکات کە ژنان ببن بەخاوەن داهاتی خۆیان؟

د. روخۆش: وەک گوتم ئێمە ئەوکارەمان لەهۆڵەندا و وڵاتانی رۆژهەاڵتیشدا کردووە، ژنی ئەفغانی، عێراقی، تورک، مەغریبی و سۆماڵیم لەاڵبووە هەر هەمان ژن بووە کە بەهۆی دابوونەریتەوە لاواز کراوەو باوەڕی بەتوانای خۆی نەبووە، هیچ گرنگی پێنەدرابوو. ئێمە ئەو کەسانەمان هێنا هەوڵی ئەوەماندا کە بزانین تواناکەی لەکوێدایە هەڵبەتە توانایەکی هەیە، دوای ئەوە بەچەند هەنگاوێک تواناکانمان تاقیکردەوە، ئینگلیزی پێیدەگوترێتMAKE SWATCH واتە دوگمەکەی بادەدەیت بەوەی کە تۆ بێدەسەاڵتو بێهێز نیت و تواناکانت بێسنوورە، پاشان کۆمەڵێ شتی مرۆڤایەتی و کۆمەاڵیەتیمان فێرکرد. یەکێک لەوانە مەسەلەی پەیوەندی کردن (کۆمۆنیکەیشن) بوو کە چۆن بتوانێت لەگەڵ هەموو کەسێکدا پەیوەندی بکات، تابتوانێ لەقسەکردندا بەهێز بێت. جگە لەمە لەسەر خودی ئارەزووی کەسەکە خولێکی دوورو درێژی بۆ دەکرێتەوە، تا فێری هەموو شارەزاییەکانی بەڕێوەبردنی کار بێت، چۆن ئەگەر کارەکەت بچووک یان گەورە بێت بەڕێوەی دەبەیت. ئینجا دوای ئەوەی کە ژنەکە ئامادە دەبێت، پراکتیکی پیشەیی بۆ دەکرێت و دوایی بوودجەیەکی بۆ دیاریدەکریت. بەچاودێری کەسی شارەزا هەڵسەنگاندن و سەرپەرشتی دەکرێت، دواتر ئەم دیراسەیە دەدرێتە چەند بانکێک، ئەم بانکانە پارەیەکی قەرزی دەدەنێ، بۆنموونە پێویستی بە ١٠ هەزار دۆالرە، تاکەرەستەی بەشی ماڵەکەی دابین بکات. واتە ئەم بانکە ١٠ هەزار دۆالری پێدەدات بەبێ ئەوەی قازانجی لێوەربگرێت و گرێبەستی لەگەڵ دەکرێت. بۆ نموونە لەماوەی چوار ساڵدا دەبێت قەرزەکە بگەڕێنێتەوە. هەر ئەوەش نییە کە ئەم شتانەی بۆ دابینبکرێت، بەڵکو بەدرێژای ئەو چوار ساڵە کەسێکی بۆ دابیندەکرێت کە چاودێری بکات و بزانێت هەموو مانگێک داهاتی باشە.

وارڤین: لەکوردستاندا ئەم جۆرە کارانە زیاتر بەناوی پڕۆژەی بچووکەوە کراوە چەند رێکخراوێک کاریان تێدا کردووە، بەاڵم سەرکەوتوو نەبوون. ئایا پێشبینی دەکەیت ئێوە سەرکەوتووبن؟

د. روخـۆش: مەرج نییە هەر کارێکت کرد سەرکەوتووبیت، بەاڵم هەرشتێک بەپێی خواستی تۆ کرا ئامانجی دەبێت. سیاسەتی من لەم کۆمپانیایەدا ئەوەیە کە هەرگیز شتی ئامادەکراوم نییە پێشکەشی خەڵکی بکەم، ئێمە کار دەکەین لەسەر ئەوەی کە بزانین ئایا ئەو کەسە تاچەند ئامادەباشی هەیە. پاشان چەند فیلتەرێکمان بۆ داناوە بزانین دەیەوێت چی بکات. توانای لەچیدا هەیە. تاچەند پێویستی پێیەتی، تاچەند پاڵنەری هەیە. ئەگەر پاڵنەری نەبوو یان بۆت دروست نەکرد، ئەوا سەرکەوتوو نابێت. پێش هەموو شتێک بوونی ئارەزووە، ئەمە بزوێنەرە بەهێزەکەیە کە داهێنانی تێدا دروستدەکات. بۆیە ئێمە دوو سێ لیژنەی پسپۆڕمان داناوە، ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەیەکین بزانین ئەو پڕۆژانەی پێشوو بۆچی سەریاننەگرتووە. هەر پڕۆژەیەک کە سەرناکەوێت کێشە لەشوێنێکیدا هەیە، کاتێ تۆ زانیت کێشەکە لەچیدا، هەڵدەسەنگێنیتو رێکیدەخەیتەوە، ئەوەش بەپاستی تەکنیکی زۆری هەیە. ئێمە پێش هەموو شتێک ئەو تەکنیکانەمان داناوە، تاکارەکەمان سەرکەوتوو بێت، وەک ئەوەی لەشوێنیتر سەرکەوتوو بووە.

جوانترین جلی کوردی، بەهاری ئەمساڵ

لە بۆنە تایبەتییەکاندا و بەتایبەتیش جەژنی نەورۆز، خانمانی کورد روو لە پۆشینی جلی کوردی دەکەن. بۆ ئەوەش تازەترین و ناسکترین قوماش و شێوازی دووریـن هەڵدەبژێردرێن. ئەمساڵ، مۆدێلی جلی کوردی، قوماشێکی تەنک و ناسکە کە بەچەند جۆر لە دامەنی خوارەوە بەشێوەی پەڕپەڕەکراو دەدوورێت. ئەوەش بەتێکەڵکردنی دووجـۆر قوماش لەڕەنگی جیاجیا، بەجۆرێک ڕەنگەکان لەگەڵ یەک بگونجێن. هەروەها لەگەڵ ئێلەگی کورت لەبەر دەکرێت و جوانییەکی تایبەت بەجەستەی خانمان دەدات.

www.netelwe.com

MODA

www.netewe.com

کچەیاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی ڕووسی (ئانا پیاتیخ)

گرتەیەک لە پاڵەوانییەتی گۆڕەپان و مەیدانی جیهان لە قەتەر

www.netie.com

ئەوەی لێی بردەوە، پێی سەرسامە...

((جۆستن هینان)) مالّئاوایی لە پالّەوانیەتی ئیندیانا ویّلّز کرد

کچەیاریزانی بەلچیکی ((جۆستن هینان)) لە میانەی قۆناغی دووەمی پالّەوانیەتیی نێودەولّەتی ئیندیانا ویّلّز بۆ یاریی تێنس، دووچاری شکست هات و مالّئاوایی لە پالّەوانیەتییەکە کرد، هەرچەندە ئەو هەلّگری نازناوی ئەو پالّەوانیەتییە بوو لە ساڵی ٢٠٠٤دا. جۆستن هینان لە یارییەکەیدا بەرانبەر کچەیاریزانی ئەرژەنتینی ((جیزیل دۆلکۆ)) بە ئەنجامی ٦-٢ کۆمەلّە دۆڕا. ئەنجامی کۆمەلّەکانیش ٢-٦، ٦-١، ٦-٤ بوو.

هینان کە تەمەنی ٢٧ ساڵە، ماوەی دوو ساڵ لە یاریگەکانی تێنس دوورکەوتەوە، بەلّام لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردوو بڕیاری دا دەست بە یاریی بکاتەوە و بەشداریی پالّەوانیەتیی کراوەی ئوستڕالیای کرد.

هینان دوای دۆڕاندنەکەی لە پالّەوانیەتیی ئیندیانا ویّلّز لە لێدوانەکانیدا گوتی: ((بە ریتمێکی باش یاریم نەکرد، رێگەی خۆم لە یارییەکەدا نەدۆزیەوە. لە بەرانبەردا کچەیاریزان ((جیزیل دۆلکۆ)) دوای سەرکەوتنەکەی گوتی: ((سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ من، جۆستن هینان پالّەوانێکی نایابە و پێم وایە ئەو ئێستا نموونەی بەرزی منە لە یاریگەکانی تێنس)).

جێی باسە هەر لە پالّەوانیەتیی ئیندیانا ویّلّز بۆ یاریی تێنس، کە ئێستا بەردەوامە و یەکێکە لە پالّەوانیەتییە گرنگەکان و ١٠٠٠ خاڵ بۆ بـراوەی نازناوەکەی لە پۆلینی جیهانیدا هەژمار دەکرێت، کچەیاریزانی چینی ((لی نا)) کە لە پۆلینی دەیەمی جیهانییە، دووچاری شکست هات و مالّئاوایی لە رکابەرییەکانی پالّەوانیەتییەکە کرد، دوای ئەوەی بە کچەیاریزانی بەریتانی ((ئیلینا بالتاشا)) بە ئەنجامی٦-٢ کۆمەلّە دۆڕا. ئەنجامی کۆمەلّەکان ٦-٧ ٦-٢ و ٦-٧ بوو.

چالاکی وەرزشی لە ٨ی مارسدا!

ئەرسەلان عەبدوڵلا

ڕۆژی ٨ـی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانە و لە ڕۆژەدا بە شێوەیەکی ئاسایی چەندین بۆنە و ئاهەنگ و مەراسیم بۆ ژنان لە جیهاندا ڕێک دەخرێت و یادی ئەو ڕۆژە لە مێژوودا دەکرێتەوە.

لە کوردستانیشدا ئەو بۆنەیە بەرز ڕادەگیرێت و گرنگی پێدەدرێت و بۆنە و ئاهەنگی بۆ دەکرێت و بە کوردییەکەی خۆمان، پارەی باشی لێ خەرج دەکرێت.

بەڵام ئەوەی من سەرنجم لە بارەیەوە هەیە، ئەمساڵ لەو بۆنەیەدا هیچ چالاکییەکی وەرزشییمان نەبینی کە شایەنی باس بێت و بەو بۆنەیەوە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕێک بخرێت. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕۆژانە باس لە گرنگیدان بە وەرزشی ئافرەتان دەکرێت و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و لیژنەی ئۆڵمپیی هەرێمی کوردستانیش کە لانی ئەوە لێ دەدەن بە شێوەیەکی یەکسان گرنگی بە وەرزشی هەردوو ڕەگەز لە کوردستاندا دەدەن. هیچ چالاکییەکی وەرزشییان بۆ کچان و ژنانی کوردستان لەو ڕۆژەدا ڕێک نەخست.

هـەروەهـا لـەو بـۆنـەیـەدا نـەمـابـینـی کـە دەزگـە پەیوەندیدارەکانی وەرزش و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان، کە یەک وەرزشوانی ئافرەت لە کوردستاندا خەڵات بکەن، کە دیارە بە دەیان ئافرەتی وەرزشوانی بەتوانا و خاوەن دەستکەوت و میدالیای جۆراوجۆرمان لە ڕۆربەی یارییە وەرزشییەکاندا هەیە.

بۆیە پێم وایە ئەو گرنگینەدان و کەمبایەخکردنەی وەرزشی ئافرەتان و وەرزشوانە ئافرەتەکانی کوردستان لە ڕۆژی ٨ـی مارسدا، ڕێک ڕەنگدانەوەی ئەو پشتگوێخستنەیە کە لایەنە پەیوەندیدار و وەرزشییەکان بۆ وەرزشی ئافرەتان لە کوردستاندا هەیانە. ئەگەر وانییە، ئەی چییە؟

لـە هـەمـوو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دونیادا دەرکەوتنی ئافرەتی وەرزشـوان و پێشکەوتنی بزافی وەرزشیی ئافرەتان، مانای پێشکەوتن و مودێرنبوون و تەندروستبوونی ئەو کۆمەڵگەیانە دەگەیەنێت، لە لای ئێمەش لەوە گەڕێ کە تیپ و یانە وەرزشییەکانی ئافرەتان بایەخیان نییە و تەنیا بۆ خول و پالّەوانیەتییە ((ساڵانەکان)) کۆ دەکرێنەوە، لە بۆنەکانیشدا چالاکیی و پالّەوانیەتییان بۆ ساز ناکرێت و ڕێزیان لێ ناگیرێت.

((سیرینا ویلیامز)) بۆ جاری دووەم خەڵاتی وەرزشی ئۆسکاری وەرگرت

کچەیاریزانی ئەمەریکی لە یاریی تێنس ((سیرینا ویلیامز))، کە لە پلەی یەکەمی پۆلینی باشترین کچەیاریزانەکانی جیهانە و خاوەن چەندین نازناوی گەورەیە لە یاریگەکانی تێنسدا، بە باشترین کچەوەرزشوانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٠٩ لە جیهان دەستنیشان کرا و خەڵاتی ((لاوریۆس)) ی پێشکەش کرا.

ئەو کچە ڕەشئەسمەرە ئەمەریکییە، بەمێژترین یاریزانی تێنس و لە ساڵی ٢٠٠٣شدا ئەو خەڵاتەی وەرگرتووە.

ئەو لە ساڵی ٢٠٠٩دا توانی هەردوو نازناوی پاڵەوانیەتیی تێنسی کراوەی ئوستڕالیا و وێمبڵدۆن بەدەست بهێنێت، کە دوو لە چوار پاڵەوانیەتییە گەورەکانی تێنسدا لە جیهاندا، کە بە ((گراند سلام)) ناسراون.

لە ئاهەنگێکیشدا، کە لە ئەبوزەبیی ئیمارات ڕێک خرا، سیرینا ویلیامز لەگەڵ یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی جامایکی ((یوساین بۆڵت)) خەڵاتی باشترین وەرزشوانی پیاو و ئافرەتی جیهانیان بۆ ٢٠٠٩ وەرگرت.

کە هاوکات لە ئاهەنگەکەدا چەند وەرزشوانێکی دیکەش خەڵات کران.

ژنەکەی ئۆباما پاڵەوانی وەرزش و تەندروستییە

گۆڤاری ((ڤیتنس)) ی ئەمەریکی، ((میشێل ئۆباما)) ی هاوسەری سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆبامای بە ((پاڵەوانی تەندروستی و وەرزش)) دەستنیشان کرد.

ئەو گۆڤارە ژنی سەرۆکی ئەمەریکای وەکو نموونەی بەرز لە بواری گرنگیدان بە ژیان و تەندروستی و ئەنجامدانی مەشقە وەرزشییەکان و بەکارهێنانی خواردنی زۆرباش لە کۆمەڵگەی ئەمەریکدا دەستنیشان کردووە.

لە لیستی پاڵێوراوانی ئەو نازناوە، کۆمەڵێک لە کەسایەتیی ناسراو هەبوون، دیارترینیان کچەیاریزانی تێنس ((سیرینا ویلیامز)) و نەخشەسازی جلوبەرگ ((دۆنا کارن)).

میشێل ئۆباما لە لێدوانێکدا بۆ گۆڤارەکە دەڵێت: ((ئەو شتەی کە گۆڕانکاریی ڕاستەقینەی لە ژیان ئێمەدا دروست کردووە، ئەوەیە کە وەکو خێزان بەیەکەوە لەسەر سفرەی نانخواردن کۆدەبینەوە و بەیەکەوە نان دەخۆین، کە ئەمە هەلی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت بەیەکەوە قسە بکەین و بە شێوەیەکی تەندروست نان بخۆین و نموونەیەکی باش پێشکەش بە منداڵەکانمان بکەین، ئەمەش باشترین کارە کە دەتوانین ئەنجامی بدەین)).

ژنی ئۆباما یەکەم کەس بوو کە لە ئەمەریکا هەڵمەتێکی دژی قەڵەویی منداڵان دەست پێ کرد و بە هەنگاوێکی گرنگیش وەسف کرا.

میشێل ئۆباما هەروەها باسی ئەوە دەکات، کە بانگهێشتکردنی کۆمەڵێک منداڵ بۆ چاندنی سەوزە لە نێو باخچەکانی کۆشکی سپیدا و دواتریش رنینەوەی بەرهەمەکەی، هانی قوتابیانی لە زۆربەی شوێنەکانی ئەمەریکا دا کە لە باخچەی ماڵەکانیاندا هەمان کار بکەن و سەوزەش بکەنە بەشێکی سەرەکی لە ژەمە خواردنەکانیاندا.

یاریزانی باسکەی یانەی وەرزشی ئەکاد (رۆمڕاما شمائیل):

تەنیا خولێك لە سالّێكدا یاریزانان سست دەكات

هەولێر

یانەی وەرزشیی ئەکاد یەکێکە لە یانە بەناووبانگەکانی کوردستان و لە عێراقیشدا ناسراوە. ئەم یانەیە خاوەن چەندین دەستکەوتی وەرزشییە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، بە تایبەتی لە یارییەکانی ((باسکە و باڵە))، کە چەندین جار لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە.

ئەو یانەیە چەندین یاریزانی ئاستبەرز و بەهرەمەندی لە خۆ گرتووە، کە چاوەڕێی دواڕۆژێکی پرشنگداریان لێ دەکرێت. یەکێک لەوانە کچەیاریزان ((رومڕاما شمائیل))ە، کە یاریزانی باسکەی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی وەرزشیی ئەکادە.

رومڕاما شمائیل نەنو، لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ـی عەنکاوەیە، قوتابی پۆلی چوارەمی قوتابخانەی ئۆرسیانی کچانە. ئەو باسی ئەوەی بۆ ((وارڤین)) کرد: ((لە منداڵییەوە خولیای وەرزشکردن بوومە و نزیکەی بۆ پێنج ساڵ دەچێت هاتووەتە ریزەکانی یانەی وەرزشیی ئەکاد.))

ئەو کچەیاریزانە جگە لە یاریی باسکە، یاریی بادمنتۆنیش ئەنجام دەدات، بۆ ئەمەش دەڵێت: ((زۆر حەز و ئارەزووم لە هەردوو یارییە)).

لە بەیەکگەیشتنێکدا لەگەڵ ((وارڤین)) ئەو کچە یاریزانە وەڵامی چەند پرسیارێکی داینەوە...

*چۆن بوو لە یەککاتدا خولیای دوو یاری بووی؟

- من بە هۆی یاریزان ((ڕەنا عەبدوڵڵەحەد)) ەوە حەزم چووە یاریی باسکە، چونکە هەر لە منداڵییەوە ئەو بووە پاڵپشت و فێرکەرمان، بە تایبەتی ڕۆژانە دوای تەواووونی مەشق و ڕاهێنانەکانی خۆی لەگەڵ یانەی ئەکاددا، ئینجا دوای ئەو ماندووبوونەی خۆی، دووبارە مەشق و ڕاهێنانی بە ئێمەی یاریزانان دەدا. سەبارەت بە یاریی بادمنتۆنیش، ئەمیش زۆر حەزم لێیەتی، کە دوای مەشقکردن و خۆماندووکردنی زۆر لەم یارییە، توانیم بە هۆی ئاستبەرزیی خۆمەوە بگەمە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق.

* ئەو دەستکەوتە وەرزشییانەی کە بەدەستتان هێناوە لەسەر ئاستی یانەکاندا، چین؟

- یانەکەمان لە یاریی باسکەدا خاوەن گەورەترین دەستکەوتی وەرزشییە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا، لەوانە لەسەر ئاستی کوردستان تا ئێستا ١٠جار پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، هەروەها لەسەر ئاستی عێراقیشدا چوار جار پلەی یەکەممان بەدەست هێناوە.

* شانازی بە چ شتێکی خۆت دەکەی ؟

- شانازی بەو دەستکەوتە وەرزشییە دەکەم، کە پارسالّ لە خولی نایابی باسکەی عێراقدا بە باشترین بچوکترین یاریزان دەستنیشانکرام، کە ئەمەش بۆ من جێی فەخر و شانازییە.

* دوور لە یاریی باسکە، تا چەند کچان ڕوو لە یاریی بادمنتۆن دەکەن، کە خۆت لە هەمان کاتدا یاریزانێکی سەرەکی ئەم یارییەی؟

- تا ئێستا بە گوێرەی پێویست یاریزانان لەم یارییەدا زۆر بە کەمی دەبیندرێن، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە یانەکانی کوردستان زۆر بە کەمی ئەم یارییەیان هەیە، بەڵکو بیریشان لێ نەکردۆتەوە، کە یارییەکی لەم جۆرە دابمەزرێنن.

*داواکـــاری و پێشنیارت چییە وەکـو کچە یاریزانێک؟

- داواکارین لە یەکێتی ناوەندیی باسکە و بادمنتۆنی کوردستان، کە خول و پاڵەوانیەتی زوو زوو بۆ یانەکان بکەنەوە، چونکە کردنەوەی تەنیا خولێک لە ساڵێکدا، دەبێتە سستی و ساردبوونەوەی یاریزانانان لە وەرزشکردندا.

* وەرزش چی پێبەخشیوی چی لێ سەندووی؟

- هیچی لێ نەسەندووم، بەڵام زۆر شتی پێبەخشیوم، لەوانە ڕێزگرتن و هێمنی و ئارامی بۆ بەرامبەر.

www.rotave.com

فۆتۆ: ڕەفیق شوکری

تووڕ، شێرپەنجە چارەسەر دەکات

بەپێی توێژینەوەیەک، تـوور دەبێتە هۆی تێکدانی خانەی شێرپەنجە لەمرۆڤ و ڕێگری لە تووشبوون بەو نەخۆشییە دەکات.

کۆمەڵێک توێژەری میسری لەدەرمێنانی دەرمانێکی بایۆلۆژی، بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. ئەو دەرمانە بەڕێژەی ٤ ,٥١٪، توانای لەسەر کۆنترۆڵکردن و لابردنی خانەی شێرپەنجە هەیەو دەرەنجامی تاقیکردنەوەش لەوکاتە بەدیارکەوت کە تـوێـژەران، دەرمانەکەیان لەسەر خانەی شێرپەنجەی مەمک، لەدەرەوەی لەشی مرۆڤدا تاقیکردەوە. ئەم توێژینەوەیە لەبەشی خـۆراکـی کۆلێژی ئـابـووری مال لەزانکۆی (منوفیە)ی میسر ئەنجامدراو تێیدا سەلمێندرا کە ئەو پێکهاتەیەی لەتوور دەرهـێـنـراوە، چەند پێکهاتەی کیمیایی سروشتی بەناوی فیتوکیمیایاتی تێدایە.)) ئیسوپیوسیانیات)) پێکهاتەیەکە لە تووردا هەیەو توانای ڕاگرتنی خانەی شێرپەنجەیی هـەیـە. هـەروەهـا پێکهاتەی))فلافینویدا کە لەتووردا هەیە توانای تێکدانی خانەی شێرپەنجەی بەر لەدروستبوون هەیە. هاوکات تووڕ، کاری ئەو هۆرمۆنە ستڕۆیدەی کە هانی خانەکان دەدات، تا بۆخانەی شێرپەنجەیی بگۆڕێن، بەتاڵ دەکـاتـەوە. توێژینەوەکە دەریخست کە پاڵاوتەکانی تووڕ، زۆرێک لە ڤیتامینە گرنگەکانی کۆمەڵەی ڤیتامین)) ب))،))بیاکاروتین)))، ڤیتامین))و ((ج)) ی تێدایە کە بۆ پاراستنی پێکهاتەکانی خانەکان و ڕێگریکردن لە دروستبوونی خانەی شێرپەنجە، گرنگیان هەیە.

ژنە جوانەکان تووڕەن

بەپێی توێژینەوەیەکی ئەمریکی، ژنانی جـوان بـەبـەراورد لەگەڵ ئەو ژنانەی کە خۆیان پێ جـوان نییە، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کێشەکاندا زیاتر بەتووڕەییەوە هەڵسووکەوت دەکەن.

ئەم توێژینەوەیە، بەسەرپەرشتی دکتۆر ئـارون سیل، لەزانکۆی کالیفۆرنیا لەگەڵ ١٥٦ خوێندکار بەمەبەستی پێوانەکردنی (میزاج) خولقی ژنان، لـەبـارەی چۆنیەتی ڕەفتارکردنیان لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە بۆ هەر حاڵەت یان دیاردەیەک، ئەنجامدراوە. بەپێی ئـەو توێژینەوەیە، ژنانی جـوان، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژنانەی خۆیان پێ جوان نییە، لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حاڵەت یان دیاردەیەک، زیاتر بەتووڕەیی ڕەفتار دەکـەن. هەروەها ئەو توێژینەوەیە دەریخستووە، ئەگەر ژنـە جـوانـەکـان، لەکاتی دەربڕینی هەڵوێست، بەنەرمی ڕەفتار بکەن، ئەوا زیاتر سەرنجی خەڵک بەلای خۆیانەوە ڕادەکێشن.

ئـا: عەبدوڵلا ئیبراهیم

پاکردن

www.netewe.com

ـــەوەی پێست

بۆ پاککردنەوەی پێست بەرێگایەکی تەندروست، پێویستت بە کڕاندنە. بەڵام دەبێ کەسانی شارەزا ئەو کارە ئەنجام بدەن. بۆ شارەزابوونی زیاتر لەجۆری پێستی خۆت، دەبێ بزانی کە سێ جۆر پێست هەیە: پێستی چەور، مام ناوەند و وشک. پێستی وشک زووتر لەپێستی چەور لۆچ دەگرێت. هەر ٢٨ رۆژ جارێک هەموجۆرە پیستێک دەمرێت و جۆرەپیستێکی تر دروست دەبێتەوە. ئینجا بە (چارەسەرکردنی جوانکاری کۆسمەتیکی) دەتوانین ئەم پێستە مردووە لاببرێت. ئەمیرە فەرهاد، لەکۆمپانیای جوانکاری (جێرمنی پرۆفێشناڵ) سابوون وەک کەرەستەیەکی خراپ بۆ پێست دەسنیشاندەکات. پێویستە پێستی وشک، زۆر زیرەکانەو بەرێکوپێکی چارەسەر بکرێت. هەموو جۆرە پیستێک دەرمانی تایبەتی خۆی هەیە کە خۆی لە کرێم و ماسک ((قیناع)) دا دەبینێتەوە. بۆ چارەسەرکردنی پێستی مردوو کڕاندن لەهەموویان بەهێزترە. بۆ نموونە پێست هەیە زۆر جوانەو دەیەوێت ڕەنگی بکرێتەوە، یەکجار بۆی دەکەین. پێستیش هەیە پێنچ جار و هەیە ١٠ جاریش دەبات. ئەمیرە، ئاماژە بەهەندێ جۆری پێست دەکات کە زۆر ماندووە یا لەکەی زۆرە، بۆیە ئەوان هەوڵدەدەن چارەسەری فیزیکی بۆ بکەن، بەڵام ئەگەر چارەسەر نەبوو، ڕێگەی کیمیایی بۆ هەڵدەبژێرن کە ڕێژەی ٩٩٪یە.

ئەمیرە، وەها ڕێگاکانی چارەسەری پێستی چەور دیاری دەکات: یەکەمجار بەشوشتنی چەور (ڕاین گیس گێل) بۆی دەشوات و دوتر دەیسڕێتەوەو ماسکەکەی بۆ دادەنێت. ئەم ماسکە پێیدەڵێن (ئینتێم پیڵین پاسکە) ئەمەش لەمیوەیەک دروستکراوە. ئەم میوەیە لەو وڵاتانەی کە شێدارن دەڕوێت. کاتێک ئەم ماسکەت لە پێست دا، ئۆتۆماتیکی پێستە مردووەکە نەرم دەکاتەوەو پاش١٥ خولەک دەتوانی بیشوات و ئینجا تەقشیری بۆ بکرێت.

پاش تەقشیرەکە دەردەکەوێت کە پێستەکە پێویستی بەچییە. بۆ نموونە ئەگەر چەوری کەم بوو، ئەوکات پێویستی شێ هەیە بۆی لێدەدەدرێت. ئەگەر پێستەکە لۆچیشی هەبوو (ماسکی ئۆم) بۆی لێدەدەدرێت. ئەگەریش هەم چەور بوو و هەمیش شێدار، ئەمەش ١٥ خولەک بەدەموچاوییەوە دەبێت و دواتر بۆی دەشۆردرێت. کاتێک کە پێستەکە جوان بوو، کەسەکە دەتوانێت ٦ هەفتە جارێک خاوێنی بکاتەوە.

حاڵەتەکانی لەبارچوونی منداڵ

هەولێر

پسپۆڕێکی بواری نەخۆشییەکانی ئافرەتان و نەزۆکی لەبارەی هۆکاری لەبارچوونی منداڵەوە رایگەیاند، ئەگەر منداڵ لەو ڕۆژەوەی دروست دەبێت، تاماوەی هەشت هەفتە لەبارچوو، هۆکاری لەبارچوونەکە بۆ خراپی تۆوی پیاو یان هێلکەی ژن دەگەڕێتەوە.

لەبارچوون چییە؟

بریتییە لەو حاڵەتەی کە کۆرپەیەکی دروستبوو لەنێو سکی دایکیدا بەر لە تەواوبوونی وادەی گەشەکردن و لەدایکبوونی لە منداڵدان، دێتە دەرەوە. بەپێی پێناسەیەکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، هەر کۆرپەیەک دوای بیست و چوار هەفتە واتا ئەگەر بە شەش مانگی لەدایک بوو، بە لەبارچوون هەژمار ناکرێت. بەوپێیەش لەبارچوون تەنیا ئەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە تەمەنی کۆرپەکە لەخوار تەمەنی شەش مانگییەوە بێت.

هۆکارەکانی

سەبارەت بەهۆکارەکانی منداڵ لەبارچوون، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و نەزۆکی د. عەتیە حەمە سەعید، سەرەتا دەستنیشانکردنی حاڵەتی لەبارچوونەکە بەگرنگ دەزانێت. بۆ نموونە لەو ڕۆژەوەی کە منداڵەکە دروست دەبێت، تاماوەی هەشت هەفتە، ئەگەر ژنەکە کۆرپەکەی لەبارچوو، هۆکاری لەبارچوونەکە بۆ خراپی تۆوی پیاوەکە یان هێلکەی ژنەکە، دەگەڕێنێتەوە. هۆکارێکیتریش بۆ باش گەشەنەکردنی خانەکانە کە ناتوانێت کۆرپەی تەواو دروستبکات دەگەڕێنێتەوە))لەبەر ئەوە دێتە خوارەوە)). بەپێی قسەی د.عەتیە، ئەم جۆرەیان چارەسەری نییە، چونکە هۆکارەکە لە دروستبوونەوەیە، یان کرۆمۆسۆمی تەواو نییە، یان ڤایرۆس لێیداوە. جۆرێکیتری منداڵ لەبارچوون بریتییەلە، لەبارچوونی کۆرپەلەی هەشت تا شانزە هەفتەیی، ئەگەر هاتوو دایک یان باوک، تووشی هەوکردن هاتبوون و هەوکردنەکە لەڕێگەی کرداری سێکسییەوە گواسترابووەوە، یان پەرەسایت واتا نەخۆشی پشیلە میکرۆبی هەبوو. ئەمانە لەدەرچەی زێوە دەچنە سەرەوەی منداڵدان و دەچێتە ناو ئەو خانەی کە کۆرپەلە دروست دەکات، بەمەش خانەکە تێکدەدات و ئاوی لێ کۆدەبێتەوەو منداڵەکە لەباردەچێت. یاخود سەری ئەستور دەبێت. جۆرێکی تری هۆکاری منداڵ لەبارچوون، هەیە کە ئەوحاڵەتە، زۆرکەمە. لاشەی ژنەکە خۆی دژی سکپڕی دەوەستێتەوە. جۆرێکی تریشیان هەیە کە ئەوەشیان زۆر کەمەو لە ٣٠٠ ژن یەک ژن تووشی دەبێت، ئەوەیە کەوا سەری منداڵدانی ژنەکە شلەو لە دوای هەفتەی دوانزەهەم، سەری منداڵدان کە کەناڵێکی بچووکە قەبارەکەی دوو سانتیمەترە، بەهۆی ئەنجامدانی پرۆسەی سێکسی، دەکرێتەوە. ئەو حاڵەتەش پێویستی بەئاگاداری زۆر و پشکنینە. دەبینین منداڵەکە دەست و لاق و ئەندامەکانی جەستەی تەواوە. کەواتە ئەوە بە سۆناریش دیاردەکەوێت کە دەبێ لە سکی داهاتوو سەری منداڵدانی بۆ ببەسترێت. ئەو کردارە لێزانینی دەوێت و پێویستە پزیشکی شارەزا بیکات. بەڵام هەموو منداڵ لەبارچوونێک لەتەمەنی سێ مانگیدا، مانای ئەوە نییە کەوا سەری منداڵدانەکەی شلە. لەهەموو حاڵەتێکیش ناتوانرێت سەری منداڵدان ببەسترێت، بەتایبەت لەو ژنانەی کە خوێنیان هەیە، چونکە دەجوڵێت و بەمەش جێگە بە وێڵاشەکە لەق دەکرێت و منداڵەکە لەباردەچێت.

لەبارچوون و تەمەنی کۆرپەلە

د. عەتیە، تەمەنی منداڵ لە ٧مانگیدا بەلەبارچوون ناژمێرێت، بەڵکو بەمنداڵبوونی پێشوەختە ناوی دەبات.))منداڵ لەبارچوون لەو ڕۆژەوەی کە هێلکۆکەو تۆوی پیاوەکە یەکتر دەگرن، کە لەناوەڕاستی مانگەوە دەبێت و لەناو منداڵدانی ژن کۆدەبێتەوە، ئەگەر خۆی بەدیواری منداڵدانی ژنەکە نەچەسپاند و بێتە خوارەوە، تا بیست چوار هەفتە ئەوە بەلەبارچوون هەژمار دەکرێت)). ئەم پسپۆڕەی بواری نەخۆشییەکانی ژنان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەک لەبارچوونی منداڵێک نابێتە هۆی لەبارچوونی سکی پاشتر و فێربوون و لێڕاهاتن لەسەری. بەڵام ناشبێت دوای منداڵ لەبارچوونێک، یەکسەر منداڵ دروست بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت هۆکاری لەبارچوونەکە دەستنیشان بکرێت و چارەسەری بۆ بکرێ، ئەوکات جارێکیتر هەوڵی دووگیانی بدرێت.

لەبارچوون و تەمەن

د. عەتیە، بچووکی تەمەنی دایک، بەیەکێک لەهۆکارەکانی لەبارچوون دەزانێت، چونکە منداڵدان بچووکەو دەبێتە هۆی لەبارچوون. ئەگەر تەمەنیشیان لە چل ساڵی زیاتر بێت، ئەوا بەهۆی ناتەواوی کرۆمۆسۆمەکانەوە، ئەم لەبارچوونە ڕوودەدات. زۆرجار قەڵەوی، فاکتەرێکی دیکەی لەبارچوونە. بەهۆی پاڵەپەستۆی زۆر و ناتەواوی هۆرمۆنات و کێشی زۆر و تێکچوونی هۆرمۆنات لە ژنی قەڵەودا ڕوودەدات. بەڵام جووڵانەوەو کارکردنی ژنان و کاری سەخت، بەهیچ شێوەیەک کار لە لەبارچوونی منداڵ ناکات، تەنیا لەحاڵەتێکدا نەبێ کە ببێتە هۆی جووڵاندنی وێڵاشەکە. وێڕای هەموو ئەوانەش ژینگەی پیس و ڤایرۆسی کلامیدیا، هۆکاری سەرەکی لەبارچوونی منداڵە. ئەو پسپۆڕە ئاماژەشی بەوەکرد، کەمنداڵ لەسکی دایکدا بە سێ پەردە داپۆشراوەو بەئاسانی لەبارناچێت.

٥ منداڵم لەبارچووە

مامۆستای قوتابخانە ساکار فەتحی، تەمەنی ٢٤ ساڵ کە ماوەی ٣ ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، تائێستا نەبووەتە خاوەن چوونکە سکی لەباردەچێت. پزیشکان پێیانگوتووە)) پشتت شلە)) بۆیە چارەسەری نییە. تابان ئەکرەم، خوێنکاری کۆلیژەو تەمەنی ٢٢ساڵە. ٢ساڵە هاوسەرگیری کردووەو بەگوتەی خۆی کاتێ سەفەری کردووە سکەکەی دوومانگ و نیو بووەو بەهۆیەوە لەبارچووە. سەروین عومەر ٣٢ساڵ، ماوەی ١١ ساڵە هاوسەرگیری کردووەو تائێستا منداڵەکانی لەبارچوون، پزیشکان پێیانگوتووە، سک ڕاناگرێت.

چارەسەر

ئەگەر پێشتر ئافرەتەکە، منداڵی لەبارچووبێت دەبێ ڕێگری لە سکپڕی بکات، تا چارەسەری بۆ دەکرێت. بۆئەو مەبەستەش دەبێت پشکنین بۆ پیاوەکە بکرێت. ئەگەر هەوکردنی هەبوو چارەسەر بکرێت. بەلایەنی کەمەوە دەبێت ژنەکە ماوەی ٣ مانگ ڕێگری لە سکپڕی بکات. تا بەتەواوی لەڤایرۆسی ئێچ پی ڤی و کلامیدیا و تۆکسۆ پلازما، پارێزراو بێت. پاشان ئەگەر ئەم ڤایرۆسانەی نەبوو، پشکنینی بۆ دەکرێت و ئەگەر ژنەکە دوو تا سێ جار منداڵی لەبارچووبوو، ئەوا دیارە هۆیەکە لە کرۆمۆسۆماتی خۆی و پیاوەکەیە. کرۆمۆسۆمی خراپیش هەیە کە بۆ لەبارچوونی منداڵەکە هۆکارە.

پزیشکی وارثین

خوێنەری بەڕێز، بۆ وەڵامدانەوەی هەرپرسیارێکی تەندروستی لەسەرجەم بوارەکاندا، دەتوانیت پرسیاری تایبەت بۆ فایلی تەندروستی بنێریت. لەلایەن کۆمەڵێک پزیشکی پسپۆڕەوە وەڵامی شیاوت دەست دەکەوێت.

پ: منداڵدانم ژانی هەیەو خوێن لە (زێ)م دەبینم، ئایا دەکرێت بڵێم ئەوە شێرپەنجەی ملی منداڵدانمە؟ هۆکاری توشبوون بەشێرپەنجەی ملی منداڵدان چییە؟

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان و منداڵبوون د. باران کەمال:

شێرپەنجەی ملی منداڵدان، لەجیهاندا سێهەمین-زۆرترین جۆری شێرپەنجەیەو هۆکاری مردنی ژنانە. هاوکات ئەو نەخۆشییە بەهۆی زۆربوونی منداڵ و فرە پیاوی و سێکسکردن لەتەمەنی زووداو، رووەدات. جگەرەکێشانیش، یەکێک لەهۆکارەکانە. ئەم جۆرەی شێرپەنجە، بەشێرپەنجەی گەنجان، ناسراوە. لەتەمەنی ٣٥ تا ٥٥ ساڵییەوە، تووشی ژنان دێت. بۆیە پێویستە هەر٦ مانگ جارێک، هەموژنێک بۆ دڵنیابوون لەوەی کە تووشی ئەو نەخۆشییە نەهاتووە، پشکنین، ئەنجامبدات. چۆن بزانین شێرپەنجەیە؟ ژن نییە ئیفرازاتی نەبێت، ئەوەش بەهۆی کاریگەری هۆرمۆنی ئیستڕۆجین و پڕۆجیسترۆن، دەبێت، بەڵام دەبێت بزانرێت کە جۆری ئیفرازات و هەوکردنەکە چۆنە. ئیفرازات بێ بۆن و ڕەنگە. بەڵام هەوکردن بۆن و ڕەنگی هەیە. دوایی ئەگەر ئیفرازاتەکە بەردەوامی هەبوو، ڕەنگی مەیلەو پەمەیی هەڵدەگەڕێت و خوێنی لێ دێت. ئەگەر ئەم هەوکردنە زۆر تەشەنەی کرد، ئەوا بۆ تووشبوون بەشێرپەنجەی ملی منداڵدان، هۆکار دەبێت.

پ: هەندێجار دەستەی حەبی دژە سکپڕی، ٢١ دانە حەبەو هەندێک جاریش ٢٨دانەیە، کامیان باشترە؟ چۆن بەکاردەهێنرێت؟

-د. سامیە عبدولکەریم: خواردنی حەبی دژەسکپڕی، بەڕێگەیەکی ڕاست و دروست، چاکترین ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی دژی سکپڕییە. ئەم ڕێگایە زۆر باشە، بەڵام دەبێت بەڕێکوپێکی حەبەکان بەکاربهێنرێت و لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕدا بێت. چونکە زۆر ژن هەیە، ڕێی پێنادرێت حەب بخوات. ئەم حەبە لەپاکەتدا، دوو شێوەی هەیە، جۆرێکیان ٢١ دانەیەو جۆرەکەیتریان لە ٢٨ دانە پێکهاتووە. بەمشێوەیەش بەکاردەهێنرێت: یەکەم حەب لەپێنجەمین ڕۆژی سووڕی مانگانەوە دەخورێت. دەبێت لەبەکارهێنانی بەردەوامی هەبێت، تاحەبەکە تەواو دەبێت. پاشان هەفتەیەک، واتە ئەو هەفتەیەی کە ژنەکە لەنێو سووڕی مانگانەدایە، ناتوانرێت حەبەکە بەکاربهێنێت. ئەگەر ڕۆژێک حەبەکەی نەخوارد، ئەوا پێویستە ڕۆژی دوایی دوو حەب بخوات. لەبارەی ئەو دەستە حەبەی کە جۆری ٢٨ دانەی هەیە، بەهەمان شێوە، لە ٥ ڕۆژی سووڕەکەوە دەستپێدەکات، تا ٢١ حەب تەواو دەبێت. ئەگەر تێبینی بکرێت، لەو ٢٨ حەبە ٧یان ڕەنگاورەنگن و دەبێت ژنەکە ئەو ٧ حەبەش بخوات، تا کۆتایی بەخواردنی هەموو حەبەکان، دێنێت.

خوێنەرانی بەڕێز بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- شاری خەونەکان

تەلەفۆن: 0662647813

ئیمێل: SHELAN_YASEN@YAHOO.COM

نەشتەرگەری جوانکاری لووت و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی

لەگەڵ ئەوەی بەرێژەیەکەی بەرچاو هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان رووبان لە نەشتەرگەری جوانکاری لووت کردووە، بەڵام هەندێکیان ئامادە بوە دەکەن کە نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتنی نەهێناوە، پسپۆڕێکی ئەو بوارەش دەڵێت لەهەرێمی کوردستان ئامێری پێشکەوتوو بۆ نەشتەرگەری لووت نییەو ئەوانەش کە نەشتەرگەرییان بۆ ئەنجامدەدرێت، رێنماییەکانی پزیشک جێبەجێ ناکەن.

بیرۆکەی پەیدابوونی

بیرۆکەی نەشتەرگەری جوانکاری، بۆ سەردەمی یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی یۆنانییەکان پەیکەریان دروست دەکرد، ئەگەر لووتی پەیکەرەکە، ناشیرین یان گەورە بوایە، ئەوا سەری پەیکەرەکەیان لێ دەکردەوەو سەرلەنوێ دروستیان دەکردەوە. بەڵام دوای ئەوەی بینیان پەیکەرەکە تەنیا کێشەی لەلووتدا هەیەو دەم، چاو و کوڵمی وەک خۆی جوانە، ئیتر دەستیان کرد بەبڕینی لووتی پەیکەرەکەو لەبری ئەوەی جارێکی تر سەری پەیکەرەکە لێ بکەنەوە، تەنیا دەستکاری لووتی پەیکەرەکەیان دەکرد. دواتر لەو رێگەیەوە بیرۆکەی نەشتەرگەری جوانکاری، لەپەیکەرەوە بۆ نەشتەرگەری جوانکاری مرۆڤ، گواستراپەوە.

کوردستان و نەشتەرگەری جوانکاری لووت

پسپۆڕی بواری جوانکاری لە سەنتەری ئێل بی سی لەیزەری، د.رەوەند، دەڵێت نەشتەرگەری جوانکاری لووت لەهەرێمی کوردستان و وڵاتانی دەرەوەدا، نزیکەی ٨٠٪ی نەشتەرگەری جوانکاری دەگرێتەوە. د. رەوەند، هۆکاری سەرنەکەوتنی هەندێ لەنەشتەرگەری جوانکاری لووت لە کوردستان، بۆ ناڕەباری کەشوهەواکەی دەگەڕێنێتەوە)) لەکوردستان کەشوهەوا تۆزاوییەو کار لە چوونەژوورەوەی تۆز بۆ نێو لووت دەکات)). بەپێی قسەی ئەو پسپۆڕە، هیچ نەشتەرگەرییەکی جوانکاری لووت ١٠٠٪، سەرکەوتوو نابێت، چونکە کرۆکراگەیەو نەخۆشەکەش ناتوانێت چاوارتا پێنج مانگ لەماڵەوە دابنیشێت و پشوو بدات. کرۆکراگەش وەکو ئێستان نییە، گەڕانەوەی بۆ بارودۆخی ئاسایی کاتی دەوێت. سەبارەت بەبوونی کێشە لە لووت، لە چاو ئەندامەکانیتری جەستە، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی لووت و قوڕگ و گوێ کە هاوکات نەشتەرگەری جوانکاری لووتیش ئەنجامەدات د.شوان رەمەزان داودی، پێیوایە لەبەرئەوەی لووت، لەدەم و چاو زیاتر لەپێشەوەیە، زۆرتر تووشی لاربوون و شکان دەبێت.

کام حاڵەت نەشتەرگەری پێویستە

سەبارەت بەو حاڵەتانەی کە پێویستە نەشتەرگەری جوانکاری لووتی بۆ ئەنجام بدرێت، د.شوان رەمەزان دەڵێت، دوو جۆر لادان لە لووتدا هەیە، لادانی ناوەوەی لووت و دەرەوەی لووت. ئەگەر کۆڵەکەی لووت لەناوەوە تووشی ((ئینحراف)) لادان هاتبێت، ئەوا کار لە دەرەوەش دەکات و دیمەنێکی ناشیرینی دەبێت، چونکە شێوەی خوار دەبێت و کەداری هەناسەدانیشی بەشێوەیەکی ئاسایی نابێت. بەڵام جاری وا هەیە کێشەکە لە کۆڵەکەکە نییە، لەئێسقانەکەیەو پێویستی بەجوانکاری هەیە. بۆیە تووشبوو دەبێ بزانێت ئایا لادانی لووتی راستەکاتەوە، یان جوانکاری و بچووککردنەوەی بۆ ئەنجام دەدات.

کاریگەرییەکانی

بەپای د. شوان، نەشتەرگەری جوانکاری، بۆ ئەوانەی کە پێویستیان پێیەتی بەشێوەیەکی گشتی باشە، بەڵام دەبێ رەچاوی لایەنە دەروونییەکەی نەخۆشیش بکرێت، چونکە بەبڕوای ئەو، لەئێستادا نەشتەرگەری جوانکاری بووەتە چاولێکەری. وەک د.شوان باسیدەکات، کەس هەیە پەنجە لەسەر شوێنێکی باریک دادەگرێت و لێی ورد بووەتەوەو دەڵێت، نەشتەرگەریم لەو شوێنە بۆبکە. بۆ ئەو مەبەستە دەبێت، باری دەروونی کەسەکە لەبەرچاوبگیرێت و لەگەڵ کەسووکاری قسە بکرێت. تا بەبێ راوێژی کەسە نزیکەکانی نەشتەرگەری بۆ ئەنجام نەدرێت.))ئەگەر یەکێک پێویستی پێ نەبێت بۆچی نەشتەرگەری بۆ بکرێت)). دووپاتی دەکاتەوە، نەشتەرگەری جوانکاریش وەک نەشتەرگەرییەکانی تر پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندی کەسە نزیکەکانی نەخۆش هەیە.

تەمەنی گونجاو

د.شوان رەمەزان، رووبی دەکاتەوە کە نابێ لەتەمەنی هەژدە ساڵی نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام بدرێت، چونکە گەشەی ئێسقانەکانی دەموچاو، تا تەمەنی هەژدە ساڵی بەردەوامەو گەورە دەبێت. بۆ ئەوەی کار نەکاتە سەرگەشەکردنی کەسەکە، دەبێ لەدوای ئەو تەمەنە نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام بدرێت.

ڕێژە

ئەو پسپۆڕەی بواری قوڕگ و لوت و گوێ ئاشکرای کرد کە نەشتەرگەری جوانکاری، بەرێژەیەکی بەرچاو زۆربووەو لەکوردستانیش لەچاو موسڵ و بەغدا، زیاترە. ئەوەش بۆ چاکتربوونی بارێ دارایی خەڵک و بوونی پسپۆڕ لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە. هاوکات زیادبوونی رێژەکە بۆ چاولێکەری دەگەڕێنێتەوە.

فاکتەری کەشوهەوا

بەبڕوای هەردوو پسپۆڕ، کەشوهەوا کاریگەری راستەوخۆی لەسەر لووت و نەخۆشییەکانی هەیە. هەبوونی سەرماو گەرمای بەتین و خۆڵبارین و تەپوتۆز کار دەکاتە سەر دروستبوونی، جیوب و کرداری هەناسەدان. بەڵام کاریگەری لەسەر ناشیرینی لووت نییە کە ببێتە هۆی گەورەبوون و خوارببوونی لووت. بۆیە کە نەخۆش دەڵێت نەشتەرگەری ئەنجام دەدەم، دەبێت لایەنی هەناسەدان و لایەنی جوانکاری رەچاو بکرێت و پێشتر رەچاوی نەشتەرگەری ناوەوەی لووت بکرێت، ئینجا دیوی دەرەوە. بەقسەی ئەو پسپۆڕانە، لەماوەی شەش مانگدا دەرئەنجامی سەرکەوتن، یان سەرنەکەوتنی نەشتەرگەرییەکە، بەدیاردەکەوێت.

((نەشتەرگەرییەکەم سەرکەوتوو نەبوو))

پارێزەر مەها عارف، ئامازە بەوە دەکات، کە ٧ساڵ لەمەوپێش نەشتەرگەری جوانکاری لووتی ئەنجامداوەو بەوڕێیەوە لووتی کەمێک بچووک بووەتەوە، بەڵام هێشتا بەدڵی نییەو بەنیازە نەشتەرگەرییەکیتر دووبارە بکاتەوە. لانە عیسمەت فەرمانبەرەو تەمەنی ٣٢ ساڵە. دەڵێت، کاتی خۆی بەمندالّی کەوتوومەتە خوارو بەمەش لووتم شکاو دیمەنێکی ناشیرینی هەبوو، بۆ مانگ بەرلەئێستا لە هەولێر نەشتەرگەریم کردووە، ئێستاش زۆر ئاسوودەم و پەشیمان نیم، چونکە نەشتەرگەرییەکە جوان دەرچووە. زریان کازم ١٩ ساڵ خوێندکارە، بەهۆی یاری فوتبۆڵەوە بەمندالّی تۆپێک بەر لووتی کەوتووەو تووشی لادان هاتووە. بۆیە لەهەولێر نەشتەرگەریی لووتی کردووەو لووتی راستکردووەتەوە ((ئێستاش بە نیازم نەشتەرییەکیتر بۆ بچووککردنەوەی لووتم بکەم)).

مەترسییەکانی

د.شوان، لەبارەی مەترسییەکانی نەشتەرگەری لووتەوە دەڵێ، لەبەر نزیکی کرکراگەی لووت لە چاو و مێشک دەبێ زۆر بە وریاییەوە کاری لەسەر بکرێت. ئەگەر نا لەوانەیە ببێتە هۆی کوێربوون یاخود هاتنەخوارەوەی مێشک و تووشبوون بە))سحایا)). د.شوان، هۆشیاری دەداتە نەخۆشەکان ئەگەر دکتۆرێک شارەزا نەبێت، ناتوانێت ئەم جۆرە نەشتەرگەرییانە ئەنجام بدات.

ئەم پسپۆڕە، باس لەوەدەکات کە ئێستا ئامێرەکانی جوانکاری پێشکەوتوون. وەک گوتی، پێشتر نەشتەرگەرییەکە بەسڕکەری گشتی ئەنجامەدراو مەترسی هەبوو، ئێستا ئەوە نەماوەو ئامێری زۆر پێشکەوتوو هەیە))ئەو نەشتەرگەرییە گەورانەی کە پێشتر بە ٤ کاتژمێر ئەنجامەدرا، ئێستا بەبێ سڕکەری گشتی و بەبێ خوێن، ماوەی نیو کاتژمێر ئەنجام دەدرێت.

شیلان یاسین

نانە

پێداویستیەکان:

٦٠٠ گرام ئارد
٤٠٠ گرام شەکر
٧ هێلکە
١ پەرداخ شیر
١ کەوچک پیکنپاوەر
ڤانێلا بەگوێرەی پێویست.

زەڵتەی بەهاری

لەوەرزی بەهاردا، خەڵکی ئارەزووی خواردنە بەهاری و گیاییەکان دەکەن. زەڵاتەی بەهاریش یەکێکە لەو خواردنانە، کە لە ژەمەکان لەگەڵ خواردنی جۆراوجۆر پێشکەش دەکرێت.

پێکهاتەکان:

دوو خەیار
دوو تەماتە
یەک چەوەندەری سور
یەک سەلکی بچووک پەنیر
کاهو
یەک گێزەر
زەیتون
لیمۆ
سەوزەوات
گەنمەشامی
چۆنییەتی ئامادەکردن:

سەرجەم پێکهاتەکان، بەشێوازی لەتی بچووک پارچەدەکەین و پاشان تێکەڵی دەکەین، ئینجا رۆنی زەیتون و زەیتونی بەسەردادەکەین، هەروەها بە قاشی بچووکی لیمۆ دەیڕازێنینەوە. ئەمجۆرە زەڵاتەیە بۆ زیاتر لەگەڵ خواردنە وشکەکانی وەکو، مریشکی سورکراوەو ماسی برژاو، بۆ قەرەبووکردنەوەی شلە، پێشکەشدەکرێت.

تەرە

شیرینی فرۆشی فیردەوس
وەستا کارزان کانەبی

چۆنیەتی ئامادەکردن

سەرەتا هێلکەو شیر و شەکرەکە تێکەڵ دەکرێت و بەجوانی تێکدەدرێت تا ئەوکاتەی زبری شەکرەکە نامێنێت، پاشان ئارد، ڤانێلا و پیکنپاودەرەکەش بەهەمانشێوە تێکەڵ دەکرێت، ئینجا هەمووی تێکەڵ بەیەکتری دەکرێت و تێکدەدرێت تا گرێی نامێنێت، دوای ئەوە لەقاپێکدا دەخرێتە ناو فڕن و بەپلەی گەرمی ٢٥٠ بۆ ماوەی چل خولەک لەفڕنەکەدا دادەنرێت. دوای برژانی دەخرێتە سەر قاپێک و دەکرێت بە چەند پارچەی یەکسانەوە.

ئامادەکردنی نانەتەرە، بۆ خێزانێکی چوارکەسی

هەموو ژمارەیەک لە وارڤین کێکێک فێربە

بەرەو جەستەیەکی تەندروست

ناساندنی ١٠٠ جۆر خواردنی بەسوود

بەڕێزان و خولیایانی گیا دەرمانی، باری بژێویتان هەر جۆرێک بێت، گران نییە گەر هەندێک گۆڕانکاری سادە لەسیستەمی خواردەمەنییەکانتاندا ئەنجام بدەن، کە بۆ باشترکردنی باری تەندروستی خۆتان باشە. رەنگە ئێوە زیاتر مەیلتان بەلای خواردنە ئامادەکراوەکانەوە (CAN FOOD) هەبێت و ئەوانەتان پێی باشتر و خێراتر بێت، بەڵام چاک بزانن هەرسکردن و بەکاربردنیان لەلایەن لەشەوە ئاسان نییە. چونکە ماددەی پارێزەر (ADVOCATE MATTERS)ی ناو قوتووەکان، ئاوێتەی کیمیایی ئاڵۆز و زیانبەخشن کە زۆر خواردنیان هۆکاری سەرەکی دروست بوونی شێرپەنجە جۆربەجۆرەکانە (VARIOUS CANCERS). ئێمە هەمیشە وا راهاتووین کە چ شتێک بەتام و خۆشە ئەوەیان باشە! جا ئەگەر پرپش بێ لە سێ ژەهرە سپی یەکە.(مە بەستم خوێ و شەکر و چەورییە). تا نەخۆش نەکەوین نرخی لەشساغیمان نازانین. خۆپاراستن لە چارەسەر باشترە، ئەمە ئاموژگاری پزیشکانی بەویژدانە. خوێنەری بەڕێز ئەو کۆمەڵە خواردنەی بۆمان ئامادەکردوون ١٠٠ دانە لەو خواردنانەیە کەوا ئێمە رۆژانە دەیانبینین و دەیانخۆین، بەڵام نازانین چییان تێدایە و بۆچی باشن؟ دەکرێ وەک دەرمان بەکاربهێنرێن یا نە؟ بەهیوای لەگەڵ هەر ژمارەیەکی وارقیندا لەم خشتەیە سوود وەربگرن.

ناو:	گرنگترین ماددە:	گرنگترین سوود:
١٠- پەتاتە	ڤیتامین: B٣، C، پۆتاسیۆم K+، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)	شەربەتەکەی بۆ هەوکردنی جگەر HEPATITIS، بەکار دێت. بۆ جوڵانەوەی ماسولکەکانی لەش سەرچاوەیەکی سەرەکی وزەی ATP یە.
١١-نۆک	کالسیۆم CA++، مەگنیسیۆم MG، بیتاکارۆتین، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، فسفۆر S، پۆتاسیۆم K+، پرۆتینی رووەکی.	چالاککردنی فرمانی گورچیلەGLOMULAR FILTRATION پاککەرەوەی ڕێڕەوی هەرس GIT CLEANING
١٢- برنج	ڤیتامین: B٣، B٥، B٦، زینگ، ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، فسفۆر S، ئاسن FE، مەگنیسیۆم MG، پۆتاسیۆم K+	ئارامکەرەوەی کۆئەندامی دەمارNERVOUS SYSTEM. خەمۆکیDEPRESSION لادەبات. سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە ATP یە، شلەکەی بۆ چارەسەری بەلەفیرە DIARRHEA بەکاردێت لە منداڵی شیرەخۆرەدا.
١٣-سپێناغ	ڤیتامین: E، K، B٥، C، B٣ بیتاکارۆتین. ترشی فۆلیک (FOLIC ACID)، کالیسیۆم CA+، ئاسن FE، مس CU، مەگنیسیۆم MG، پۆتاسیۆم K+	دژە شێرپەنجە ANTI CANCER. خواردنێکی نموونەییە بۆ بەهێزکردنی کۆئەندامی بەرگریIMMUNITY SYSTEM، ئێسکە پەیکەر SKELETON SYSTEM، ڕێکخستنی فشاری خوێن BLOOD PRESSURE REGULATION.

سەرچاوە:
1- Kurdish heritage – SMD; 2006.
2- www.academiainternational.com

سیراجەددین مەحمود

فوتۆ: رەفیق شوکری

www.peteve.com

موژدین بۆ وارگین:

هەندێ کەس ئابڕووی گۆرانیگوتنیان بردووە

تایبەت

هونەرمەند موژدین، لەدیمانەی وارگین دا رەخنە لەتێکستنووسەکان دەگرێت کە بۆچی لە هونراوەکانیاندا تەنیا ژن رەنگدەداتەوەو تێیدا پیاو لەبیرکراوە. هاوکات رەخنە لەهەندێ گۆرانیبێژ دەگرێت کە بەناوی لاسایی کەسایەتی جیهانی، رووبان لە گۆرانیگوتن کردووەو دەڵێ)) ئەو کەسانە لەجیاتی گۆرانیگوتن، واباشترە کاری مۆدە بکەن)).

هونەرمەند موژدین ساڵح، خەڵکی شاری سلێمانییەو ماوەی ١٤ ساڵە نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندایە. موژدین لەساڵی ٢٠٠١ دەستی بەکاری هونەری کردووە. ئەو لەم دیمانەیەدا سەرنجی خۆی لەبارەی شێوازی گۆرانیگوتن و ئارەزووەکانیەوە دەخاتەڕوو.

وارگین: تائێستا چەند بەرهەم و کلیپت هەیە؟

موژدین: چوار بەرهەم و کلیپێکم هەیە. کلیپەکە کاری هونەرمەند هەردی عومەرەو میلۆدی و تێکستیش کاری هونەرمەند زیاد ئەسعەدە. دابەشکردنی میوزیک و سلۆڤۆلیۆن، هونەرمەند گۆران کەمال، کردوویەتی و هەموو ژەنیارەکانیش سویدین کەبەستایلی ئۆرکسترا، کاری بۆ کراوە.

وارگین : لەگۆرانیدا چ شێوازێکت پێ باشە؟

موژدین: تائێستا ستایلی سوونەتیم پێ باشە کە لەفارسییەوە نزیکەو لەکوردیدا پێیدەڵێن رەسەن. هەرکەس دەنگی لەستایلێکەوە نزیکە. بەگشتی بیرفراوانم و لەوانە نییم کە دەڵێن لە وڵاتانیتر نزیک مەبەرەوە، تارەسەنایەتی خۆت بپارێزی. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە هەستی نەتەوایەتیت بەهێزبێت، من ئەو هەستەم هەیە. بەڵام هیچ کات رێگەم نەداوە کە کارەکانم تەعریب و تەتریک بکرێت.

وارگین: کامیان بۆ گۆرانیبێژ گرنگترن، دەنگی خۆش یان ئەدایەکی باش؟

موژدین: هەردووکیان گرنگن، بەڵام هەردووکیان لەهەموو کەسدا، رێکناکەوێت. هەندێکجار تەنیا دەنگ خۆشە، پێیدەڵێن گۆرانیبێژ. هەندێکجاریش تەنیا شێوەی گوتنی باشە پێیدەڵێن،موغەدی. ئێمە تائێستا بۆ شێوەی گوتن پۆلێنمان نییە. بەهەموو کەس دەڵێین گۆرانیبێژ یان هونەرمەند کە هەندێکجار هونەر لەدەنگیاندا نییە.

وارگین: جگە لەهونەری گۆرانی وێستوتە لەکام دەرگا بدەیت؟

موژدین: جگە لەکاری هونەری، دەتوانم ئەکتەریش بم. بەهرەی ناوەندیشم هەیە، واتا پێمخۆشە لەسینەماش کاربکەم. بەڵام لەدەرگای هەر هونەرێکم نەداوە لێشم داواکراوە، بەڵام بۆم نەکراوە.

وارگین: گۆرانیبێژانی پیاو بەویستی خۆیان، گۆرانی بۆ جوانییەکانی ژن دەڵێن، بەڵام ژنانی گۆرانیبێژ گۆرانی بۆ کوڕان نالێن. هۆکارەکەی چییە؟

موژدین: منیش هەمان پرسیار ئاراستەی شاعیران دەکەم کە بۆچی تێکستنووسانی گۆرانی، هۆنراوە بۆ کوڕان نانووسن؟ لەچاوی من مانگ لەلێوی ئەو جوانترە نەدیوە لەجیهان، ئەوە من دەستپێشخەری خۆم کرد و هۆنراوەیەکم نووسی. بەڵام ئەمە بۆ گۆرانی نابێت، پێمخۆشە ئەگەر تێکستنووسێک دەتوانێ هۆنراوەیەکی وام بۆ بنووسێت، ئەوا دەتوانێت بەم ئادرێسە بۆم بنرێرێت و مافی پارێزراوەبێت.

MUZHDENDINA@HOTMAIL.COM

وارگین: جگە لەکاری هونەری، رۆژانە بەچی خەریکی؟

موژدین: لەکۆلێژی کۆمپیوتەر دەخوێنم و دەخوێنمەوەو لەگەڵ هاوڕێکانم لەنێت دەدوێم. رۆژانەش کات بۆ ئازیزانم لەفەیسبووک، تەرخان دەکەم. نامەی جوان و دیاریم، بۆ دەنێرن. زۆر بەنرخن لام و سوپاسیان دەکەم و بەختەوەرم پێیان. بەهاوینانیش بەپایسکل دەگەڕێم.

وارگین: بڕوات بەخۆشەویستی هەیە؟

موژدین: ژیان، بەبێ خۆشەویستی بەردەوام نابێت. بڕوام بە هەموو جۆرەکانی خۆشەویستی هەیە، بەتایبەت سۆزداری، واتا خۆشەویستی نێوان ئافرەت و پیاو، یان کچ و کوڕ.

وارگین: حەز بە چ خواردنێک دەکەیت؟

موژدین: خواردنێکی جیهانییە ناوی سوشایەو ئەسڵی ژاپۆنیەو زۆر خۆشە. بۆ ئەو کەسانەی نازانن چییە، بە برنج دروست دەکرێت و ماسی خاوی لەسەرە، یان تێکەڵەیەکی وەک کریمی تێدەکرێت.

وارگین: دواکاری هونەریت کامەیە؟

موژدین: سۆنگێک ستایلی R&Bئیم هەیە. دەمەوێ بەشێوەیەکی جیهانی کلیپی بۆبکەم. حەزدەکەم خاوەن ستایلی جیاواز بین. پاشان دوو گۆرانیم ئامادەکردووەو تۆمار کراون. لای هونەرمەند موکریان چەڵۆ، لەسویدن. ماوە دەنگی خۆم تۆمار بکەم.

وارگین: دەڵێن، لەنێو کچاندا هەست بەمۆدیلی نوێی گۆرانیگوتن دەکرێت، رای موژدین وەک کچەگۆرانیبێژێک لەوبارەیەوە چییە؟

موژدین: ئەو مۆدێلە لای من لەبواری هونەریدا، باش نییە. ناویشیان ناهێنم کە کێن، ئەوانەی ئابڕووی هونەری گۆرانیگوتنیان برد. ئەو کەسانە وەک بەفرن، زۆر ناخایانێت دەتوێنەوە. نەک رەخنەگرانی هونەری، بگرە خەڵکانی ئاساییش لەئەدایان رازی نین. بەڵام لەوڵاتانیش لەو جۆرە کەسانە هەن، بۆیە بەباشی دەزانم کە ئەوانە تەنیا کاری مۆدە بکەن، نەک کاری هونەری. لەنێویاندا هەیە کە دەیەوێت لاسایی کەسایەتی جیهانی بکاتەوە، بەڵام لە لاساییکردنەوەشدا سەرکەوتوو نابن. بۆیە ئەو کەسانە لایەنی هونەری لە کارەکانیاندا نییەو تەنیا کەسانێکی لاساییکەرەوەی دواکەوتوون.

وارگین: پەیوەندیت لەگەڵ هونەر وەک پیشەیە

یان خولیایە؟

موژدین: سەری ساڵ یەک هیوام هەبوو لەڕۆژ تیڤی، مۆمێکم بۆ داگیرساند. ئەویش ئەوەبوو کە لایەنی هونەری ببێتە پیشەم.

وارڤین: پێتوایە ژنی کورد، ڕێی هاتنە بواری هونەری لێ گیراوە؟

موژدین: بەڵێ و نە، چونکە هەر ئەوە ڕەچاو نەکەین کە ڕێگریان زۆر لێ دەکرێت. ژنیش هەیە کە لەو بوارەدا کار دەکات.

وارڤین: ڕات بەرامبەر ڕاگەیاندنی هونەری، چییە؟

موژدین: بەگشتی گرنگی بەهونەری گۆرانیگوتن دەدرێت، بەڵام لایەنی تر وەک سینەما، میوزیکژەن، کامێرەمان و دەرهێنەر لەبیرکراوە.

وارڤین: ئەم وشانە لای تۆ چی دەگەیەنن؟

جوانی؟ مرۆڤ لای من جوانترین بوونەوەرە. پاشان کەوتووەتە هەوڵ و لێزانینی خۆی کە جوانییەک نیشان بدات. هیچ بەجوانییەوە مەنازە چونکە تێربوونی هەیە. کە ڕۆشنبیر بووی، کاتی نوێبوونەوەت هەیە.

نیشتیمان؟

پاراستنی هەستی نەتەوایەتی هەیە. دەبێت بەرامبەری بەئەمەک بیت. لەهەر کوێ بیت و لەهەر بواریک کارت کرد، نابێ نیشتیمان لەبیر بکەیت.

دایک و باوک ؟

بەبێ ئەوان، من بوونم نییەو سوپاسیان دەکەم، بۆ ئەو هەموو نازەی پێیانداوم.

خۆشەویستی؟

عاشقی ژیانم. ئەو کەسەی دەبێتە مانگی ژیانم و دەمکاتە ژنی خۆی، هاوکارم دکتۆر میران، پاشان مانای هەستی من بۆ کوڕەکەم ئاران. هەستم بەرامبەر هونەر و نیشتیمان و مرۆڤ و سروشت.

منداڵ؟

ئارانی کوڕم کە خۆشەویسترین کەسمە. بەڵام ئەگەر بەسۆزداری بگەم ئەوا هاوڕێکەم بەسۆزە. وەک ماڵەوە نازم دەکێشت. منداڵ دەبێ بەیبی لۆڤ بێت. واتا بەرهەمی خۆشەویستی نێوان دوو سۆزدارە. بەڵام نابێ زۆر بێت، تا لەنازو خۆشەویستی و پەروەردەیان بێزار نەبیت و کەمتەرخەم نەبی.

ئاوێنە؟

پیشاندانی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ خۆی، تا گرنگی بەخۆی بدات. بێ ئاوێنە ژیانم وەک ئەوە

وایە کەیەک چاوم هەبێت.

وارڤین: یەکێ لەم کێشانە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگای ئێمە بووەتەوە تووندوتیژی دژ بەژنانە، ئایا هۆکار دڵڕەقی پیاوانی کوردە؟

موژدین: بەڕاستی ناشیرینترین کەس ئەو کەسەیە کە تووندوتیژی بەرامبەر بەمرۆڤ، یان گیانلەبەرێک دەکات. لەو وڵاتانەی جیهان مافی نەوەک مرۆڤ بەڵکو گیانلەبەریش، پارێزراوە. چونکە ناتوانن بدوێن کەسانی تێگەیشتوویان دەوێ لێیانتێبگات. من پێموانییە پیاوی کورد دڵڕەق بێت، ئەو کەسەی کە تووندوتیژی دەکات ئاستی ڕۆشنبیری لاوازە.

ڕۆشنە عومەر

www.netewe.com

ئالوودەبوون بە دراما تورکییەکان

((دراماى تورکى جێى دراما کوردییەکانى گرتووەتەوە))

سلێمانی

سەیرکردنی دراما تورکییەکان، پرسیارێک دێنێتە ئاراوە کە بۆچی هێندە خەڵک ئالوودەی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان دەبن؟ چۆن زنجیرەیەکی دراماییی دەتوانێت زۆرینەی خەڵک بەلای خۆیدا رابکێشێ و ژیانی خۆیان، بەپێی پەخشی ئەو دراماییانە رێکبخەن. نهێنی ئەو ئالوودەبوونە چییە؟ ئایا خەڵک، دەیانەوێت لەواقیع دوورببکەونەوە و بچنە بواری ئەندێشەو خەیاڵەوە؟ لەکاتێکدا بەهۆی لاسایی ئەو دراماییانەوە، چەندین کارەساتی کۆمەڵایەتی ڕوویداوە. بەو پێودانگەوە دەبێ هەوادارو ئالوودەبووانی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان کێ بن؟

لەگەڵ پەرەسەندنی دراماى تورکی لەڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بینەری ئەو دراماییانەش لەهەرێمی کوردستان ڕووی لەزیادبوون کردووە. لەکاتێکدا کەناڵە عەرەبییەکان، دراماکانی تورکیان بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، ماوەی ٣ ساڵیش دەبێت لەکوردستان دەستکراوە بەوەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی و ئەمەش وایکردووە کە بینەری ئەو دراماییانە لەکوردستان و بەتایبەت شاری سلێمانی زۆر بێت. مامۆستا مەریوان حوسێنی مامۆستای زانکۆ، لەبارەی دراماى تورکی و بیانییەوە دەڵێ، ئەو دراماییانە جێگرەوەی دراما کوردییەکانن. هۆکارەکەیشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کەلەقۆناغی ئێستادا دراماى کوردی کەمبووەتەوەو خەڵکیش شەوانە لەکوردستان، لەبەر ئەوەی جێگەو شوێنی چوونە دەرەوەیان کەمەو ئەگەر هەشبێت، پارەو خەرجی زۆری تێدەچێت، ئەوا شەوانە خۆیان بەدراما بیانییەکانەوە سەرقاڵ دەکەن))خەڵکانێکی زۆر هەن لەکارمەندان و کاسبکاران، شەوانە پێویستیان بە پشوو هەیە، لەرێگەی سەیرکردنی دراما بیانییەکان، خۆیان سەرقاڵ دەکەن. لەبەرئەوەی ژنان زیاتر حەزیان لەدراماو فیلمە، کوردی، عەرەبی، یان تورکی بێت، ئیتر پێوەی ئالودە دەبن)).

ئەو مامۆستایە ئەوەی بەجێگەی نیگەرانی بزانێت، کاریگەری هەندێ لەو دراماییانەیە کەکار دەکەنە سەر مۆراڵ و ئاکاری هەندێ لەگەنجان، لەڕووی پۆشاک و بەکارهێنانی زێڕو، خۆشەویستی و ژنهێنان بەنهێنی و خیانەتی هاوسەری کە لاسایی ڕووداوەکانی دراماکە دەکەنەوە. بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەی خاتووزین لەسلێمانی خاتوو کەژاڵ حوسێن، دەڵێت، ئەوانەی عاشقن، زیاتر ئالوودەی ئەو دراماییانە دەبن))ئەو کەسانەی کە عاشقی حیکایەت و چیرۆکن، زووتر خوو بە زنجیرە دراماکان دەگرن، چونکە سەردەمی چیرۆکی بەرئاگردان و سەرگوزەشتە گێڕانەوە بەسەرچووە. بەڵام خاتوو نەسرین ئەحمەد، کە لەیەکێک لە فەرمانگەکانی حکوومەتی هەرێم، لەسلێمانی کارمەندە، ڕاڕایی بەقسەکانییەوە دیاربوو کاتێ باسی لەوەکرد کە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان ئالوودەبوون، یان نەنگی ناگەیەنێت))زۆر حەز بەدرامای تورکی ناکەم، بەڵام کەم کەس هەیە لەژیانیدا سەیری دراماییەکی نەکردبێت، چونکە شەوانە خۆت بەهەرشتێکەوە خەریک بکەیت، هەر دڵخۆش نابیت. بۆیە جاری وا هەیە ڕۆژانە سەیری سێ دراماى جیاواز دەکەم، بەڵام هەر خۆم بەئالوودەی دراماکان نازانم. لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا لەو دراماییانە چی فێربوویت؟ ئەو دەڵێت هەمووی پەندن و وەک باسی ژیانی ئێمە بکەن وایە، چونکە ڕووداوەکانی نزیکن لەو جۆرە ڕووداوانەی کە لەکۆمەڵگەی کوردستاندا ڕوودەدەن. هاوکات شەهلا کە ژنی ماڵەوەیە، زۆر ڕاشکاوانە ئەوە دەخاتەڕوو، ئەگەر سەیری دراماکان، بەئالوودەبون حیساب بکرێت، ئەوا من شەو بوێری لێناکەم و ئەگەر بەڕۆژیش کارەبا هەبێت سەیری ئەلقە خۆشەکان دەکەم، جا چ کوردی، عەرەبی یان تورکی، بێت، بۆ من جیاوازی نییە)) زمانی عەرەبی نازانم، بەڵام هەر تێیان دەگەم. نەوەک هەرخۆم بەڵکو هاوسەرەکەشم زۆر حەزی لەدراماکانەو زۆرجار بۆشم وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی)). بەڵام کەریم ئیبراهیم کە کارمەندی یەکێک لەدامەزراوە حکومییەکانە، باس لەوەدەکات کە هاوڕێکانی لەفەرمانگەدا ئەوەندەیان باسی دراماکانی تەلەفزیۆن بۆ کردووە، لەیلا وایەو ئەسمەر وایەو جەبار ئاغا وایە، ئیتر منیش وەک هەوادارێکی شەوانەم بۆ دراماکان لێهاتووە، ئەگینا جاران هەر سەیری دراما کوردییەکان و بەرنامەی بەرنامەم دەکرد، بەڵام ئێستا هەر لەرەمەزاندا دراماکانی خۆمان هەن، ئەگەر ئەمە بەئالوودەبون لەقەڵەم بدرێت، ئەوا هەموومان ئالوودەین. نیشتمان عەلی، خوێندکاری زانکۆ لەسەر بابەتەکە ڕای وابوو کە زۆرینەی خەڵکی تەماشای دراماکان دەکەن، چونکە شەوانە لەکوردستان چوونە دەرەوەیان نییە مەگەر هاوین، بۆیە ئەو دراماییانە ڕەواجیان هەیەو هەموو لەدەوری کۆ دەبینەوە، تا بزانین ژیان لای تورکەکان چۆنەو چۆن بیر دەکەنەوەو هەڵسووکەوت دەکەن. کامەرانی کاسبکاریش هەواداری دراماکان بووەو دەڵێ، کە دراما و فیلمەکان، ژیانی شەوانەمان خۆش دەکەن و لەجیاتی ئەوەی کە بەدیار قسەو دەنگوباسی سیاسییەوە دانیشین، ڕوو لەسەیرکردنی دراماکان دەکەن))خۆ هەر هیچ

نەبێت هەموومان کۆ دەکاتەوە، بۆیە ئالوودەی بووینە)). دیمەن، کارمەندی کۆمپانیایە، باس لە هاوسەرەکەی دەکات کە لەو زیاتر ئالوودەی درامای بیانی و تورکی بووە)) پیاوەکەم لەخۆم زیاتر هەواداری دراماکانەو گولّەبەڕۆژەو کاستەر دێنێتەوە بۆ ئەوەی بەدەم تەماشاکردنی دراماکانەوە بیخۆین، بەتایبەت دراما تورکیەکان)). لەلای خۆیەوە ڕەئووف عوسمانی بازرگان، سەیرکردنی بۆ دراما بیانییەکان بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێنێتەوە کە شەوانە کەس نییە قسەی لەگەڵ بکات، بۆیە ڕووی لەدراماکان کردووە. ئەو دەڵێت لەکاتی دراما تەواوی ئەندامانی خێزانەکەم بێدەنگ دەبن و ئەگەر منیش وەک ئەوان سەیری نەکەم، بەدرێژای ئەو دراماییانە شەوانە کەسێک نییە قسەی لەگەڵ بکەم. سەرنجی توێژەری دەروونی کامەران محەممەد، لەوبارەیەوە ئەوەبوو، ناوەڕۆکی دراماکان هەمووی لەیەکتر دەچن، خۆشەویستیەکی ڕۆژاواییانەو ناوەڕۆکەکەشی پارەو خواردنەوەو چەک بەکارهێنان، هەبوونی ئاغاو ململانێی نێوان شارو گوندەو چارەسەرەکانیش سادەن و لۆژیکی نین. هەروەها پەروەردەو پەندێکی لێوە فێر نابین کە لەژیانی ڕۆژانەماندا سوودیان لێوەر بگرین. ئەو توێژەرە، وەک باسی لێوەکرد کە ئەو دراماییانە بنەمای جوان و ئاکاری بەرزی مرۆڤایەتیمان فێرناکەن و هەندێ لەلاوان و ژنانی کوردیش کاریان تێدەکات و ڕەفتاریان دەگۆڕێت. ئەو هۆکاری ئالوودەبن، بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە دراماکان دڵخۆشترمان دەکەن و تۆزقاڵێک لەواقیعی بێزارکەر دوورترمان دەکەونەوەو وادەکات کە ماندووبوونی خەڵک لەڕۆژدا بەبینینی ئەو دراماییانە بحەسێتەوە. لەلای خۆیشەوە توێژەری کۆمەڵایەتی حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ، باسی لەوەکرد کە زۆرێک لەمرۆڤەکانی جیهان یەک خەسڵەتیان تێدایە کە ئەویش بریتییەلە، پەیوەندی پتەویان بەئامێرەکان کە یەکێک لەو ئامێرانەش تەلەفزیۆنەو جێگەی شیاو و دیاری هەیە لەنێو گشت ماڵ و خێزانێکدا، چونکە کەرەستەی سەرەکی لەژووری میواندا بریتییە لەمێزو تەلەفزیۆن. بۆیە ئاساییە کە مرۆڤ هەواداری تەلەفزیۆن بێت و لەگەڵیدا پەیوەندی و یەکانگیری هەبێت. ئەو توێژەرە بەئاسایی دەزانێت کە هەموو کەس ئارەزوو لەفیلم و دراماو شانۆو دەنگوباس، بێت، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی بێت و ڕێژەیی و لەرادەبەدەر نەبێت و ئەگەر سنووری ئاسایی تێپەڕاند دووچاری گرێ و نەخۆشی و ئالوودەبوونی دەکات))ئێمەی کورد بەداخەوە وەک کەلتوورێکی لێهاتووە کە شەوانە ناچینە دەرەوەو بەتایبەت لەزستاناندا، چونکە شوێنێکی شیاو لە سلێمانیدا شک نابرێت کە زۆرینەی خێزانەکان بۆی بچن، بۆیە ئالوودەبوون، بەزنجیرە دراماییەکانەوە بووەتە شتێکی ئاسایی و زۆرینەش پێی دڵخۆش دەبن. بەڵام ناوەڕۆکی ئەم دراماییانە ڕەفتاری هاوسەرگیری ناشەرعی و خیانەتی هاوسەرگیریان کردووەتە بنچینەی دراماکە کە لەڕۆژئاوادا باوەو بۆ ئێمەی کۆمەڵگای کوردستان ئاسەوارو ماکی خراپی دەبێت. هەروەها بەهۆی کاریگەری لاساییکردنەوەو چاولێکەرییەوە هەمان ڕەفتارو خوی ئەوان، دووبارە دەبێتەوە. لاوانی ئەم سەردەمە چاولێکەری شتە نێگەتیڤەکان و لایەنی سێکسی زیاتر سەرنجیانڕادەکێشێت و خولیایان بەرەو خراپەکاری، کوشتن، خواردنەوە، رابواردن، سێکسکردن، خۆشەویستی بێبنەماو قومارکردن، چووە)).

سارا محەمەد

پێویستە کورد تێڕوانینی لەبارەی خۆی و جیهانەوە بگۆڕێت

هەولێر

هونەرمەندی شێوەکاری دانیمارکی ئەنیتا ئیسپاندەر لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت:))دووری و نزیکی بۆ کێشانی وێنە پەیوەندی بەوەوە نییە کە هونەرمەند خۆی ئامادەیی هەبێت، یان لەبەردەم دیمەنی ناوچەیەکدا، یاخود لە تەنیشت شەلالی ئاوێک وێنەکان بکێشێت، چونکە ئەو هونەرە زۆرجار پەیوەندی بەتێڕامانەوە هەیە)). ئەو لەنزیکەوە زۆرێک لەهونەرمەندانی شێوەکاری کورد دەناسێت و بوونی مۆزەخانەیەکیش بەگرنگ دەزانێت، بۆ کۆکردنەوەی تابلۆی هونەرمەدانی کورد.

ئەنیتا ئیسپاندەر، لەم دیمانەیەدا سەرەتا باسی لەکێشانی هونەری شێوەکاری کردو گوتی:)) دووری و نزیکی، پەیوەندییان بەتێڕامانەوە هەیە بۆ ئەو شتەی کە مەبەستمانە لێڕابمێنین، چونکە نە بەزەمەن و نە کیلۆمەتر حیساب ناکرێن، لەبەر ئەوە دەکرێت، ئێمە شتەکانی ناو ماڵەکەی خۆمان نەبینین، بەڵام لە دوورەوە هەست بە شتی دیکە بکەین، کە لە ڕۆحمانەوە نزیکن)). ئەنیتا بڕواشی بەبۆچوونی خۆیەتی و گوتیشی))نابێت لەبیرمان بچێت، هیچ شتێک لەدەرەوەی مرۆڤەوە نییە، بۆیە هەر کاتێ لەخۆمان دەڕوانین، واتە لەدنیامان ڕوانیوە)).

ئەو خانمە هونەرمەندە ئاشنابوونی خۆیشی لەگەڵ سروشتی کوردستان، ئاشکراکرد و دەڵێت:))پەیوەندیی من بە کوردستان و سروشتی کوردستانەوە، بۆ ئەو کارەساتانە دەگەڕێتەوە کە لەساڵانی هەشتاکاندا بەسەر ئەو نەتەوەیەو سروشتەکەی هاتوون. بۆیە هەر ئەمەش وایلێکردم هێندە هەست بەنزیکی نێوان کوردستان و خۆم بکەم)).

هونەرمەندی شێوەکار کە زۆربەی تابلۆکانی لە زەیتی ئاوی پێکهاتوون، ڕەنگەکان تاڕادەیەکی زۆر بەهارین کە واتای ژیان و بەردەوامبوونیان تێدا بەر جەستە دەکرێت و تابلۆکانی سەرجەم

وەرهەندی ئەنیتا ئیسپاندەر

جوانن و سەرنجڕاکێشن، ئەو لەوبڕوایەدایە، کاری شێوەکاری لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی بەتێڕامانەوە هەیە، هاوکات دەشتوانێت گوزارشتێکی ڕووناکبینانە بەرجەستە بکات، لەناو کۆمەڵگاو وێنە نەبینراوەکان نیشان بدات، لەکاتی ئاساییدا، ئەنیتا دەڵێت:))هونەری شێوەکاریش وەک هەر هونەرێکی دیکە دەتوانێت کار لە مرۆڤ و لە کۆمەڵگا بکات، لەبەر ئەوە مادام هونەرەکە پشت بە تێڕامان و ڕەنگ و هێڵەوە دەبەستێت کە ئەوانەش ژیانن. بۆیە هونەری شێوەکاری دەتوانێت ئەو وردەکارییانەی دنیامان نیشان بدات کە لە کاتی ئاساییدا نەماندیون)).

ئەو خاتوونە نیگار کێشە پێیوایە، ناوچەیەک بەراورد بەناوچەیەکی تر جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، لە سروشتدا، چونکە هەمووی مرۆڤەکانن دەبنە هۆکار بۆ ناشیرن بوون و تێکدانی سروشت، ئەگینا سروشتەکان وەک یەکن، ئەنیتا دەڵێت:))هەرچەندە من لەڕێگای کارەساتەکانەوە کوردستانم ناسی و لێی نزیک بوومەوە. بەڵام شوێنەکان لە یەکتر جیاوازن کە هەر ئەمەشە وایکردووە، ئێمەش بینینی جیاواز لە خۆماندا بدۆزینەوە. بەڵام بەبۆچوونی من لەسروشتدا، شوێنێک نییە لەشوێنێکی دیکە جوانتر بێت، پێموایە ئەو سروشتەی کە خراپ بووە، ئەوە مرۆڤەکانن دەیشێوێنن. بۆیە ناتوانم بڵێم کوردستانی باشووریش لە شوێنێکی دیکە جوانترە)).

لەگەڵ ئەوەی ئەنیتا ئیسپاندەر دیمەنی ناوچەکانی کوردستانی لەڕێگەی تێڕامانەوە، بە وێنە کێشاوە، بەڵام بەرهەمی شێوەکارانی کوردستان، بە جوانی وەسف دەکات و دەڵێت:))کوردستان هونەرمەندی شێوەکاریی زۆر باشی هەیەو من بەش بەحاڵی خۆم ئاگاداری بەرهەمی هەندێکیانم. هاوڕێیەتییم لەگەڵ (ڕێبوار سەعید)یشدا هەیە، کە بەڕاستی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی خاوەنی ستایلی تایبەتی خۆیانن. چونکە پێموایە هونەری شێوەکارییش وەکو هونەری موزیک دەتوانێت ئەو کارەسات و ناخۆشییانەی بەسەر ئەو گەلەدا هاتوون بۆ شێوەیەکی دیکە بگوازێتەوە، چونکە هونەری شێوەکاری لە توانایدا هەیە تێڕوانینی مرۆڤ لە بارەی خۆی و دنیاوە بگۆڕێت، کە ئەمە ئەو شتەیە ئەمڕۆ کورد زۆر پێویستی پێیەتی.

هەرچەندە تائێستا لەهەرێمی کوردستان، مۆزەخانەیەکی تایبەت نییە بەئەرشیفکردنی وێنەی شێوەکاران، بۆ ئەوەی وەک هەر جێگایەکی تری شارستانی، تۆریست و خەڵکانی دەرەوە کە دێنە ناو کوردستان ئاشنای بەرهەمی هونەرمەندان بن، چونکە بوونی مۆزەخانە رووبەکی شارستانی بەهەموو کۆمەڵگەکانی تر نیشان دەدات، بەبڕوای ئەنیتا ئیسپاندەری هونەرمەندیش))بوونی مۆزەخانە بۆ هونەری شێوەکاری زۆر پێویستە، چونکە لەلایەک هەموو ئەو تابلۆیانە دەپارێزێت کە کورد سەرەڕای وێرانکردنی نیشتیمانەکەی

www.narinwe.com

لەلایەن داگیرکەرانەوە پاراستوونی و نەیهێشتووە، لەناوبچن و لەلایەکی دیکەش رووی شارستانی کوردستان نیشان دەدات)).

ئەنیتا ئیسپاندەر باس لە رۆڵی هونەرمەندانی کوردستان دەکات، بۆ کردنەوەی مۆزەخانەیەک و رووندکردەوە))کاتێک مۆزەخانە هەبێت، هونەرمەند زیاتر هەست بەدڵنیایی دەکات و دەزانێت بەرهەمەکانی بایەخیان پێدەدرێت. لەبەر ئەوە ئەوەندەی من ئاگام لێ بێت هەوڵ بۆ دامەزراندنی مۆزەخانە دراوە، بەڵام بەهۆی خراپی کارکردن لە بیناکەوە، مەترسی رووخانی هەیە. وەک بزانم زۆر لەهونەرمەندان لەو رووەوە ناڕەزایی دەربڕی و هەقی خۆشیانە.

هەرچەندە ئەو سەردانی کوردستانی نەکردووە، بەڵام وەک خۆی گوتی:))لەمێژە ئاواتم خواستووە سەردانی کوردستان بکەم. پلانم هەیە بۆ سەردانی، بەڵام نازانم کەیە. رەنگە لەم نزیکانەش بێت)) ژنە هونەرمەندی شێوەکار بەهۆی ئەم ئاشنایەتییەوە لەتەک کوردا، بەتایبەتی لەگەڵ زۆرێک لە روناکبیرانی کوردی نیشتەجێی وڵاتی دانیمارک، هێدی هێدی شارەزای ژیان و کەلتوورو هونەری کوردی بووەو لەڕێگەی بینینی وێنەو بەرنامەی تیڤییە کوردییەکانەوە، بە سروشتی جوانی کوردستان سەرسامە، هەر ئەم خۆشەویستی و سەرساميیەی هانیداوە کە پێشتر پێشانگایەکی تایبەت بە کوردستان بکاتەوە. ئەو وێنە زهنیانەی سەبارەت بە سروشتی کوردستان هەیەتی لەپێشەنگاکەدا بەرجەستەیان بکات، دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەندان و رۆشنبیرانی کورد، ئەو خاتوونە شێوەکارە، گوتی: ((زۆر هاوڕێی کوردم هەیە لە ئەدیب و رۆشنبیر و هونەرمەندان، مامۆستا رێبوار سیوەیلی یەکێکە لەهاوڕێ ئازیزەکانم و دەزانم یەکێکیشە لە نووسەرە گەورەکان. بۆیە پێشتر گوتوومە رێبوار سیوەلی لە سلڤادۆر دالی دەچێت، من مەبەستم لە شێوەیەتی کە ئەو لە هونەرمەندی سوریالی سەلڤادۆر دالی دەچێت. چونکە سەلڤادۆر دالی خاوەنی رێبازێکی زۆر تایبەتە لە هونەر. ئەگەرچی من سوررپیالی نییم، بەڵام هەر کاتێ لە تابلۆکانی ئەو هونەرمەندە رادەمێنم، وا دەزانم دنیا ون بووەو سەلڤادۆر دالی دۆزیویەتەوە)).

شوان سدیق

ثینا فەرشید

ئارەزووی هونەرمەندان

پرۆفایل

ناو: ثینا فەرشید
لەدایکبووی: ١٩٩٧ – هەولێر- قوتابی قۆناغی حەوتی بنەڕەتی

وارژین: حەزت دەکرد لەکام گۆرانیبێژ بچیت؟
ثینا: سەرەتا کە دەستم بەگۆرانیگوتن کرد، زۆر حەزم لەدەنگی کێژان ئیبراهیم خەیات، دەکرد و زۆر لاساییم دەکردەوە، بەڵام ئێستا ستایلی تایبەت بەخۆم هەیە.
وارژین: چ شتێک زۆر تورەت دەکات؟
ثینا: بێ وەفایی
وارژین: خەونت بۆ داهاتوو چییە؟
ثینا: ببمە بەهونەرمەندێکی سەرکەوتوو، لەهەموو جیهان ناوبانگ دەربکەم.
وارژین: ئەستێرەی بەختت چییە؟
ثینا: سەتڵ
وارژین: حەز لە چۆن کورێک دەکەیت؟
ثینا: حەزم لە کورێکی باڵابەرز، ئەسمەر و چاوڕەشە، بەڵام قژی کاڵ بێت.
وارژین: بەکام یاریزانی تۆپی پێ سەرسامی؟
ثینا: میسی
وارژین: خۆشترین خواردن بەلای تۆوە؟
ثینا: کفتەی ڕواندزی.
وارژین: خۆشترین ڕۆژت؟
ثینا: ڕۆژی بڵاوبوونەوەی کلیپەکەم.
وارژین: حەزت لە کام مۆدێلی قژە؟
ثینا: کورتی کورانە.
وارژین: بەجلووبەرگی کام وڵات سەرسامی؟
ثینا: ئەمەریکا
وارژین: شارەزایت لە چ ئامێرێکی میوزیکدا هەیە؟
ثینا: ئامێری کەمان هەیە، ئێستا خەریکی فێربوونی عودم.
وارژین: ئەگەر کورێک پێتبڵێ تۆجوانی، کاردانەوەت چۆن دەبێت؟
ثینا: دەڵێم تۆش جوانی.
وارژین: کام ڕەنگ شای ڕەنگەکانە؟
ثینا: ڕەساسی، مۆر و شین.
وارژین: حەزت لە چ بەرهەمێکی سروشتە؟
ثینا: گوڵ.
وارژین: حەز لە چ ژمارەیەک دەکەیت؟
ثینا: ٣٨
وارژین: تا چەند حەز لە ناوبانگ دەکەیت؟
ثینا: وەک هەموو هونەرمەندان حەزم لەناوبانگە.
وارژین: پێتوایە لەژیاندا سەرکەوتووی؟
ثینا فەرشید: تاڕادەیەک.
وارژین: کام وەرزت لەهەموو وەرزەکانت پێخۆشترە؟
ثینا: بەهار
وارژین: چ وڵاتێکت پێخۆشە؟
ثینا: ئەڵمانیا
وارژین: حەز لە مکیاژ دەکەیت؟
ثینا: زۆر
وارژین: جوانی تاچەند بۆ هونەرمەند پێویستە؟
ثینا: بۆ هەموو هونەرمەندێک پێویستە.
وارژین: حەز لەجلی کوردی دەکەیت؟
ثینا: زۆر حەزم لێیەتی. ٩دەستە جلی کوردیم هەیە.

دوو وشە بۆ دوو جۆر هونەرمەند

دەمەویست بەر لەئێستا بنووسم. بەڵام نەمنووسی. چەند هاوڕێیەکم داوایان لێکرد سەبرم هەبێت. گوتیان لەوانەیە هەستیاری بابەتەکە ببێت بەهۆی ئالۆزی. ئاشکرا پێتان بڵێم خۆم رانەگرت، خۆم بۆ زەوت نەکرا. بەخۆمم گوت دەنووسم، چ دەبێ با ببێت. پاشان چ دەبێت؟ خراپترینی ئەوەیە هەندێک کەس دڵیان بشکێ و هەڵوێستم لەدژ بنوێنن.

ئەمە ماوەیەکە سەرنج دەدەمە هەندێک کەس کە خۆیان وەکو هونەرمەند دەناسێنن، بەتەنیا لە بۆنەکاندا دەردەکەون. مرۆڤ جگە لە بۆنەگەل لەهیچ شوێنێکی تر نەدەنگیان دەبیستێ و نە رەنگیان دەبینێ. من ناویانم ناوە))ستڕانبێژانی نەورۆز)). هەموو نەورۆزێک دەبینی دەنگیان هاتێ و وێنەیان لەپۆستەرەکان درا. شتی خراپ ئەوەیە ئەو کەسانە لەهەموو نەورۆزێکدا هەمان گۆرانیگەل دەڵێنەوە. ئەو گۆرانییانەی سالانێک سەری خەڵکیان پێ ئێشاندووە دووبارەی دەکەنەوە. ئەمەیش واتەی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسانە بۆ پێشخستنی هونەرەکەیان هیچ رەنجێک نادەن. نە کار لەسەر دەنگی خۆیان دەکەن و نە بۆ بەرهەمهێنانی ستڕانێکی نوێ سەری خۆیان دەیەشێنن. بێگومان هەندێک هونەرمەند هەن، خودایە، زۆرتر لە گۆرانیگوتن قسە دەکەن، ئەقڵ دەدەنە خەڵکەکە. وەکو ئەو خەڵکە دەبەنگ بن. چۆن ئامۆژگاری منداڵ دەکرێ، ئەوانیش ئاوا بۆ خەڵکەکە قسە دەکەن. ئەو ئامۆژگارییانەیش ئیتر کۆن بوون و بە بیری کەسدا نایەن. یان با بڵێم باویان نەماوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هونەرمەندانەمان کەم دەخوێننەوە یان هەرگیز ناخوێننەوە، لەوانەیە ئیمایلیشیان نەبێت، ئەگەر هەیشیان بێ نازانن بیکەنەوە، تەنیا بۆ ئەوەی بڵێن ئیمایلمان هەیە کردوویانەتەوە. بۆیە ئەوان لەڕۆژەڤ دوور کەوتونەتەوەو هەمان ئەو قسانەی خۆیان لەهەموو نەورۆزێکدا دووبارە دەکەنەوە. زۆرێک لەو هونەرمەندانە هەن، لەکاتی خۆیدا ئەستێرە بوون، بەناوبانگ بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆیان لەگەڵ ڕۆژدا نوێ نەکردەوە، بەرانبەر بەنوێبوونەوە کۆن بوون. لەسەر پاشماوەی ساڵانی کۆنیان دەژین. دەخۆن و دەخۆنەوە. دڵم بۆیان دەسووتێ. کاتێک لەو دۆخەدا دەیانبینم، غەمگین دەبم. بەزەییم پێیاندا دێتەوە. من دەڵێم یەکێک لەو هۆیانەی کە خۆیان نوێ ناکەنەوە ئەوەیە، خۆیان تەواو، کامیل و موکەممەل، و هەمیشە نوێ دەبینن. وەکو ئەوەی بڵێن، دنیایش کاول بێ هونەرمەندی هەرەگەورە منم و کەس ناتوانێ پێشم بکەوێ. بێگومان شتێکی هەڵەیە، هونەرمەندی هەمیشە گەورە نینە. هەموو کەس لەکاتی خۆیدا گەورەیە. هونەرمەندی هەرەگەورەیش ئەگەر گەورەیی هونەرەکەی هەمیشە نەپارێزێ، دەیدۆڕێنێ. لەڕۆژی ئەمڕۆیشماندا دۆڕاندن زۆر ئاسانە. هەندێکیش هەن دەردیان گرانترە. دەیانەوێ بە یەک گۆرانی بەناوبانگ ببن. لەهەموو پێگە، ڕۆژنامە، گۆڤار و تەلەفزیۆنێک چاوەڕوانن ڕێکلامیان بۆ بکەن. بۆ نموونە ئەو پێگەیەی ڕێکلامیان بۆ نەکات، لەدژی دەست دەکەن بەقسەو هات و هاوار:)) گوێ بە من نادەن، من بەهیچ نازانن، حەزم پێناکەن، بۆ ڕێکلام بۆ فلان کەس دەکەن و بۆ منی ناکەن، بۆچی من لەو کەمترم؟))

دەچنە هەر شوێنێک قسەی دژ دەکەن. ئەو کەسەیش ساڵی جاریک بەدیار دەکەوێ، یەک کلیپ دەکات و بۆ هەموو دنیای دەنێرێ. ئەوانە پێیانوایە بە یەک کلیپ دەرگایەکی بێ کۆتایی ناوبانگیان بۆ دەخرێتە سەر پشت. ئەمەیش شتێکی هەڵەیە، ناوبانگ کارێکی سەخت و ماندووبوونێکی گەورەی گەرەکە. ئەوەی کە منیش ئازار دەدات ئەو کەسانە پارەیەکی زۆریش لەو کلیپانەدا سەرف دەکەن. لە نانی ماڵەکەی خۆیان دادەبڕن و دەیدەن بەدروستکردنی کلیپ. حەیفێکی گەورەیە. ئەنجام چییە؟ دەیکەن و نایکەن ناتوانن بەناوبانگ ببن و مسرەفی ئەو کلیپەیان دەست کەوێتەوە. ئێستە بوارەکانی نێوبانگ دەرکردن تەنگن، لەم ڕۆژگارەدا ئاسان نییە مرۆڤ بە گۆرانییەک، بە ((سی دی)) یەک، بە کلیپێک یان بە جارێک دەرچوون لە تیڤی بناسرێت.

دە با ئیتر کەس لەبری ستڕانی نوێ ئامۆژگاری ئێمە نەکات و بە منداڵمان

دلبخوین دارا

ئەتەکێت

کاریگەرییەکانی یەکەم بینین

یەکەم بینین:

کاریگەری یەکەم بینین بەردەوام دەبێت. ئەمە گوتەیەکە و رەنگە چەندینجار بیستبێتان و لە واقیعدا راستە. بەتایبەت لەکاتی وەرگرتنی ئەرکێکی نوێ دا. یەکەم بینینی خاوەنکار یان بەرپرس کاری مەبەست، یاخود قبوولکردن و وەرگیرانت لەکار دیاریدەکات کە بێگومان بەلاتەوە زۆر گرنگە. بۆیە پێویستە ئامادەکاری پێویستی بۆ بکەیت.

*چۆن وا دەکەیت یەکەم بینین، بەردەوامی بەخۆوە ببینێ؟

زۆر بیری لێ مەکەرەوە.. تەنیا یەک دەرگایە کە دەکرێت لێی بدەیت، ئەویش ((ئەتەکێت)) ی رووبەڕووبوونەوەی خەڵکە. ئەتەکێت، ئەو دەرگای دەرچوونەیە کە لەهەڵوێستە تەنگاوکەرەکان یان ئەو هەڵوێستانەی کەمێک لەرووخۆشی و نەرمونیانییان دەوێ، رزگارت دەکات. بۆیە، دەبێت لە یەکەمین بینیندا لەڕووی رواڵەتەوە ئەم خاڵانە رەچاو بکەین.

- پێڵاوی پاک.
- جوان پۆشینی جلووبەرگ.
- نینۆکی پاک وخاوێن.
- قژی بریقەدار.
- خۆنەڕازاندنەوە لەجلووبەرگدا (نەپۆشینی خشڵ بۆ کچان و ژنان)
- پێدوایستییەکانی کار لە فایلەکەتدا هەڵگیراو بێت.
- ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی ئەو شوێنانەی کە چاوپێکەوتنی لێ ئەنجام دەدرێت، بزانە.
- لەکاتی دیاریکراودا بگە شوێنی مەبەست (باشترە پێش ژوانەکەش بێت).
- باشترە، ناوی ئەو کەسانە بزانیت کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دەدەیت.
- بۆ تۆمارکردنی هەر سەرنجێکی گرنگ پێویستە کاغەز و پێنووست پێ بێت.
- تەنیا جانتاکەت و پێویستییە گرنگەکانت هەڵبگرە، با شتی زیاترت پێ نەبێت.

* یەکەمین بینین لەگەڵ پێنج شتی دیکەدا بەردەوام دەبێت، لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ لێپرسراواندا:

- زەردەخەنە.
- لەکاتی قسەکردندا سەیری چاوی بەرامبەرەکەت بکە.
- تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ بکە.
- سڵاوکردن بەپرسیاری))چۆنی)) یان)) کاک.. چۆنی- یان .....خان چۆنی ...)).
- لەگەڵ هەناسەداندا، بەهێواشی و ئاشکرا ناوەکەت دەهێنی.

پەیڕەوکردنی ئەم ڕێسا جەهەنەمیانە، دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکانت بەباشی بەڕێوە بچن و کاریگەرییەکی باشیش لەسەر خاوەنکار دابنێیت.

کنێر عەبدوڵڵا
Kner_abdullah@yahoo.com

www.metevve.com

میهرەبان:

هاوڕێکانم خۆشەویستترین کەسمن

کاری ئێستات و پێناسەیەکی کورتی کارەکەت؟

بێژەرم، لەرادیۆی زین، پێشکەشکاری هەواڵەکان و چەند بەرنامەیەکی، سیاسی، کۆمەڵایەتیم.

چۆن بوو کاری بێژەریت هەڵبژارد:

کارکردن لە راگەیاندن، ئارەزوویەکی لەمێژینەم بوو. لەرێگەی هاوڕێیەکمەوە هاتمە رادیۆی زین و ماوەی سااڵێکە لێرە کار دەکەم.

نزیکترین یان خۆشەویستترین کەست!

نزیکترین کەسم دایکمە. دواتر ئەندامانی خێزانەکەم و هاوڕێکانم بەگشتی لام خۆشەویستن.

پڕۆفایل

ناو: میهرەبان ئەحمەد ئیسماعیل

رەگەزنامە: کوردستانی

باری خێزانی: سەڵت

ئاستی خوێندەواری: قوتابی پەیمانگە، بەشی گەشتوگوزار

شوێنی نیشتەجێبوون: هەولێر

خۆشترین ١٠ گۆرانی بە ڕای تۆ:

١-زەکەریا: بگەڕێوە
٢-ئەژدەر وەهبی: تۆ بۆچی دەنگت نییە
٣-هەردی سەاڵح: تۆبە
٤-ئومێد باڵەبان: هەی ناز
٥-گۆران سااڵح: دەردی دڵ
٦-کاروان کامل: تو بتنێ
٧-جورج یوسوف: لیل عاشقین
٨-ودیع موراد: قمر زمان
٩-ئیبراهیم تاتلیساس: ئاشک سن
١٠-ئاینور: کچا کوردا

www.nrtewe.com

ئەستێرەکان

کاوڕ

٤-٢٠-٣/٢١

ئەمڕۆ هەست بەچالاکی و جوولّەیەکی زۆر دەکەیت. ئەرکێکی زۆرت لە سەرشانە کە پێویستیان بەوەیە لەکاتی خۆیاندا ئەنجامیان بدەیت، خۆشەویستەکەت زۆر زیاتر هۆگر و پەیوەست دەبێ بەخۆشەویستییەکەتانەوە.

گا

٥-٢٠-٤/٢١

پاش ئەو گوشارە زۆرەی کە لەچەند رۆژی رابردوودا لەسەرت بووە، هەولّبدە ئەمڕۆ بکەیتە پشوو. پرسیاری زۆری خۆشەویستەکەت لەبارەی پەیوەندییەکانی رابردووت بێزارت دەکات. هەولّبدە ئارام بگریت.

دوانە

٦/٢١-٥/٢١

ئەو کارانە پشتگوێ مەخە کە بەڕێوەبەرانی کارەکەت دەیخەنە سەر شانت. هەولّبدە لەکاتی خۆیاندا بەجێیان بگەیەنیت و بەو کاتانەوە پابەند بیت کە بۆت دیاری کردوون. بەهۆی پەیوەندییە خۆشەویستییەکەتەوە خێزانەکەت پشتگوێ مەخە، ئەوانیش شایەنی بایەخپێدانێکی زیاترن.

شێر

٨/٢٢-٧/٢٣

رۆژێکی هێمن و ئاسایی بەڕێدەکەیتو هیچ رووداوێکی ئەوتۆ لەشوێنی کارکردنت رووندادات. هەولّبدە ژوانێکی رۆمانسی لەگەلّ خۆشەویستەکەت دروست بکەیت و کاتێکی خۆش پێکەوە بەسەر بەرن.

گوللەگەنم

٩/٢٢-٨/٢٣

چەند هەواڵێک دەبیستیت کە نابنە جێی خۆشحاڵیت. هەولّبدە دان بەخۆتدا بگریت و ئارام بیت. رەنگە لەئێوارەی ئەمڕۆدا هەندێک لەو کێشانە روو لەچارەسەربوون بکەن. دواجار ناچار دەبیت راستگۆیانە هەست و سۆزت بۆ ئەو کەسە دەربڕیت کە یەک لایەنە خۆشت دەوێت.

قرژاڵ

٧/٢٢-٦/٢٢

ئەمڕۆ تووشی هەڵچوونێکی زۆر دەبیت و هەست دەکەیت، بارودۆخت گونجاو نییە بۆ ئەوەی لەشوێنی کارەکەت بمێنیتەوە. باشتر وایە پشوویەکی کورت بدەیت، هەولّبدە ژوانێک لەگەلّ خۆشەویستەکەت رێکبخەیت تا تۆزێک لەو ماندووبوونەت کەم بکەیتەوە.

دووپشک

١١/٢١-١٠/٢٣

هەست دەکەیت هەموو دەوروبەرەکەت گوشارت دەخەنەسەرو هەریەکەیان، داوای جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی خۆی دەکات. هەولّبدە خۆت لەهەڵچوون بەدوورببگریت، رەنگە ئەوانیش وەک تۆ گوشاریان لەسەر بێت. هەولّبدە ماوەیەک خۆت لەخۆشەویستەکەت بەدوور بگریت، تاباشتر هەست بەخۆشەویستیت بکات.

تەرازوو

١٠/٢٣-٩/٢٣

هیچ ئەرکێکی نوێت ناکەوێتە سەرشان. باشتر وایە بیقۆزیتەوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەرکە کەلّەکەبووەکانی سەرشانت. ئەو گۆڕانکارییانەی لەپەیوەندییە خۆشەویستییەکەتدا روودەدات نابێتە مایەی خۆشحاڵیت. هەولّبدە بەگفتوگۆ، بیرو ڕا چەوتەکانی خۆشەویستەکەت راست بکەیتەوە.

سەتڵ

٢/١٨-١/٢٠

بەڕێزێکی زیاترەوە لەگەڵ هاوڕێکانت لەکارەکەت مامەڵە بکەو هاوکارێکی باشتر بە لەگەڵیاندا، بۆ زوو بەجێهێنانی ئەرکەکانیان. بڕیار دەدەیت کە ئەمڕۆ هەست و سۆزت بەئاشکرا بۆ ئەو کەسە دەربڕیت کە خۆشت دەوێت، ئەمە ڕێگەیەکی ڕاستە.

گیسک

١/١٩-١٢/٢٢

ئەمڕۆ هەست دەکەیت کە بەجۆرێک لەجۆرەکان خەیاڵت ڕۆیشتووەو ڕاماویت لەوەی، چ ڕێگەیەک بگریتە بەر بۆ کارکردن تا بەزووترین کات بەسوودێکی زۆر بگەیت. هەولّبدە خۆت لەهەموو گفتوگۆیەکی تووند لەگەلّ خۆشەویستەکەت بەدوور بگریت.

کەوان

١٢-٢١-١١/٢٢

لەهەموو ڕۆژانی رابردوو زیاتر ڕووبەڕووی هەڵوێستی سەخت دەبیتەوە. چەندین کێشە لەشوێنی کارەکەت هەیەو هەمووشیان پێویستیان بەبڕیاری یەکلاکەرەوەو خێرای تۆیە. کتوپڕ بڕیار لەپچڕانی پەیوەندییە خۆشەویستییەکەت مەدە، هەولّبدە دەرفەتێک بۆ گفتوگۆ بهێڵیتەوە.

نەهەنگ

نەهەنگ ١٩-٢/٢٠-٣/٢٠

ناچار دەبیت بەشێک لەو بڕیارە گرنگانە بگۆڕیت کە پێشتر لەبواری کارەکەتدا داوتن. دووڵ مەبەو بەئازایەتییەکی زیاترەوە ڕوو لەو بڕیارانە بکە، لەئێستادا پێویستت بەوەیە. هەرچەندە تامەزرۆی بینینی خۆشەویستەکەتی، بەڵام باشتر وایە ئەمڕۆ هەولّی بینینی نەدەیت تا خۆت لەکێشەی لابەلا بەدوور بگریت.

www.netwe.com

ژن و شانۆ

ئەحمەد سالار

لەسەرەتای سەرهەڵدانی هونەری شانۆوە، تا هەنووکە ژن، جەمسەرە سەرەکییەکەی ئەدەب و هونەرەکەی شانۆ بووە. چۆن شیکسپیر واتەنی))ژیان شانۆیە هەر یەکەمان رۆڵێکمان تیادا پێ سپێردراوە)). کە واتە هەر هەموومان لەخۆ دەگرێ، بەڵام بۆ پتر جەخت لەسەرکردنی هەبوونی هەموومان و زیاتر پەیوەست بوون بەژیانەوە هەمیشە، هەر لە رۆژانی شاگردیمەوە لەبواری شانۆدا و تائێستا و لەداهاتووی دوور و نزیکیشدا هەر دەیڵێمەوە: (شانۆ ژیانە)و بۆ هاوتابوونەوەو نەهێشتنی ناتەبایی و نادادی و نەنگی و ناتەواوییەکان هاتۆتە ئاراوە. بۆیە نەک هەر هەبوونی خانمان لەشانۆدا، چ وەک، دایک و کچ و دەستگیران و هاوسەر و...هتد، بەڵکو وەک بابەت و کەرەستە سەرەکییەکانیش بوونەتە گەوهەری کێشمەکێش و ململانێ سەختەکان، چ لەرۆژانێکدا هێزە (میتافیزیک) ییەکان چارەنووسەکانیان دەستنیشان دەکرد و چ سەردەمانی دیکەش.

من دەڵێم بەر لەتووخم و کارەکتەرە نێرینەکان، مێینەکان دەبوونە مایەی بینینەوەو هەڵبژاردنی ئاکامەکان، ئەوە لەشانۆی دێرینی یۆنانییەکاندا کە بۆ دووهەزار و پێنج سەد ساڵێک دەگەڕێتەوە دەیان نموونەی وەک (کلیمنیسترا، ئەفگینیا، ئەلێکترا، جۆکاستاو)

بەروونی و ئاشکرا دەبینرێ کە چۆن لەپێناو راستی و راستگۆییداو لەبەر نەفسبەرزی و سەربلاّیی، بەبێ سڵ، ئاستی دڵەراوکێ و خۆلێلادان و هەڵاتن بەجێدەهێڵن و ئازایانە بەرەنگاری چارەنووسە تراژیدییەکان دەبنەوەو لەناخەوە هەست بەئارامی و دڵنیایی و پاکژبوونەوە دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە چاک دەزانن گەردنشکاندن و کۆتایی پێهێنانی ژیانی پێوەیە، ناگەڕێنەوە. دەبێ ئامادە بەوەش بکرێت کە زۆر راستگۆیانەی ریالیزمانە هەست و نەستی تەواو کێژانە یان خانمانە لەناخیانەوە سەرهەڵدەدات. لێرەدا تەنیا بۆ نموونە کەسایەتی (ئەفگینیا) لەشانۆی (ئەفگینیا لە ئۆلیس)ی (یۆرپیدس) دەهێنمەوە کە بۆ یەکەمجار ساڵی (٤٠٥ پ.ز) لەشاری (ئەسینا) پێشکەش کراوە. بابەتی شانۆییەکە باسی (جەنگی تەروادە) دەکات کە بەهۆی هەڵگرتنی (هێلینی) یۆنانییەوە لەلایەن (پارس)ی تەروادییەوە ئەو جەنگە بەرپا دەبێت و بەسەرکردایەتی (ئاگا مەمنوون پاشا) لەشکر سازدەکرێ بۆ رووبەڕووبونەوە، بەڵام لەلایەن (ئارتیمس)ی خواوەندی (با) و جەنگلّستانەوە (با) هەڵناکات و هەتا کەشتیە چارۆکەدارەکان دەریا نەبڕن، بۆیە مەرجیان بۆ دادەنێ بۆ (با)هەڵکردن، ئەویش بەوەی (ئەفگینیا)ی کچە نازدارەکەی (ئاگا مەمنوون پاشا) بکرێتە قوربانی ئەوسا (با) هەڵدەکات.

بەڵام (ئەفگینیا) ئازایانە دێتە دەست و رووبەڕووی چارەنووسەکەی دەبێتەوەو هەبوونی خۆی وەلا دەنێ و دەڵێت:))ئەگەر داوای خۆبەختکردنم لێ بکرێت و نەیکەم هەرگیز ئەوە من نیم. من گیانم قوربانی گەل و وڵاتەکەم دەکەم. گیانم خەڵاتی (ئاراگۆس) دەکەم. با من بمرم و (تەروادە) لەناوبچێ. لە مەرگی خۆمدا ئازادی و سەرکەوتن لەدایکدەبێت. ئەو دەمە گشت خەڵکی (ئەرجیف) دەبنە رۆڵەی من و منیش هەتاهەتایە بەنەمری ئەمێنمەوە....))

یەکێ لەنموونە هەرەدێرینەکان شانۆی (کیژانی نزاکار)ی (ئەسکیلۆسە)ە کە باسی کێشەی ئەو کیژانە دەکات کە ئامۆزاکانیان دەیانەوێ بەزۆر لێیان مارە بکرێن و ببنە هاوسەریان. کیژان، ئەو کارە بەزاڵبوونی ئیرادەی ئامۆزاکانیان بەسەریاندا دادەنێن، بۆیە دژ دەوەستن و ناچار لەپێناو پاراستنی خواست و کەرامەتیاندا لەوڵاتی (میسر)ەوە رووەکەنە (یۆنان) و ئاکام ئاواتەکەیان بەهۆی رازیبوونی (پەرلەمان)ەوە دێتە دی.

دەبێ ئەوەش بڵێین هەر بۆ سەلماندنی گوتەکەمان سەبارەت بە بایەخبەرزی خانمان لەشانۆدا، سەدان شانۆی کۆن و نوێ بەناوی خانمە قارەمانەکانەوە ناودێر کراوە.

شکسپیر لە خ

فیلمی شکسپیر لەخۆشەویستیدا فیلمێکی رۆمانسی ساڵی ١٩٩٨ـەو لەباشترین فیلم و دەرهێناندا خاوەنی ٧ خەڵاتی ئۆسکارە. ئەو فیلمە باس لەچیرۆکی ژیانی نووسەری بەناوبانگ (شکسپیر) دەکات کە لەسەدەی شازدەهەم لەتافی لاویدا عاشقی کچێکی جوان و نموونەیی دەبێت و زۆربەی کارەکانی بۆ ئەو خانمە تەرخان دەکات.

ئەو فیلمە کە زۆرترین بینەری هەبوو و بلیتەکانی بەبڕی ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەفرۆشران و لەساڵی،١٩٩٨ خەڵاتی باشترین فیلمی بەدەستهێناوە. فیلمەکە لەنواندنی هەریەک لە جۆنیس پالترو و جودی دینتش بوو کە جۆنیس پالرو، بەباشترین ئەکتەری ساڵی ١٩٩٨ هەڵبژێردرا .لەو فیلمەدا شکسپیر، گەنجێکی هەژارەو باوکی ئەو کچەی کە شکسپیر عاشقی بوو، یەکێک لەدەوڵەمەندەکانی ئەوکاتە بووە.

فیلمەکە بەوەدەست پێدەکات کاتێک کە فیلیپ هێنسڵوی خاوەنی هۆڵی شانۆ، قەرزێکی زۆری شارک هۆگ فێنیمانی لەسەر دەبێت، داوا لە شارک، دەکات لەبری وەرگرتنەوەی قەرزەکەی لەسامانی نمایشکردنی شانۆگەری کۆمیدی (رۆمیو و جولێت— کچی چەتەی دەریا) کە لەنووسینی شکسپیرە، شەریکی بێت. لەو فیلمەدا کە شکسپیر و جۆنیس پالرو، ئەکتەری سەرەکی ئەو فیلمەن. پاش ئەوەی شکسپیر عاشقی ئەم خانمە دەبێت، تێکستە شانۆییەکانی دەسووتێنێت و شانۆگەرییەکە، سەرلەنوێ لەسەرەتاوە دەنووسێتەوە. بەڵام ئەمجارە گۆڕان بەسەر تێکستی شانۆکەی دەهێنێت و لەتێکستێکی کۆمیدییەوە دەیکاتە تێکستێکی رۆمانسی بەناوی رۆمیۆ و جولێت. لەکاتێکدا لەو سەردەمەدا پیاوان بەجلووبەرگی ژنانە لەسەر شانۆ رۆڵی ژنانیان دەگێڕا، بەڵام لەشانۆگەرییەکەی شکسپیردا جۆنیس پالرو کە خۆشەویستی شکسپیرەو هاوکات رۆڵی جولێت دەگێڕێت دێتە سەر تەختی شانۆ و ئەمەش بۆ یەکەمجارە لەمێژووی ئەو وڵاتە ژنێک لەسەر شانۆ رۆڵ بگێڕێت.

لەگەڵ نمایشکردنی شانۆکە خەڵک سەرسامی ئەو شانۆیە دەبن و لەوکاتەدا کە شاژنی بەریتانیا لەهۆڵی شانۆکە ئامادەبوو، رق و قینەی هەڵدەستێت و بڕیاری داخستنی هۆڵەکە دەدات. ئەوکات بەبڕیاری شاژنی بەریتانیا شکسپیرو خۆشەویستەکەی لەیەکتری دوور دەخرێنەوە. لەو فیلمەدا ئەوە دەخرێتەڕوو کە شکسپیر، توانی مێژووی شانۆ لەبەریتانیا لەسەدەی ١٦ بگۆڕێت و بەرووداوێکی خۆشەویستی، خەڵک سەرسامی شانۆ بکات. هاوکات توانی بۆ یەکەمینجار لەمێژووی بەریتانیادا ژنێک بهێنێتە سەرتەختی شانۆ و شانۆ لەبەرگی پیاوانە رزگار بکات، تا ژنیش بتوانێت گوزراشت لەرووداوەکاندا بکات.

www.ineiwe.com

ڤۆشەویستیدا



دەرهێنان: جۆن مادێن.
نووسین: ماک نۆرمان و تۆم ستوپارد.
نواندن: جۆزیف فێنیس، جۆنیس پالرو.
وێنەگرتن: UNIVERSAL PICTURES.

www.netewe.com

ئەو بەڕێوەبەرەی لەڕۆژی پشوودا قسە ناکات!؟

لە سوید پۆلیسی ئەو وڵاتـە هەوڵدەدات لەماوەی دوو دەقیقەدا بگاتە لای ئەو ژنانەی کە هەڕەشەیان لێ دەکرێت و بە تەلەفۆن داوای یارمەتی لەپۆلیس دەکەن. بەڵام ئێستا خەریکی دانانی سیستەمێکن لەماوەی کەمتر لە دوو خولەکدا فریای ئەو ژنانە بکەون کە ژیانیان لەمەترسیدایە. حکوومەتی سویدی ئـەگـەر لافـی جێگیری دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤیش لێ بدات مافی خۆیەتی، چونکە تۆکمەترین پلانی بۆ پەیڕەو کردنی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤ داڕشتووەو بـەوپـەڕی تـوانـاوە کـار بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکـات. تکایە مەڵێن، حکوومەتی هەرێم بەحکوومەتی سوید بەراورد دەکات، چونکە لەکوردستانیش سەرمایەی مادی و مرۆیی تەواو لەبەردەستەو دابین کراوە، بەڵام هیچ بەرهەمێکیان نییەو وەڵامی ئەو بێ بەرهەمییەش لەلای حکوومەتە. چونکە لە کوردستان، دوای تەرخانکردنی ئەو ڕێژە زۆرەی بودجەو کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی و چـەنـد بـەڕێـوەبـەرایـەتـی تری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەژنان، لەماوەی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە٦ ژن لەشاروشارۆچکەکانی کوردستان، کوژراون و کە سیانیان لەناوشاری هەولێر و دەور و بەرن. بەڵام نە لیژنەی داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان لەپەرلەمان و نە بەڕێوەبەری گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئاگای لەو ڕێژەیە نییە! لەماوەی دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردندا تا ئەمڕۆ، ٦ ئافرەت خۆیان کوشتووەو کوژراون. لیمۆ حەسەن، لەگوندی دێرێی سەر بەقەزای قەڵادزێ، کچێک بەناوی لەیلا ئیبراهیم لە قەڵادزێ، لەیلا جەبار لەگوندی سێبەردانی سەر بەپارێزگای هەولێر. لەماوەی هەفتەی ڕابـردوودا سێ حاڵەتی کوشتن لەشاری هەولێر، هەیە، کە جـوان قـادر لەناحیەی کەسنەزان، بۆکان لەکۆمەڵگەی بنەسڵاوە، ڕوپاک حەمید لە گەڕەکی ٩٤ و تائیستاش بکوژانیان وەک بەرزی بانان ئازادانە دەگەڕێن و دەستگیر نەکراون. بێگومان ئـەوە جێی هەڵوەستە لـەسـەرکـردنـە، ئایا بـەرنـامـەو پلانەکانی حکوومەت گونجاو نین، یاخود کەسانی خودی ئەو دەزگایانە کەسانێکی پڕۆفیشناڵ و خەمخۆری جیدی پرسی ژن نین. بۆچی هەموو ئەو ریکلامەی کە حکوومەت بۆ کارکردن لەسەر ئازادی ژن و کەمکردنەوەی توندوتیژی دەیکات، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ٦ ژن، دەکوژرێت و خۆی دەکوژێت، لەگەڵ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، لەراپۆرتی ساڵانەی خۆیدا ئاماژە بەکەمبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی دەکات. کـارکـردن بۆ چـارەسـەری کێشەکانی ژن، کەسانی شارەزاو ماندوونەناسی دەوێت. بەڵام لەکاتی بەدواداچوون لەسەر ئەو ٦ حاڵەتەی کوشتن لەماوەیەکی کەمدا، بەڕێوەبەری گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، کورتە عومەر ((لەبەرئەوەی پشووەو کاتی نیوەڕۆیە. هەروەها پێویستە بۆ زانیاری پەیوەندی بەبەڕێوەبەرایەتییەکانەوە بکات)) ئامادەنەبوو لێدوان بدات، لەگەڵ ئەوەی پۆست و کارەکەی کوردەخان، پێویستی بەکارکردنی ٢٤ سەعاتەیەو بەدواداچوونی بەردەوام هەیە. ئایا ئەگەر لەڕۆژی هەینی یان ڕۆژێکی پشووی تـردا، ژنێک کـوژرا بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی کاری لەسە رناکەن؟ ئەگەر وابێت مانگی ٣ مانگی قڕکردنی ژنان دەبێت، چونکە زۆربەی ڕۆژەکانی ئەو مانگە پشووە. هەموو ئەو هەڵوێستانەی لەکەسانی بـەرپـرس و پـەیـوەنـدیـدار بەپرسی ژن، دەبینرێن جێی داخن و ئەوە پیشاندەدەن کە لەکوردستاندا هەرەزۆری کارەکان ڕۆتینین و ئەو کەسانەش کە لەپۆستەکان دادەنرێن، بەمەبەستی کار پەیداکردن و ڕازیکردنی کەسانێکە تاکو، نەچنە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بەرامبەر. پێویستە حکوومەت چاوێک بەکارو بڕیارەکانیدا بخشێنێتەوەو چیتر کێشەکانی ژنان، قوربانی ململانێی سیاسی و بەرژوەندییە حزبییەکان نەکات.